# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود - باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# کارل مارکس

**بەرگی پێنجەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێك نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 53 )

# کارل مارکس

د. سەلامە موستەفا فەوال
و. مەحمود عەبدوسەمەد

## کارل مارکس 1818-1892

بە دیدی کارل مارکس، پێویستە لەسەر زانستی کۆمەڵایەتی، کە مۆرکی مرۆڤایەتی کۆمەڵگە بچەسپێت بەو پێیەی کە ئەو زانستە، ئەڵقەی پەیوەندی نێوان زانستە جیاجیاکانە، چی سروشتی بێت، یان وانەبێت، کە راستەوخۆ بە لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤ خەریک بێت.

کەلەپوری مارکس، بە تەنگەوەبوونی خۆی بەم راستیە رووندەکاتەوە، ئیدی دەستپێک لە خەریکبوونی بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی مێژوویی، وەک بەڵگە لەسەر گرنگی لێکۆڵینە مێژووییەکان، وەک دەروازەیەک بۆ زانستی و کۆمەڵایەتی، تێپەڕکردن بە چەق بەستنی لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و راڤەکردنیان، شانبەشانی روونکردنەوەی میکانیزمی گۆڕانکاری و بەدەمەوەچوونی گۆڕان و پێشکەوتنی سیستمی خێزانداریی، تا ئەگەینە لێکۆڵینەوەی قووڵ لەبارەی چینە کۆمەڵایەتییەکان و بونیاتنانی کۆمەڵایەتی، بە هەردوو چەشنەکەیەوە(باڵاوژێرەوە)و بەو شێوەیەی کە لەمەودوا روونی دەکەینەوە.

مارکس لە لێکۆلینەوەکانیدا پێی لەسەر(رێڕەوی مێژوویی بەراوردکاری) داگرتووە سەرباری رێڕەوی سەرژمێر، ئەوەش وەک جەختکردن لەسەر بانگەشە نەبڕواوەکەی، بۆ پێویستی بەتەنگەوە بوونی مێژوو و فەلسەفەی مێژوو وەک کۆششێک لەپێناو دووبارە نووسینەوەی مێژوودا، لە دیدی

کۆمەڵایەتیەوە لەلایەک و بۆ پێدانی تەکانێکی بەهێز بە زانستی کۆمەڵایەتی، کە تەواوکارییەکی مەنهەجی و تیوری وابێت، بتوانێت نیشانەکانی خۆی بە شێوەیەکی روونتر دەربخات، تا لە کۆتاییدا پشتوانی پشنگیری تواناکەی بکات بۆ گەیشتن بەو گشنگیری و یاسا سروشتییانەی کە داخوازییان دەکات.

بەهەرحاڵ بەشداریکردنە سۆسیۆلۆجییەکانی مارکس، لە ئامێزی ئەو تیوریەیدا، بێیان دەبێنەوە کە چەق لەسەر دوو راستی بنەڕەتی دەبەستێ. بەرجەستەبوونی یەکەمیان لەو راستیەوە کە ئەمڕۆ بە نکوڵ نەکردنی ئابوری دەناسرێت و دەکێشێنە سەر ئەوەی کە هەر کاریگەری ئابوریە بە سیفەتێکی بنەڕەتی و راستەوخۆیی بنیاتانی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی دیاریدەکات، مارکس وای بۆچووە، هەر ئەو کاریگەری ئابوریەیە، رێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانیش دیاریدەکات، بەڵام راستیی دووەمی تێوری سۆسیۆلۆجی مارکس لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بەو میکانیزمانەی گۆڕان دەناسرێن کە بەپێی مارکس، پێویستە بگونجێن لەگەڵ ئەم سێ قۆناغە ئەزەلیەدا:

(ا) چەسپاندنAffirmation یان بابەت Thesis

(ب) نەری(نفی) Negation یان پێچەوانەی بابەت Antithesis

(ج) ئاشتەوایی دژەکان یان تێکەڵەی بابەت Synthests.

لە ئەنجامی شیکارکردنەوەی کۆمەڵگەی رۆژاوایی سەردەمدا، تیوری مارکس بڕیاری ئەوە ئەدات کە کۆمەڵگا بەشێوەی گشتی لە دوو چینی سەرەکی پێکدێت، کە زۆرانی نێوانیان نکوڵی هەڵناگرێت و هەر ئەبێت رووبدات، چونکە بە بۆچوونی مارکس زۆرانی چینایەتی، تاقە هۆکارێکە کە بتوانێت کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بگوێزێنەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. چینی یەکەم نوێنەری سیستمی بەرهەمهێنانی دواهاتووە و چینی دووەمیش

نوێنەری سیستمی بەرهەمهێنانی نوێ باوە و مارکس(دان بەوەدا دەگرێت کە لە کۆتاییدا سەرکەوتن، هەر بۆ ئەو چینەیە کە نوێنەری ئەو سیستمە نوێیە، کە زۆر ناخایەنێت، ئەویش ئەبێت تەوژێمێکی دوابڕاو بەهۆی ئەو هۆکارانەی نغرۆبوون و لەناوچوونەوە، کە لە توێکانی خۆیدا هەڵیان دەگرێت، دواییش زۆری پێناچێت، سیستمێکی نوێ باوتر سەرهەڵئەداو بە سەریدا سەردەکەوێ و شوێنی دەگرێتەوە لە چوارچێوەی ئەو مشتومڕەدا کە تیوری سۆسیۆلۆجی مارکس و قوتابییەکانی جیادەکرێنەوە، ڕووندەبێتەوە، کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان لە شۆڕشی پیشەسازیی کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی سەردەمدا، لەرێی دوو چینی سەرەکییەوە سەرهەڵئەدا: کە یەکەمیان چینێکی بۆرژوایە کە خاوەنی هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، دووەمیشیان چینی کرێکارە (پرولیتاریا) کە بێجگە لە ڕەنج و عارەق هیچیتری نییە و زۆرانی نێوان ئەو دوو چینە نکوڵ نەناسە و بەپێی بۆچوونی مارکس، هەر ئەبێت بە سەرکەوتنی چینی پرولیتاریا و سەرفرازی رژێمی سوشیالیستی کۆتایی بێت کە بە مڵکایەتی گشتی هۆکانی بەرهەمهێنان دەناسرێت، لە سێبەری کۆمەڵگەیەکی بەبێ دەوڵەت و بەبێ چینایەتی بەدەردەکەوێت، لە سێبەری کۆمەڵێک دروشمی ئاشتی و ئازادی و بەختیاری و کارکردنی بێ خۆپەرستی و بێ تاکەکەسی و بێ چەوساندنەوە.

## تیوری نامۆبوون

مارکس بە هاریکاری لەگەڵ ئەنگلسدا تیورییەکیان لەبارەی (دوور وڵاتی) پێشکەشکرد و کورتەی ئەوەی کە ئەم تیورییە جەختی لەسەر دەکات ئەوەیە کە مرۆڤ لە ژینگەی سروشتی خۆی جیادەبێتەوە، کە خۆی پارچەیەکە لەو ژینگەیە و ئیدی پەیوەندی خۆشەویستی ڕاستەوخۆی

لەگەڵیدا نامێنێت، واتا وێڕای گۆڕانی کۆمەڵ گە لەسەرەتاییەوە بۆ قۆناغی نیشنەجێوونێکی پێشکەوتووتر بەوەی کە کۆمەڵگە باشتر کۆنترۆڵی سروشتی کردووە، بەو هۆیانەی تەکنۆلۆجی کە دایدەهێنان و چی دیکەشی لێدەکەوتەوە لە گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی، لەگەڵ هەموو ئەوەشدا مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیە بە درێژایی هێڵەکە، هەر هەست بە بەختیاری ناکات، چونکە ئەو شوێنەوارانەی کە لە گۆڕانەوە پەیدا ئەبن پێویست نییە هەموویان شوێنەوارێکی چاک بن، بەهۆی هەماهەنگی بڕێ شەڕو خراپەوە، کە رووئەدەن و لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتیدا زیادیش ئەکەن، ئەوەی دیارترین هەستی هەناسە لای مارکس ساردییە لای مارکس هەستکردنیەتی بە نامۆیی، یان نامۆبوون، گرنگ ئەوەیەکە مارکس و ئەنگلسوێنای لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵگەی بۆرژوایان بە لوتکەی نامۆبوون کردووە.

## گرنگترین بەشدارییە سۆسیۆلوجییەکانی مارکس

1. مارکس شیکارو لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، پێ لەسەر بارو هۆکاری ماددی (ماتریال)ی دادەگرێت و لە پشتبەستن بەهێزی غەیبی و روخانی و میتالی، خۆی بە دوور دەگرێت، لەبەر ئەوە دائەنرێت کە رێگای خۆشکردووە بۆ ناسینی دیادە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەک کە بشێت ملکەچ بکرێن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانە.

2. جەختی مارکس لەسەر پێویستی راڤەکردنی پرۆسە مێژووییە جیاوازەکان، بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە پیادەکانی نێوان گرووپەکان، لە باتی چەقبەستن لەسەر بیرۆکە بایۆلۆجیە تایبەتەکانی بە گۆڕان، گرنگی پشتبەستن بە کاریگەرە سۆسیۆلۆجییەکان، بۆ راڤەکردنی پرۆسە مێژووییەکان دەوڵەمەند کرد.

3. هەندێک لە زانایانی کۆمەڵایەتی، پێیانوایە کە مارکس لەپێش (بارسۆنز)دا دەستی بردووە بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ بە «تیوری هەڵبژاردنی کاری کۆمەڵایەتی» دەناسرێت، لە کاتێکدا کە بڕیاری بڕیوەتەوە لەسەر ئەوەی کە شۆڕش لە خۆیەوە پەیدا نابێت، بەڵکو تەنها کاتێک ئەبیت کە خەڵک تەکان بدەن بۆ پیادەکردنی.

مارکس لەپێناو چەسپاندنی تیوریەکەیدا، سەبارەت بە «کاری کۆمەڵایەتی» یان «کاری شۆڕشگێڕیی» نموونەیەکی یەکجار سادەی بەکارهێنا، کە ئەشێت بە « رێڕەوی میکانیزمی ژییرانە: ناوزدەی بکەین، لەو رووەوەکە مارکس گریمانەی ئەوەی داناوە، کە هەموو کەسێک ئامانجی تایبەتییان هەیە و کۆشش دەکەن بۆ بەدیهێنانیان و هەموو هەلێک دەقۆزنەوە بۆ بەدواداچوونیان.

وا دیارە کە مارکس چەمکی خۆی لەبارەی «کاری کۆمەڵایەتیەوە» لەو پرەنسیپە ئابورییە کلاسیکیانەوە داتاشیوە، کە زۆربەیان دەخولێنەوە بە دەوری «مەبەست پاساوی هۆکار دەکات» و لە پاشدا هەوڵیداوە، کە ئەم شێوازە شیکارکردنە بگوێزێتەوە لەبوارە ئابوورییەکانەوە بۆ ریزبەندی کۆمەڵایەتی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە مارکس پێیوایە تاکەکان هەردەم لە جووڵەدان بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی میکانیزمیی و هەرچەند نکوڵیشی لەوە نەکردووە، کە ئەم تاکانە خواستی سۆزو بەهای دیاریکراویشیان هەیە، بەڵام هەرواى بۆ ئەچێت کە راستای گوزارش لە سۆزی نیازە کۆمەڵایەتییەکان، مەحکومە بە کاری پراکتیزی لەلایەن هەندێک لەو تاکانەوە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەستیاری کۆمەڵایەتیی، بەهاکانی دیکەش بە رۆڵی خۆیان لە زۆرکاتدا گوزارشت لەو چینە دەکەن، کە بە باڵادەشتی خۆی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکات.

مارکس ئەگەری ئەوەش دادەنێت، کە کۆششی تاکەکان کە پێویستی تەواوی بە بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ئەویش پێویستی لێدەکەوێتەوە بۆ مـۆدەی تەکنۆلۆژی و شتی دیکەش لە شێوازە پێکدا ئاڵاوەکانی ئەو پەیوەندییانەی کە مارکس بە (هێزەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنان) ناوی بردون. هەر لەرێی ئەم هێزانەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوەیە، کە بە بۆچوونی مارکس رەفتاری تاکەکات راڤە دەکرێت، لە هەموو هەڵوێستێکدا رووبەڕووی دەبنەوە، هەروەها بەبری بەشداریکردنی ئەو تاکانەش لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا، کە پێویستیان بە چارەسەرکردنە.

هەرچۆنێک بێت مارکس لەرێی ئەم بیرۆکە سادەیە میکانیزمی ژیرانە توانیویەتی نیشانەکانی هەموو پارچەکانی ریزبەندی کۆمەڵایەتی رەچاو بکات، بەو پێیەی کە ئەم نیشانانە ئەنجامێکی سروشتی کارلێککردنن، لەنێوان هەندێک یان هەموو پارچەکانی ریزبەندییەکاندا لەگەڵ یەکترد. ئەمە و دیارترین نیشانەکانی نموونەی کاری کۆمەڵایەتی لای مارکس، جەختکردنەوەیەتی لەسەر بنیاتنانی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و جۆشخواردنە لۆجیکیە ئاڵوگۆرەکانی هەڵویستە پەیوەندارەکان، هەروەها مارکس وای بۆ چووە، کە کارلێککردن بە تایبەتی لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا، پێویستە چەند شێوازێکی شۆڕشگێری هەبێت، لەپێناو بەدیهێنانی بەرژوەندی ئەو چینە ژێر چەپۆکانەدا لەلایەن هەندێک پارچەی ریزبەندیە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە لە دێر رۆژگارەوە دەچەوسێنرێنەوە، هەروەها پێیوایە کە ئەو شێوازە شوڕشگێڕییە، تاکە هۆی بەتوانایە، بۆ ئەوەی کە ئەو چینە ژێرچەپۆکە زاڵ ببێت و ئینجا کۆنترۆڵی دەسەڵاتیش بکات. مارکس نموونەی (پێویستی کۆمەڵایەتی) پەسەند کردووە، لەوەوە هاتووە کە لەسەر بناغەی ئەو ئەتوانرێت بگوترێت، کە تاکەکات بێ گوێپیدان بە دۆخ و پێگەیان لە کۆمەڵگەی نوێدا، بەپێی خواستی هەڵویستە کۆمەڵایەتییەکانیان کارلێک دەکەن (2).

4. راوبۆچوونەکانی مارکس رووبـەڕووی مشتومڕی زۆر بۆتەوە، لەنێوان پشتگیر و بەرهەڵستکارەکانیدا، و لەناو زانایاندا هی وا هەیە کە پێگەیەکی تایبەت بە مارکس و بۆچوونەکان و قوتابیانی دائەنێن و تیایشیاندا هەیە بە هیچ کلۆجێک مارکس بە زانای سۆسیۆلۆجی دانانێت، هەشیانە هەر هەندێ رەخنە ئاراستەی شوێنەوارە بەجێماوەکانی مارکس دەکەن بەم شێوەیە:

ا. ژمارەیەک لە زاناکان جەختیان کردووە لەسەر گرنگی کارل مارکس، لە سونگەی ئەو رۆڵە ئاشکرایەی کە گێڕاوێتی لە پێشکەوتنی زانستیی کۆمەڵایەتیدا، رۆڵی ئەو قوتابیانەشیان بەرز نرخاندووە کە رەنجێکی یەکجار زۆریان داوە بۆ روونکردنەوە و تاوتوێکردنی ئەو بیرۆکانەی مارکس و بۆچوون و نوسینەکانی، کە هەندێکیان بە تەواوی روون و ئاشکرا نەبوون تا رەنجەکانی مارکس و قوتابییەکانی گەیشتنە پلەی تەواو، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەنە تیورییەکی سۆسیۆلۆجی پتەو لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و گۆڕانیدا، ئەوەش بە چاوپۆشی لەوەی کە ئەو تیوریە رۆڵی ئاقەیەک توخمی زۆر دەرخستووە و بە تەنها کردوویەتی بە بەرپرس لە وێناو پرۆسەو ئەنجامە جیاجیاکانی گۆڕیتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا.

ب. سۆرۆکین مارکسی تۆمەتبار کـردووە بـەوەی کە تیوریەکەی لەسەر کۆمەڵێک لە وێناکاری هەڵە راوەستاوە، کە دیارترینیان ئەو وێناکردنە هەڵەیەی مارکسە، کە لەبارەی پەیوەندی (هۆکاری) و (حەتمیەتە) و کردوویەتی کە لەسەر بنەمایەکی میتافیزیکییە. سوروکینیش جەخت لەسەر نەگونجانی قبووڵکردنی ئەو وێنایەی مارکس دەکاتەوە و بەپێی سۆرۆکین ستەمە ئەو تیوریە پراکتیزە بکرێت لەسەر پەیوەندی نێوان دیارەکان بە تایبەتی لەبواری کۆمەڵایەتیدا، چونکە پەیوەندی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، پەیوەندیەکی شوێنەوار ئاڵوگۆڕە، واتا کاری تێدەکرێت و لە هەمانکاتیشدا

کاردەکاتْ، ئەوەش لە ڕای سۆرۆکیندا پێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکس، کە هەر لەپێشەوە خۆی داوەتە دەستْ ئەوەی کە پەیوەندی (هۆکاریی) تەنها یەک لایەنە رادەوەستێتْ، کە لەو ڕێیەوە هۆو هۆکاری هەموو کارایی و بزاوتێکی پێدەبڕێتْ و لەولایشەوە ئەنجام، یان هۆدارەکە نیگەتیڤ دەبێتْ، چونکە ئەو ئەنجامە سێبەری ئەو (هۆ)یانەیە و ئەرکە بەسەر شانیانەوە. ئیدی هەر لێرەوە سۆرۆکین ئەو ئەنجامە رەتدەکاتەوە، کە مارکس پێی گەیشتووە، ئەکێشێتە سەر ئەوە گوایا تەنها هەر شێوەی بەرهەمهێنانە لە کۆمەڵگەدا، کە سروشتی گشتی راستا جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆحی هەر کۆمەڵگەیەک دیاریدەکاتْ، بە تایبەتی لە سێبەری ئەو هەموو لێکۆڵینەوە مەیدانیانەی کە گرنگی زۆر کاریگەری دیکەی وەک ئایین و جادو زانستیانە سەلماندووە. وەنەبێتْ گرنگی ئەو کاریگەرانە هەر تەنها چەند لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگە بگرەنەوە و هیچی تر، بەڵکو درێژەشیان کێشاوە بۆ کارکردنە سەر خودی دیاردە ئابورییەکانیش.

ج. تیماشیف رەخنەی ئاراستەی تیوری سۆسیۆلۆجی مارکس کردووە روونی کردۆتەوە، کە رووداوە راستەقینەکانی مێژوو زۆرجار پێچەوانەی چەمکی مارکسیان سەلماندووە لەبارەی گۆڕانەوە، روونیانکردۆتەوە کە گۆڕان لە نموونەیەکەوە بۆ نموونەیەکی دیکەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان زۆرجار دوور لە (حەتمیەتْ)یان دوور لەو سەلمێنراوەی کە مارکس گریمانەی لەسەر داوە، پیادە ئەبێتْ (کە گریمانەکەشی بریتیە لەوەی کە گۆڕان بە سەرکەوتنی چینە چەوساوە و ژێر چەپۆکەکان نەبێتْ روونـاداتْ، هەروەک چۆن ئەو رووداوە مێژووییانە بە قسەی (تیماشیف) ناڕاستی ئەو نوقڵانانەی مارکسیان سەلماندووە کە پەیوەندییان بە لەناوچوون و نەمانی چینەکانەوە

هەبوو، بە تایبەت ناونجییەکان و لە دوادواییشدا تیماشیف پێیوایە کە تیوریەکەی مارکس هەرچەند لەسەر بنەمای کاریگەری ئابووری رائەوەستێت، کە تاقە کاریگەری لێهاتوو بەکارە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لە سەرەتاو کۆتاییدا هەروەک تیورییەکانی (سپنسەر) و (کونت) وایە.

د. هەرکەس بۆتۆمۆری ببینێت لەرێی کتێبی (زانستی کۆمەڵایەتی لە دیدێکی کۆمەڵایەتی رەخنە ئامێزەوە)، وا ئەزانێت کە تیوریەکەی مارکس گەڕاوەتەوە ناو بازنەی رووناکی، بەو پێیەی کە پێچەوانە و هەڵوەشێنەری تیوری (وەزیفی)یە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی گرتبووەوە لەماوە زەمەنییەکانی ئەم دوادواییەدا، کە ئەستێرەی لە ئاوابووندایە، چونکە بە بۆچوونی بۆتۆمۆر گوایا بەشی پێویست لێهاتوو نییە و بۆتۆمۆر بەراوردکارییەکی رەخنە ئامێزی مارکسیت و(وەزیفیەتی) کردووە و ئەڵێت: «لە کاتێکدا کە وەزەیفیەت جەخت لەسەر هاوتوخمی کۆمەڵایەتی دەکات، مارکسیەت جەخت لەسەر ململانێی کۆمەڵایەتی دەکات و لە کاتێکدا کە (وەزیفیەت) گرنگی بەمۆدە نەگۆڕو نەبڕاوەکانی کۆمەڵایەتی ئەدا، مارگسیزم جەخت لەسەر بنیاتی گۆڕاوی لەسەر سیستمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەرێی بەهاو مۆدە گشتییەکانەوە چەق دەبەستێت، ئا لەو کاتەدا مارکسیزم پێدائەگرێت لەسەر جیاوازی بەرژەوەندی و بەهاکان لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا (4) و بۆتۆمور دان بەوەدا دەنێت کە مارکسیزم تاقە تیوریەکە کە وەک پێویست بە تەنگ زۆرانی کۆمەڵایەتیەوەیە و بۆتۆمۆر جەخت لەسەر گرنکی ئەم تیورە دەکات، لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی سروشتی مێژوویی ئاڵۆزییان پێوە دیارە، لە پاشاندا بۆتۆمۆر ژمارەیەک رەخنە ئاڕاستەی مارکسیزم دەکات رەنگە ئەمانە گرنگترینیان بن:

1. لە راستیدا تیوریەکەی مارکس هەندێک هەڵەی پێوە دیارە، چ لەو رووەوە، کە پەیوەندیان بە وەسفکردنی راستەقینەی هەردوو چەشنەکەی (زۆران و هاوکێشی)یەوە هەبێت، لە کۆمەڵگەدا یان لەوەی کە پەیوەندی بە راڤەکردنی(زۆرانە)وە بێت لە کۆمەڵگەدا، یان لەوەی پەیوەندیی بە پێەوی چینە کۆمەڵایەتیەکەوە هەبێت.

2. زۆر لە گریمانەکانی مارکس دارشتەی چەند یاسایەکی گشتییان پێوە دیارە، کەچی بێجگە لە چەند یاسایەکی تایبەتی رووت، یان پرەنسیپەکانی ئەو یاسایە هچی دیکەنین(5).

3. لە کۆتاییدا زۆر لە بیریارەکان هەرگیز مارکس بە زانای سۆسیۆلۆجی دانانێن، هەرچەند مارکسیزم هەندێک بیرۆکەی سۆسیۆلۆجیشی لەخۆ گرتووە، و لەسەروی ئەو زانایانەوە توێژەری فەرەنسی(هەنرێ لۆفیفەر) هەیە لەرێی کتێبەکەیەوە لەبارەی (مارکس و زانستی کۆمەڵایەتی)کە لە پاریس دەریکردبوو لەساڵی 1996دا (3) 6.

4. لەگەڵ ئەو هەموو قسەیەدا کە لەبارەی تیوری سۆسیۆلۆجی مارکسەوە کراوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە زانایان لە گرنگی بیری مارکسیزم، لەبواری گۆڕانی زانستی کۆمەڵایەتیدا کەم ناکەنەوە، چونکە (بیرەکە) بەشداری کردووە لە دارشتنی تیورییەکی زانستیانەی رێکوپێک لە بارەی بونیات و گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بیری سۆسیۆلۆجی مارکسیزم کێشاویەتیە سەر پێویستی بوونی ئەوەی کە ئەبێت زانستی کۆمەڵایەتی زانستی کۆمەڵگە بێت.

**تێبینی:**

1. (*) پەراوێزن

2. (  )رەنووسەکان سەرچاوەن.

**پەراوێزەکان:**

1. بڕوانە شەرحی تەواوی تیوری نامۆبوون لای مارکس و ئەنگلز لەتوێی کتێبەکەماندا بەناوی (زانستی کۆمەڵایەتی دەشنەکی) کە پێشتر لە لاپەڕە (126–127)دا ئاماژەی بۆ کراوە هەرچەند کاتُ و شوێنی چاپەکەی دیاری نەکردووە.

2. لە نوسینی راو بۆچوونەکانی مارکسدا لەبارەی کاری کۆمەڵایەتیەوە، پشتمان بەم سەرچاوەیە بەستووە.

Percy .S. Cohen, Modern Social Theory, Iondan, Heine) .(Mann Enducatnal Books, Lt. d–1968

ب. لەسەر وەرگێڕانە عەرەبیە بە نرخەکەی دوکتۆر عادیل موختاری هەواری–زنجیرەی لە کتێبەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و گەشەکردن – قاهیرە .–1997

3. بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە بۆتۆمۆر- زانستی کۆمەڵایەتی دیدێکی کۆمەڵایەتی رەخنەیی وەرگێڕانی – د. عادیل موختاری هەواری–کتێبخانەی نەهزەتُ ئەلشەرق–قاهیرە 1980لاپەڕە (91–106).

4. تیماشیف وتەیەکی هەیە لەم بۆچوونە دەچێتُ کە ئەڵێتُ: مارکس و جۆبینۆ و بیکلا و دانیلفسکی چۆلینی کارەکانی خۆیان وا دەکرد، کە سەر بە فەلسەفەی مێژوو بن، بڕوانە تیماشیف وەرگێرانی چاپی دووەم لاپەڕە (80)، (بێئەوەی شوێن و ساڵی چاپکردن دەستنیشان بکاتُ).

5. لە کاتێکدا تیماشیف لە بڕگەی(ج)ی ئەم بابەتەدا، رەخنە لە

تیوری سۆسیۆلۆجی مارکس دەگرێت: سەبارەت بە چەتمیەتی سەرکەوتنی (پرۆلیتاریا) بۆ پیادەکردنی گۆڕان، تا ئێستا ئەگەر مەبەست لەو سەرکەوتن و گۆڕانە سەرکەوتنێکی رادیکاڵی بێت، لە بواری خاوەندارێتی (هۆکاری بەرهەمهێنان)دا نەک ریفۆرمسازی ساختەی بورژوازی، ئەوا تیوریەکەی مارکس هێشتا هێزی لەبەر نەبڕاوە(وەرگێڕ).

6. وەک بۆتۆمۆریش لە بڕگەی(د)دا، هەمان رەخنە دەگرێتە سەر ئەو تیوریە، پێویستە سەیرێکی رەوشی سیاسی و ئابووریی ئەمڕۆی جیهانی سەرمایەداری بە سەرکردایەتی ئەمریکا بکرێت، بۆ چەسپاندنی راستی بۆچوونەکەی مارکس(وەرگێر).

**سەرچاوەکان:**

1. تیماشیف: سەرچاوەیەکی پێشوو لاپەڕە 76، ناوی ئەو سەرچاوەیە نەهێنراوە (وەرگێڕ).

2. بڕوانە د. محەمەد عاتیف غەیس (زانستی کۆمەڵایەتی)- سەرچاوەی پێشتر لا(41)، هەروەها سەیری کتێبی (هەڵوێستی تیوری لە زانستی کۆمەڵایەتی سەردەم)دا، یانەی کتێبی زانکۆیی-ئەسکەندەریە 1972 بەشی تایبەت بکە بە بەیەکگەیشتنی زانستی کۆمەڵایەتی بە رەوتی مارکسیت لاپەڕەی 230-261.

3. Henry Le Febvre, Sociologiede Marx, P.U.F.Paris, 1966. P.P20 .25 و لە چەند پڕگەیەکی دیکەی فرە و زۆردا

# ماركس و ئاكار

بابەک ئەحمەدی

لە فارسییەوە: دانا شوانی

مارکس بەردەوام لە ئاکار دەدوا، وەک دۆزێکی ئایدۆلۆژیکی هاوتا بە کاروبارێکی وەک ماف، فەلسەفە و ئایین. ئەو وەک هیگڵ بە پێچەوانەی (کانت) بایەخی هەر چەشنە باسێک لە بەرزی و دەستبالآی مێژوویی ئاکار، یاخود گریمانەی فەلسەفی پێگەی سەربەخۆی ئاکار (لە ئاکامدا گریمانەی پەرەسەندنی تایبەتی دیاردە ئاکارییەکان) رەتدەکاتەوە. بە بڕوای ئەو مێژووی مرۆڤ تا هەنووکە لە بنەچەدا بە گوێرەی «لایەنی خراپ» و لایەنی وەبەرهێنان و خەبات، بەرەوپێش چووە، ناڕاست دەبێت کە ئاکار (بەشێوەی دیدی سۆشیالیستە یۆتۆپیاخوازەکان) بە وێناکردنی لە بالآیی رۆحی مرۆیی بدەینە قەڵەم، بەڵکو پێویستە ئەوە بە دەرەنجامی هەوڵگەلێکی کەم تا زۆری بەردەوام و سیستماتیک لە ئاراستەکردنی هەلومەرجە نامرۆییەکان بزانین.

به دیدی مارکس، هیگڵ بە خستنە بەرباسی چەمکی (Sittlichkeit) بە مانای «ژیانی ئاکاریی»، بە باشی سەلماندی کە باسکردنی ئاکار سەربەخۆ و جیا لە چەمکی یاسایی ناخرێتەڕوو. باسکردن لە یاساش ئێمە ناچار بە باسکردنی دەوڵەت و کایەی سیاسی دەکات. هیگڵ لە بەندی (268)ی کتێبی فەلسەفەی مافدا پیشانیداوە کە ئاڕاستەی ئاکاری، یاخود (Gesinunng) هەمان ئەو بەڵێنە سیاسیەیە کە لە سیاسەتدا، مانای میوانپەرستی دەدات بە دەستەوە. خودی مارکسیش لە نامەی دکتۆراکەیدا نوسی، کە بابەتی ئاکار

ئێمە بەرەو بابەتی دەوڵەت پەلکێش دەکات. ئەو لە کتێبی دەستنوسەکانی (1844)یـش ئابوری وەک «زانستی ئاکاری واقیعی، ئاکاریترین زانست دەناسێنێت، لە شوێنێکی دیکەشدا لە هەمان کتێبدا نوسیویەتی ((کە ئاکار وەک زانست، هونەرو...هتد، شتێک نییە جگە لە شێوەی تایبەتی بەرهەمهێنان کە پاشکۆی یاسای گشتییە)). بە سەرەنجدان لەم رەخنانە لە کتێبی خێزانی پیرۆزدا نوسی: «بەهرە، ئەو داوەرییەیە کە ئابوری سیاسی لە بارەی ئاکاری مرۆڤ دەیخاتەڕوو» و ئاکاری مەسیحی هیچ نییە جگە لە چەکێک لە دەست دەوڵەمەندان، ئاکار دەتوانێت بەرامبەرێتی سامان و هەژاری بگۆڕێت بۆ بەرامبەرێتی چاک و خراپ. قارەمانی ئاکار ئەو کەسەیە کە توانیویەتی ببێتە ملیۆنێر و قارەمانی رۆژگاری تازە، ئەو تاوانکارەیە کە تاوان بە ئاکار دەخاتەڕوو. لەدوای مارکس و گرامشی ئەم خاڵە بە روونی دەخاتەڕوو «لە خەباتی چینایەتیدا، ئاکاری تاکە بنەچەی سەرکەوتنە». لە یەکەمین پەڕەکانی کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی مارکسیدا روونکراوەتەوە کە دەبێت بەرهەمهێنانی بیروڕا یەکانگیرو کاریگەر لە پەیوەندییە ماددی و بەرهەمهێنانییەکانی نێوان مرۆڤەکان لەبەرچاو بگیرێت. پەیوەندییە فیکرییەکان و بەرهەمهێنانی فیکری کە لە زمانی سیاسی، ماف، ئاکار، دین، میتافیزیک،... هتد دەخرێنە ڕوو، زادەی پەیوەندییە ماددی و واقیعییەکانن.

لە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا، ئاکار لە دوو لایەنی جیاوازەوە خراوەتەڕوو:

1. ئاکار وەک فاکتەرێک لە بەرەوپێشبردنی چالاکی و کردەی مرۆیی، ئەرکخوازییە. توخمی هاوشانکەری تاکی بۆرژوا بە پێگە گشتییەکەیەوە کە لە چەشنی ماف و سیاسەت دەردەخرێت: «ئاکار لە چەشنی ئەو دامەزراوانەیە

که له شێوەی بۆرژوازیی خۆی مەرجەکانی بۆرژوابوونی بۆرژواکانن. ئاکاری بۆرژوایی یەکێکە لە فۆرمە گشتییەکانی دەبڕینی ئەم پەیوەندیە بۆرژواییە بە هەلومەرجی بوونی ئەوەوە».

2. ئاکار لە پلەی تیۆرەیەکی پەتی کە تەنها خەیاڵی دەرەنجامی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییە. لە کتێبی سەرمایەدا پەیوەندی سیاسەت بە ئاکار و ئاکاری سوخواردن (ریباخواردن) بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو. مارکس لە ئاکاری بۆرژوایی کە کەڵەکەکردن حوکمی ئایینی دەیخاتە ڕوو، باسی بانکی وەک «باڵاترین شەرەفی ئاکاریی». لەم کۆمەڵگەیەدا «بانکدار خاوەن بانک، ئاکارخوازتر و بەشەرەفتر لە قەشە» دەناسرێت.

مارکس لە باسی ئاکار و کۆمۆنیزمدا لە کتێبی مانیفێستدا نوسیویەتی کە لەگەڵ سواربوونی کۆمۆنیزم، ئاکار غەمبارو بێ رەونـەق دەبێت. ئاکار وەک «فۆرمە ئایدۆلۆژیکییەکانی دیکە» لە چەشنی ئایین، دەوڵەت و خێزان...هتد، دەرەنجامی خەباتی چینایەتییە و بە شێوەیەکی تەواو دەرناکەوێت. بنەچەی ئەم تێگەیشتنەش لە کتێبی دەستنوسەکانی (1844) دا هاتبوو. لەو کتێبەدا باس لە داتەپینی پۆزەتیڤی خاوەندارێتی تایبەتی کرابوو، ئەمەش حوکمی گەڕانەوەی مرۆڤ بوو بۆ فەزای دەرەوەی دین، خێزان و دەوڵەت. وێناکردنی «ئاکاری پرۆلیتاریایی» کە لە بەرامبەر ئاکاری بۆرژواییە، لە بەرهەمەکانی مارکس نادۆزرێنەوە بە بنەمایەکی تیۆریی نوسینەکانی ئەو ناخوێندرێنەوە.

تێڕوانینی خودی مارکس بۆ پرسە ئاکارییەکان هەڵبەتە لە بەندی تێگەیشتنی قۆناغەکەیدا بوو. ئەو بە هەمان بێزاری باوی سەردەمی ڤیکتۆریاوە لە گەندەڵی دەدوا. لە کتێبی سەرمایەدا لە گەندەڵی ئاکاریی سەرچاوە گرتوو لە ژیان، لە هەژاری تەواوی کرێکاران دەدوا. خەوتنی

ئەندامانێکی زۆری خێزانە کرێکارییەکان لە ژوورێکی بچوکدا بە هۆکاری «گەندەڵی شەرمهێنەر» زانیوە و هیچ وێناکردنێک لە ئازادی سێکسی لە مێشکدا نەبوو، لە نوسینەکانیشیدا شێوەی دەربڕینی ئەنتی ژن و گاڵتەکان و تەنزە نیشانەییەکان لەسەر بێرێزی ژن کەم نین. لە هەمانکاتدا ئەگەر نا بە ئەندازەیەکی خێرا، بەڵام لە کاری خۆیدا زیاد لە سۆشیالیستەکانی سەردەمی خۆی بە فەرمانێکی بزوێنەر کە دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی حوکم گەلێک لەبارەی «بێ ئاکاری مارکس» هەنگاو هەڵدێنێت، یان دەداتە شەقەی باڵ.

ئەو لە کتێبی مانیفێستی کۆمۆنیستیدا، پێگەی ژن لە خێزاندا بە جۆرێک لە کاری سۆزانی دەداتە قەڵەم، بەڵام بە شێوە فەرمییەکەی. لە تاوانی ئەمەی کە کۆمۆنیستەکان لە هەوڵی سۆشیالیزەکردنی ژنانن، وەها باسیانی دەکرد کە وەک بۆرژواکان ژن بە ئامرازی بەرهەمهێنان هەژمار دەکەن. دەبیستین کە بڕیارە کۆمۆنیستەکان ئامرازی بەرهەمهێنان دەکەنە موڵکی گشتی، فیکرێکی وەهایان لەسەر شان هەڵگرتووە.

ئەنگڵس لە کتێبی ئەنتی دورینگ باسی «ئاکاری داهاتوو»، «ئاکاری بەراستی مرۆیی» دەکات، بەڵام دەستەواژەی «ئاکاری کۆمۆنیستی» بە کارنەهێناوە. ئەو «ئاکاری داهاتووی» لە بەراورد بە پێگە مێژووییەکان «ئاکاری فیوداڵ-مەسیحی»و «ئاکاری بۆرژوایی مۆدێرن» خستە ڕوو. چەمکی ئاکاری چینایەتی کە ئەو باسی لێوە کرد، هیچ پەیوەندییەکی بە باسی مارکس لەم بوارەدا نییە. ئەنگڵس لە کتێبی بنەچەی خێزان، خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەتیشدا باسی ئەم خاڵەی کردووە، کە لە داهاتودا تاک هاوسەری لەنێو دەچێت و ئاکاری عەشق و ئاکاری سێکسیش دەگۆردرێت. «پەیوەندی عاشقانە» حاکم و زاڵ دەبێت، بەڵام پێویستە لە خەیاڵپڵاوییەکانی ئەو لەبارەی داهاتوو تێبپەڕێن، چونکە زۆربەی پرسیارە بێ وەڵامەکان

بۆ ئەو فەراهەم دەکەن. سەرەنجام دڵخوازی عاشقانە چ دەبێت، ئەگەر کەسێک عەشقی لایەنێک بۆ لایەنێکی دیکە بەدەستبێنێت، نەتوانێت لەگەڵی بژی؟ لە «قەڵەمڕەوی ئازادی پەتیدا» لەمەڕ ئەم غەریزە ناکامە، دەتوانرێت چی بوترێت؟ کە تەنها لە شێوەی تاکدا دەگمەن دەبێت، کە ئیدی بە پێچەوانەی ویستی خۆی، بە زۆر شێوە بە ژیانی کاتی لەگەڵ ئەو بداث، لە ئاکامدا کاتێکی خۆش لە ئازادی بباتەسەر؟.

**سەرچاوە:**

- واژەنامەی فەلسەفی مارکس، بابەک احمدی، چاپی دووەم، 1387.

# مارکس و ئەنترۆپۆلۆژیا

تێری ئیگڵتۆن

لە فارسییەوە: دانـــا شوانی

هـزری پۆست مۆدێرن پێیوایە کە دژە بنەڕەتخوازانەیە و بۆ هەر بنەڕەتێکی سەبجکەتیڤیی بۆ بوون وەک ئەفسانەی هەڵبژێردراوی تایبەتی خۆمان بە دیدێکی بەدگومان ئاسا لێی دەڕوانرێت. مارکس بە پێچەوانەوە، بیریارێکە لە پلەیەکی کلاسیکیتر، یاخود نەریتی تر، لای ئەو بوونمان بریتیە لەو شێوە هاوبەشەی سروشتی ماددی کە ئەو پێیدەڵێت «بونەوەری جۆریی». ئەم چەمکەش وەک دەستەواژەی «زاتی مرۆڤ» بە شێوەیەکی ئاڵۆز لەنێوان وەسفکردن و ڕێگەپێدان، لە نێوان واقیع و بەها، ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەوەی کە ئێمە چۆنین و دەبێت بە چ چەشنێک بین، گیر دەخوات. ئێمە لە ڕووی سروشتییەوە بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتین و بۆ نەمری خۆمان بە یەکترەوە وابەستەین، وێرای ئەوەش ئەمە دەبێت هەم بەهای سیاسی بێت و هەم واقیعیەتێکی ئەنترۆپۆلۆژی. مارکس وەک بیریارێکی مێژووباوەڕ دەکارێت و دامەزراوە مرۆییەکان لە چنگی ئەو نەمرییە درۆینەیەی کە هزری میتافیزیکی خوی پێوە گرتووە، ڕزگار بکات. ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە دێتە کایەوە بەردەوام دەتوانێت لە ڕووی مێژووییەوەش ئاوەژوو بکرێتەوە، بەڵام هەروەها ئەو تا ڕادەیەک بە چەشنێکی نەشیاو و ناجۆر، چەشنێکی خودبڕوای ئەرستۆیی هەیە، کە پێیوایە جۆرێک خود یان (ذات) لە ئارادایە، لێرەوەیە کە کۆمەڵگەی عادیلانە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا ئەم زاتە دەرفەتێک بقۆزێتەوە کە تواناکانی خۆی

به شانۆی دەرکەوتن بگەیەنێت. بەم چەشنە پرسیارەکە لێرەوەیە کە مارکس ئەم پێکدژی و ناتەباییە ڕوونە لە هزری خۆی بە چ چەشنێک چارەسەر دەکات؟.

ئەو ئەم کارە وەک هیگڵ لەپێش ئەو، بەمشێوەیە ئەنجامدەدات کە بە چاوی زاتی مرۆڤایەتی لە گۆڕان و گەشەسەندن دەڕوانێت. لە زاتی ئێمەدایە کە هێزەکانمان بەدیبهێنین، بەڵام ئەوەی کە چ جۆرە هێزگەلێک لەبەرچاومانن، لە چ هەلومەرجێک ئەم هێزانە بەدی دەهێنین، پرسەکە لە ڕووی مێژووییەوە تایبەتە. لە دیدی مارکسی گەنج  و لە کتێبی دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکان، ئێمە تا ئەو شوێنە مرۆڤین کە جۆرێکی تایبەت لە «بونەوەری جۆریی» لەگەڵ هاوجۆرەکانمان هاوبەشین:

زاتی مرۆیی سروشت تەنها بۆ مرۆڤی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، چونکە تەنها لێرەدایە کە سروشت وەک پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، وەک بوونی ئەو بۆ ئەوانی تر و وەک بوونی ئەوانی تر بۆ ئەو و وەک توخمی ژیانی واقیعیەتی مرۆیی بوونی هەیە، تەنها لێرەدایە، کە سروشت وەک پێکهاتەی بوونی مرۆیی خودی ئەو بوونی هەیە. تەنها لێرەدایە کە ئەوەی لە دیدی مرۆڤەوە بە بوونی سروشتیەکەی دێتە هەژماردن بە شێوەی مرۆیی ئەو دەردەکەوێت و سروشت لە دیدی ئەو دەبێتە مرۆیی. لەم ڕووەوە، کۆمەڵگە برێتیە لە یەکانەیی تەواوی زاتی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، رابوونی ڕاستەقینەی سروشت، سروشتباوەڕی بە دیهاتووی مرۆڤ و مرۆڤباوەڕی بە داهاتووی سروشت، بە تایبەت پێویستە لەم شتە دوور بکەوینەوە کە جارێکی دیکە «کۆمەڵگە» وەک ئەبستراکتێک لە بەرامبەر تاک دابنێین. تاک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بەم چەشنە دیاردەی ژیانی ئەو (تەنانەت ئەو کاتەی کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە ڕاستەوخۆ

به شێوەی ژیانی هاوبەشەکی دەردەکەوێت) دیاردە و ڕاستکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ژیانی تاکەکەسی و ژیانی جۆری مرۆڤ دوو شتی لە یەک جیا نین..(EW350)

ئایا ئەم بوونەوەرە جۆرییە مەبەست یان ئامانجێکی هەیە؟ ئایا مارکس بیرمەندێکی ئامانج باوەڕە؟ بە مانایەک بەڵی و بە مانایەکی دیکە نەخێر، چونکە مەبەست و ئامانجی بوونی جۆریی ئێمە لە جۆرێک لە هاوشێوەی گوتنی داهێنان، بە هەمانشێوە بریتییە لە بوون بەخشین بە خودی ئەم بوونە جۆرییە. لەلای مارکس بەو چەشنەی کە لە دیدی رادیکاڵە رۆمانتیکییەکانی دیکەش، هیچ دوا خاڵێک لەو دیوی پەرەسەندنی خۆلەزەتبەخش بۆ بوونی مرۆڤ لە ئارادا نییە، یاخود نابێت بوونی هەبێت:

ئەو کاتەی کە کرێکارانی کۆمۆنیست کۆدەبنەوە، یەکەمین ئامانجیان پەروەردە، پروپاگەندە و شتی دیکەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ویستێکی تازەش بەرهەمدەهێنن (ویستی کۆمەڵگە) و ئەوەی بە شێوەی ئامراز دەخرێتەڕوو بە شێوەی ئامانج دەردەکەوێت. ئەم ڕەوتی پێشکەوتنە پراکتیکیە دەتوانرێت بە ناسراوترین شێوە لە خڕبونەوەی کرێکارانی سۆشیالیستی فەرەنسی ببینرێت. جگەرەکێشان، خواردن و خواردنەوە و...هتد، ئیدی ئامرازی بەدیهاتنی پەیوەندی نێوان خەڵک نین. پێکهاتنی گرووپ، ئەنجومەن و دانیشتنەکانی باس و مشتومڕو گفتوگۆئامێز کە بە نۆبەی خۆی کۆمەڵگە دەکاتە ئامانجی خۆی، بۆ ئەوان بەسە. برایەتی مرۆڤەکان خاڵی و بەتاڵ نییە، بەڵکو واقیعەتە و شەرەفداری مرۆیی بە دەست پینە داخراوەکانیان دەدورنەوە..(EW 365).

ئەم تێگەیشتنە لەو سروشتەی کە خۆگەشەسەندوییەکەی (Self–development) ئامانجی لە خودی خۆیدایە لە بەرامبەر دوو شێوەی بیری

بەهێز لە ڕۆژگاری مارکس سەقامگیر دەبێت. سەرەتا ئەو تاپە ئەرگومێنتێکی میتافیزیکیە کە بە چالاکی مرۆیی دادەنرێت، تاوەکو لەبەردەم دادگایەکی بەرزتر حیسابی لەگەڵدا بکرێت: واتە ڕوولێنان، ئاکار، بنەما ئاینییەکان، ئایدیای رەها. مارکس بە قوڵی لەگەڵ میتافیزیکییەکی وەها دوژمنایەتی دەکات، هەرچەند کە ئەو لە باتی خۆی ئاکارخوازێکی قووڵە. ئەو شتەی کە هەیە لە دیدی ئەو سیستمی ئاکاریە لە ڕاستیدا پشت ئەستورە بەم پرۆسەی ئاشکراکردنی هێزەکان و توانا ئافرێنەرەکانمانەوە، نەک ئەو یاسایەی کە لەسەر بەرزییەکانی جێبەجێ دەکرێت، یاخود کۆمەڵێک ئامانجگەلی شکۆمەند کە لەودیوی ئەوەوە دەخرێتەڕوو. هیچ پێویستییەک بە ئاراستەکردنی ئەم ستاتیکەوە نییە، بەو چەشنەی کە پێویستی بە ئاراستەی پێکەنین یان ئاواز نییە، ئاکار پەیوەندی بە زاتی هاوبەشی ئێمەوە هەیە. بەڵام ئەم سیستمە ئاکارییە، هەروەها خۆی لە ململانێ بەو فۆرمە لە عەقڵ ئامرازی دەبینێتەوە کە لای ئەو تاکانە تەنها بۆ خاتری ئامانجێکی گەورەتر بوونیان هەیە: بۆ نموونە، بۆ ئامانجێکی وەک دەوڵەتی سیاسی، یان (بەو چەشنەی کە لە هزری سودباوەڕانەی زاڵ لە سەردەمی مارکس)دا بەرزکردنەوەی بەختباشی هەمووەکی. ئەم ئەرگومێنتە ئامراز و ئامانجی هەمان ئەو شێوە عەقڵانیەتەیە کە بە بڕوای مارکس دەستباڵایی لەسەر کۆمەڵگە چینایەتییەکان هەیە، ئەو کۆمەڵگانەی کە تێیدا تواناگەلی زۆربەی مرۆڤەکان بە سوودی ژمارەیەکی کەمی خەڵک بە شێوەی ئامراز دەردەکەوێت.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کار هـەوڵ و تەقەلای ژیـان و خودی ژیانی بەرهەمهێنان لە دیدی مرۆڤ تەنها لە فەرمانی ئامرازێک بۆ دەستکەوتنی پێویستییەک دەردەکەوێت: پێویستی بە پاڕاستنی بوونی جەستەیی، بەڵام ژیانی بەرهەمهێنانی، ژیانی جۆرییە. ئەم ژیانە جۆرییە

ژیانی ژیانخولقێنه. ئەدگاری گشتی جۆرێک، ئەدگاری جۆری ئەوە لە دەست زاتی چالاکی ژیانییەکەیدایە و چالاکی ئاگایانە و ئازادانە بە ئەدگاری جۆری مرۆڤ دێنە هەژماردن. (لە سەرمایەداری)، خودی ژیان تەنها بە شێوەی ئامرازێک بۆ ژیان دەردەکەوێت. (EW328).

لە کۆمەڵگەی چینایەتی، وا لە تاک دەکرێت کە ئەوەی بەرامبەر بەو کەمترین لایەنی وەزیفیی هەیە (واتا بوونی جۆری خۆگەشەسەندووی خۆی) (Self– realizing Species–being) بە ئامرازێکی پەتی بۆ مانەوەی ماددی بگۆرێت. هەڵبەتە مەبەستەکە ئەمە نییە، کە مارکس ئەرگومێنتێکی ئامرازیی وەها یەکسەر دەخاتە پەراوێزەوە، بەبێ ئەم ئەرگومێنتە ئامرازییە بە هیچ شێوەیەک هیچ کردەیەکی عەقڵانی ناتوانێت بوونی هەبێت. سیاسەتی شۆرشگێری، خودی مارکس تەبابوونی ئامراز و ئامانج دەکاتە پێویستییەک، بەڵام لە تەنزە جۆراوجۆرەکانی هزری ئەو ئەمەیە کە ئەم هزرە بە کاری درووستکردنی کۆمەڵگەیەک دێت کە تێیدا پیاوان و ژنان وا لێدەکات، کە هاوشێوەی ئامانجە رادیکاڵەکان لە زاتی خۆیان پەخش ببنەوە. رێک لەو ڕووەوە مارکس تاک وا بە قووڵی لە لوتکە دادەنێت، نەزمی کۆمەڵایەتی نەفی دەکات کە لە هەمان باردا لە پانتایی تیۆریە لە کەڕەتای تاکگەڕایی چەکەرە دەکات، لە پراکتیکدا پیاوان و ژنان بۆ یەکە بێ ناونیشانەکان دەگۆڕدرێن و کورت دەبنەوە.

کەواتا ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئاکاری مارکس وەسف بکەین، باشتر لەمە نابێت، کە ئەو ئاکارە بە ئاکاری «جوانیناسی» دابنێین، چونکە جوانیناسی بە گوێرەی نەریت، ئەو شێوەیەیە لە کرداری مرۆیی کە پێویستی بە هیچ ئاڕاستەیەکی سوودخوازانە نییە، بەڵکو ئامانجەکان بنەڕەتەکان و هۆکارە سەرەکییە تایبەتییەکانی خۆی فەراهەم دەکات. ئەم ئاکارە برێتیە لە

جۆرێک بەکارهێنانی توانای خۆ واقیعیەتبەخشی (Self–fulfilling) بۆ خاتری خودی ئەو ئاکارە و لە دیدی مارکس سۆشیالیزم ڕێک جووڵەیەکی پراکتیکی بۆ فەراهەمکردنی ئەو رەوشەیە، کە تێیدا شتێکی وەک ئەمە لەبەردەستی زۆرترین ژمارەی تاکەکاندا بێت. لە هەر شوێنێک هونەر هەبێت، مرۆڤایەتیش لەوێدا هەیە. لەم شوێنەوەیە کە مارکس خوازیارانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا کار تا کەمترین ئاست بە شێوەی خۆکار (Automatic) دەرکەوتبێت، بە چەشنێک کە پیاوان و ژنان (هەم سەرمایەداران و هەم کرێکاران) ئیدی بۆ ئامرازە ڕووتەکانی بەرهەمهێنان کورت نابنەوە و لەباتی ئەو کورتبوونەوەیە ئازاد دەبن، تاوەکو کەسایەتییەکانیان بە شێوەگەلی ڕووت و تەواوتر دابرێژن. لە دیدی مارکس، سۆسیالیزم لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە کورتکردنەوەی ماوەی رۆژی کارکردن، تاوەکو ئەم توانایە فەراهەم بکات کە ئەم شکۆفەییە گشتییە لەبەردەستدا بێت.

ئازادی لە زەمینەی کاردا تەنها پشت ئەستور بێت بە مرۆڤی بە کۆمەڵایەتیکراو و بەرهەمهێنەرانی یەکگرتوو، کە دانوساندنی خۆی لەگەڵ سروشت بە شێوەی عەقڵانی ڕێکدەخەن و ئەم مەبەستە بە کەمترین هەوڵ و کۆشش و لەژێر هەلومەرجێک ئەنجامدەدرێن کە زۆرترین تەبایی و شایستەیی لەگەڵ زاتی مرۆییدا هەبێت، بەڵام وێرای ئەمەش، کار هاوشێوەی بەستێنێک لە زەرورەت دەمێنێتەوە. لەودیو کار ئەو گەشەسەندنە بە هێزەی ئادەمیزاد دەستپێدەکات، کە ئامانج لە خۆیدا، سنوری ڕاستەقینەی ئازادییە، کە وێرای ئەوەش، تەنها دەتوانێت بە کۆمەکی ئەم سنورەی زەرورەت وەک پێکهاتەیەک خۆی پەخشبکاتەوە. کورتکردنەوەی ماوەی رۆژی کار پێش مەرجی سەرەکییەتی (C vol 385).

شێوەیەکی دیکەی خستنەڕووی ئەم خاڵە ئەوەیە کە بانگەشە بکەین مارکس دەیەوێت «بەهای بەکارهێنان» مرۆڤەکان لە کۆتی کۆیلەیی «بەهای گۆڕینەوە» ڕزگار بکات. لە دیدی مارکس، شتێک شایەنی هەستپێکردنە کە ئێمە دەبێت بە سەرنجدان لە چۆنایەتییە تایبەتییەکان سوودی لێ وەربگرین و ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو «بەهای بەکارهێنان» لە بەرچاو دەگرێت. وێڕای ئەوەش، لە هەلومەرجی سەرمایەداریدا شتەکان بۆ کاڵاکان کورت دەبنەوە: شتەکان تەنها بە خاتری بەهای سەوداکردنیان، بۆ کڕین و فرۆشتن، بوونیان هەیە، تاوەکو ئێرەش، هەردوو کاڵاکە، بە بەهایەکی یەکسان، بەرامبەر بە چۆنایەتیەکی ئەبستراکت کورت دەبنەوە، بەم چەشنە، ئەوەی کە یەکسانییەک لەسەر جیاوازی زاڵدەبێت. تایبەتمەندییە هەستپێکراوە تایبەتەکانی کاڵاکان بە شێوەیەکی زیانهێنەر لەبەرچاو ناگیرێن، بەڵام ئەم مانایەش بەم چەشنە لە بارەی ئەو مرۆڤانەی کە لە دەسەڵاتدارێتی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی سڕیشی دەکەن هەر ڕاستە. لە هەلومەرجی بازاڕدا، تاکەکان بە شێوەی بوونەوەری ئەبستراکت و شایەنی سەوداپێکردن لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کرێکاران بە شێوەی کاڵا دەردەکەون و هێزی کاری خۆیان بە پێشنیاردەرەکان دەفرۆشن، کە بەرزترین بەها پێشنیار دەکات، سەرمایەداری ترسی ئەوەی نییە، کە کرێکار چ شتێک بەرهەم دەهێنێت، بە مەرجێک کە ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت سوودی لەسەر هەبێت. ئەوەی لەمەڕ بەستێنی ئابوری ڕاستە، هەورەها لەمەڕ کایەی سیاسیش هەر ڕاست دەردەکەوێت: دەوڵەتی بۆرژوازییەت ئەو کاتەی کە بۆ نموونە کابینەی دەنگدان لە ئارادا بێت هاوڵاتییەکانی ئەو دەوڵەتە بە شێوەیەکی ئەبستراکت یەکسان دەکات، بەڵام کارەکە بە شێوەیەک ئەنجام دەدات کە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەشێرێتەوە.

ئامانجی دیموکراسییەتی سۆسیالیستی ئەمەیە کە ئەم کەلێنە لەنێوان فۆرمی سیاسی و ناواخنی کۆمەڵایەتی لەنێو بەرێت، بە چەشنێک کە ئامادەییمان لە دەوڵەتی سیاسی وەک هاوڵاتیانی بەشداریکەر، بە مانای ئامادەییمان وەک تاکەکەسە واقیعیەکان بێت.

تەنها ئەو کاتەی کە تاکی مـرۆڤ، مرۆڤی واقیعی، هاوڵاتی ئەبستراکت دووبارە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە و وەک تاکی مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەی خۆی، کاری تاکەکەسی و پەیوەندییە تاکەکەسییەکانی بە شێوەی بوونەوەرێکی جۆریی دەربخات، تەنها ئەو کاتەی کە مرۆڤ هێزە تایبەتەکانی خۆی (Forces Prpres) هاوشێوەی هێزی کۆمەڵایەتی دووبارە بناسێت و رێکیبخات، بە شێوەیەک کە هێزی کۆمەڵایەتی ئیدی بە شێوەی هێزی سیاسی لەو جیا نەبێتەوە، تەنها ئەو کاتەیە کە ڕزگاربوونی مرۆڤەکان کامڵ دەبێت (EW234).

بەو چەشنەی کە مارکس دەیەوێت سەودای کاڵاکان لە کایەی ئابوری لەنێو بەرێت، بە جۆرێک کە بەرهەمهێنان لەباتی بەرهەمهێنان بۆ سوود بە شێوەی بەرهەمهێنان بۆ بەکارهێنان دەردەکەوێت. بەمجۆرەش، دەیەوێت پارێزگاری لە بەکاڵابوونی کەسایەتی مرۆڤ بکات و توانا زۆر و زەبەندەکانی گەشەسەندنی هەستی تاکەکەسی لە کۆت و بەندی ئەو لۆژیکە ئەبستراکت و سودباوەڕانە ڕزگار بکات کە هەمیشە گرفتاریەتی. لە دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداری، هەستەکانمان دەگۆردرێن بۆ کاڵاکان، بە چەشنێک کە تەنها لە نێوبردنی خاوەندارێتی تایبەتییە، کە لاشەی مرۆڤ ڕزگاری دەبێت و هەستەکانی مرۆڤ دووبارە دەناسرێن:

لەم ڕووەوە، نێپەڕاندنی خاوەندارێتی تایبەتی بە مانای ڕزگاربوونی تەواوی هەموو هەست و ئەدگارە مرۆییەکانە، بەڵام ئەم ڕزگاربوونە رێک

لەو ڕووەوە کە ئەم هەستە و ئەدگارانە هەم لـەڕووی زیهنی و هەم لـەڕووی سەبجکەتیڤییەوە مرۆیی دەبن. چاو بە شێوەی چاوی مرۆیی دەردەکـەوێـت، بەو چەشنەی کە بابەت، یاخود ئۆبژەکەی بە شێوەی بابەت یان ئۆبژەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەردەکەوێت، واتا بابەت، یاخود ئۆبژەیەک کە بە دەستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ درووستکراوە. بەمجۆرە هەستەکان لە پراکتیکردنی بێ ئەملا و ئەولای بوونی خۆیان تیۆرەسازی دەکرێن. ئەم هەستانە بە خاتری خودی شت بۆ شت پەیوەندی دەبەستن، بەڵام خودی شت هاوشێوەی پەیوەندییەکی سەبجکەتیڤی مرۆییە لەگەڵ خۆی و مرۆڤدا، بە پێچەوانەوەش، لەم ڕووەوە، پێویستی یان چێژ گەوهەری خۆپەرستانەی خۆیان لە دەست دەدەن و سروشتیش بە کەڵک وەرگتنێک بە شێوەی سودوەرگرتنی مرۆیی دەردەکەوێت کە سودباوەڕی پەتی خۆی لەدەستدەدات (EW352).

ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیی مارکس لە تێگەیشتنێکی زۆر بەربڵاوتر لە کار، واتا بە دەستەواژەیەک لە تێگەیشتنی لاشەی مرۆڤ وەک سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتی شێوە دەگرێت.

بەو چەشنەی کە ژیان هێدی هێدی ئاڵۆزتر دەبێت، کار بە ناچاری پسپۆڕتر و تایبەتمەندتر دەبێت و شێوە جۆراوجۆرەکانیشی لەنێوان بەرهەمهێنەرانی جۆراوجۆر و هەمەچەشنە دابەشدەکرێت، ئەمەش ئەوەیە کە مارکس بە دابەشکردنی کاری دەداتە قەڵەم. دابەشکردنی کار ڕێگەیەکی پێویست بۆ پێگەیشتوویی و دابەزینی هێزەکانی بەرهەمهێنانە، بەڵام لەلای مارکس دابەشکردنی کار لە خۆگری جۆرێک نامۆبوونە، کە تێیدا هێزەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی یەکلایەنەی ڕووخێنەر دێنە کایەوە، ئەمەش پێچەوانەی نموونەی خۆیەتی لە بارەی تاکی «هەموو هونەرە هاوپیشەکان»

کە جەماوەرێکی لێبوردە و دڵپاک لە تواناکانیاندا بەکاریدەهێنن. بەم چەشنە دابەشکردنی کار نموونەیەکی دیکە لە جودایی نێوان فاکتی تاکەکەسی و فاکتی هەمووەکی لە کۆمەڵگەی چینایەتی، واتا لەو هەلومەرجەی کە توانا پەتی و تەواوەکانی بوونی جۆریمان بۆ تاکە ئەرکێک لە جۆری کاری میکانیکی کرێکاری کارگە، کورتدەبێتەوە.

دابەشکردنی کار یەکەمین نموونە لەم بارەیەوە بەدەستەوە دەدات، کە بەم چەشنە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سروشتی دەمێنێتەوە، مادام کەلێنێک لەنێوان بەرژەوەندی تایبەت و گشتی لە ئارادایە، لەبەر ئەوەیە کە چالاکی خۆبەخشانە نییە، بەڵکو بە هەڵکەوت دابەشکراوە، کاری خودی مرۆڤ بەشێوەی هێزی بێگانە لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێت، لەباتی ئەوەی کە لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەو دا بێت، ئەو دەکاتە کۆیلە، چونکە هەر ئەوەیە کە دابەشکردنی کارپێ بەرەو کایەی بوون و خۆنمایشکردن هەڵدەهێنێت، هەر مرۆڤێک هەڵگری بەستێنێکی تایبەت و تایبەت بە تاکە لەو چالاکیەدا کە بەسەرییەوە سەپێنراوە و ئەو ناتوانێت لێی هەڵبێت. ئەو راوچی، ماسیگر، شوانی، یاخود ڕەخنەگرێکی دۆزەرەوەییە و دەبێت بە هەمان چەشن بمێنێتەوە، ئەگەر نەیەوێت ئامرازەکانی گوزەراندنی ژیانی خۆی لەدەست بدات. هەنووکە ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، کە تێیدا هیچ کەسێک هەڵگری بەستێنێکی تایبەت بە تاکچالاکی نییە، بەڵکو هەموو کەسێک دەتوانێت لە بوارێک کە دەیەوێت تێیدا لێهاتوو بێت، کۆمەڵگە بەرهەمهێنانی گشتی رێکدەخات و بەم چەشنە ئەم توانایە بۆ من فەراهەمدەکات کە ئەمڕۆ کارێک ئەنجام بدەم و سبەینێ کارێکی دیکە. بە بەردەوامی راو بکەم، دوای نیوەڕۆ دەچم بۆ راوەماسی و عەسریش شوانکاری بکەم و لەدوای نانخواردنیش بە ڕەخنەکارییەوە سەرقاڵبم، بەو

چەشنە لەبەر چاومانە، بێئەوەی کە هەرگیز، ماسیگر، شوانیی، یاخود ڕەخنەگر بم (Gi 54).

ئەم پارچە وتـارە، چ جوان یان ناشرین و دڕندانە، یەکێکە لە ژمارەیەک بیرکردنەوەی یۆتۆپیایی مارکس. بە ناچاری، پرسگەلێکی هەمەچەشن لەمەڕ ئاکاری سیاسی مارکس بوونی هەیە، بەو چەشنەی کە لەبارەی جۆرەکانی دیکەی ئاکاریش هەمان پرس و کێشە هەیە. ئایا ئەم تێگەیشتنە لە بکەرە مرۆییە ئازاد و خۆدرووسنکەرەکان (Self–fashioning) ئارادەیەک حەکایەتێکی بەرز و باڵا لە نموونەی بۆرژوازییەت و باوکسالاریی لە مرۆڤ وەک خودێکی بەرهەمهێنەر هەوڵ و تەقەلای زۆری ناوێت؟ ئایا نموونەی مارکس جۆرێک پرۆمینەی پرۆلیتاریایی نییە؟ تا کوێ ئەم نموونەیە حیکایەتێکی چەپخوازنە لە نموونەی چینی ناوەڕاست لەبارەی بەدیهاتنی ناسنوردار و دیارینەکراوی سامانە کە لەگەڵ خود وەک داڕاییەکی خۆی رەفتار دەکات؟ دەتوانرێت جۆش و خرۆش و هەوڵ و تەقەلاکە بە پلەیەکی بێ بەزەییانەتر لەم فیکرەیە بدۆزرێتەوە کە ئەوەی ۆردزۆرس(1) بە «هەڵچوونی ئەقڵباوەڕانە»ی دادەنا، یان کیتس(2) پێی دەوت «توانای نیگەتیڤ» بەبێ بایەخ دەژمێردرێت. ئایا وا بڕیارە هەموو هێزەکان و ئەو توانایانەمان بەدی بهێنین؟ پێویستە چی بڵێین سەبارەت بە هێزەکان و ئەو توانایانەی کە بە دیدێکی نەخۆش ئاسا یان وێرانکەر دەردەکەوت؟ لەوانەیە مارکس گومانی هەبوو بێت، کە هێزەکانمان تەنها بەهۆی سنوورداربوونەوە دەبنە وێرانکەر، کە لەم بوارەدا هەڵبەتە هەڵەئامێزە و پێویستە بە چ چەشنێک لەنێوان توانا پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانمان جیاوازی دابنێین، ئەگەر جگە لە خودی ئەم پرۆسەیە لە ڕووی مێژوویی ڕێژەیی کە پێویستە بە کۆمەکی ئەوە ئەم کارە ئەنجامبدەین، هیچ پێوەرێکمان نەبێت؟

گەشەسەندنی «هەمە لایەنە» دەشێت لە دیدی هەندێک کەس باڵاتر لە پەروەردەی ئامادەییەکی تاکە داهێنەرێک بێت، بەو چەشنەی کە دەشێ لە دیدی ژمارەیەک کەس خۆنکۆڵیکردن (Self – denial) ستایشکراوتر لە خۆدەرخستن (Self – expression) بێت.

دەتوانرێت ژمارەیەک لەم خاڵانە بە ڕەخنەیی بژمێردرێت. مارکس کە مادەباوەڕێکی تەواوە بە ئاشکرا لەسەر ئەم بۆچوونە نییە، کە خۆ –پەروەردەکردن دەتوانێت ناسنوردار بێت، ئەویش هەم بەرامبەر بە سنوردارێتییەکانی هەلومەرجمان و هەم تواناکانمان هوشیار و چالاکە:–

مرۆڤ بە تەواوی بونەوەرێکی سروشتییە. مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سروشتی و وەک بوونەوەرێکی سروشتی زیندوو لەلایەک بە هێزە سروشتی و هێزە ژیانییەکان ئامادەکراوە، واتە بوونەوەرێکی سروشتی چالاکە ... لە لایەکی دیکە، مرۆڤ وەک بونەوەرێکی سروشتی، جەستەیی، هەستی و سەبجەکتیڤی وەک گیانەوەر و گیاییەکانی دیکە بوونەوەرێکی نەخۆشداری مەرجدار و سنوردارە. مەبەستەکە ئەمەیە کە سامپڵەکان یان ئۆبژەکان دوورخستنەوەکانی  ئەو وەک سامپڵە سەربەخۆکان لەو لە دەرەوەی ئەو بوونیان هەیە، بەڵام ئەم سامپڵانە، کە ئەو پێویستی پێیان هەیە، واتا ئەو عەینە سەرەکییانەن کە بۆ بەکارهێنان و پاڵپشتیکردنی هێزە سەرەکییەکەیان پێویستن (EW389).

دەشێت مارکس لە رادەبـەدەر بایەخی بە بەرهەمهێنان دابێت، بەڵام بێگومان ئەم دەستەواژەیەی بە مانا ئابورییەکەی سنوردار نەکردووە. بە پێچەوانەوە ئـەو وا بیری دەکــردەوە کە لە هــەژاری مەعنەوی سەرمایەدارییدایە لەگەڵ چەمکی بەرهەمهێنان رێک بەم چەشنە رەفتار دەکات. لە دیدی مارکس، «بەرهەمهێنان» چەمکێکی دژواری بەربڵاوە و بە

هاوشێوەی «خۆبەرجەستەکردن» (Self – actualization) دێنە هەژماردن، بەم چەشنە:–

ئەو کاتەی کە سامان لە بۆتەی سنورە بۆرژوازییەکەی دابماڵدرێت، ئایا سامان دەبێتە شتێکی جگە لە گشتێتی پێداویستییەکان، شیاوێتیەکان، چێژەکان، هێزەکانی بەرهەمهێنانی تاکەکەسی و...هتد کە لە رێگەی گۆڕینەوەی هەمووەکیی دێتە کایەوە؟ مەگەر لەم دۆخەدا سامان شتێکی جگە لە زاڵبوون بەسەر تەواوی گەشەسەندنی مرۆڤ لەسەر هێزە سروشتییەکان، جا چ سروشت بە مانای تایبەت و سروشتی مرۆییە؟ واتا بەکارهێنانی رەهای توانا ئافرێنەرەکانی مرۆڤ بێ هیچ پێشگریمانەیەکی دیکەی جگە لە زەمینەی وەرچەرخانی پێشووتر، واتا وەرچەرخانی هەموو هێزە مرۆییەکان وەک ئامانجێک لە خۆیدا، بێئەوەی کە بە پێودانگێک لەپێش دیاریکراو ئەندازەگیری بکرێت؟ مەگەر نەک ئەمەی کە مرۆڤەکان تەنها لە لایەنێکی تایبەت ناپەرژێنە سەر بەرهەمهێنانەوەی خۆیان، بەڵکو گشتێتی خۆی دووبارە بەرهەمدەهێنێنەوە؟ مەگەر نەک ئەمەی کە مرۆڤەکان دەکارێن لە چوارچێوەی ئەو شتەی کە هەبووە بمێنێتەوە، بەڵکو لە جووڵەی رەهای بوونماندا (becoming) بێت؟ (7).

کەواتا بوونی جۆریمان بەرهەمهێنەرە و سەروکاری لەگەڵ کردنەوەی هێزەکانیدا هەیە لە رێگوزەری گۆڕانی جیهاندا.

داهێنانی پراکتیکی جیهانی سەبجکەتیڤی، درووستکردنی جیهانی بێگیان، دەرخەری ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی جۆری هوشیارە، واتا بونەوەرێک کە لەگەڵ جۆری خۆی وەک بوونی زاتی خۆی یان لەگەڵ خۆی وەک بوونەوەرێکی جۆریی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەوەش ڕاستە کە گیانەوەرانیش بەرهەم دەهێنن، بەڵام گیانەوەران تەنها پێداویستیە خێراکانی

خۆیان یان منداڵەکانیان بەرهەم دەهێنن، بەرهەمهێنانی گیانەوەران یەکلایەنەیە، هەنووکە ئەوەی کە مرۆڤ هەمە لایەنە بەرهەمدەهێنێت، گیانەوەران تەنها ئەو کاتە دەستدەکەن بە بەرهەمهێنان کە پێداویستی و ویستی خێرای جەستەیی بەم کارە وایان لێبکات، هەنووکە ئەوەی مرۆڤ، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە کۆت و بەندی جەستەیی ئازادە، بەرهەمیدەهێنێت و بەڕاستی تەنها لە ئازادیدا لە ویستێکی وەهادا دەست بە بەرهەمهێنان دەکەن. (EW329)

ئێمەش وەک هونەرمەندان ئەو کاتە ئازادین کە بەبێ هیچ پاڵنەرێک زەرورەتی جەستەیی بەرهەمبهێنین، هەر ئەم زاتەیە کە لە دیدی مارکس بە گەوهەری هەموو تاکەکان دێنە هەژماردن. من بە پەروەردەکردنی کەسایەتی تاکەکەسیم لە رێگوزەری درووستکردنی جیهان، هەروەها بە شێوە و ناوەڕۆک بەخشین بەو شتە سەرقاڵدەبم، کە بە قووڵترین شێوە لەگەڵ ئەوانی دیکە هاوبەشن، بە شێوەیەک کە تاک و بوونی جۆری لەسەر ئەنجامی کارکردندا دەبنە یەک شت. دەستکەوتی من بریتیە لە بوونی من بۆ ئەوانی تر، بوونی ئەویتر بۆ من بە پێشگریمانە وەردەگیردرێت. ئەمەش لە دیدی مارکس هەقیقەتێکی ئۆنتۆلۆژییە کە لە جۆری ئەو بوونەوەرانەی کە ئێمەیین بە ئەنجامگیری دەکردرێت، بەڵام دەشێت فۆرمگەلێکی دیاریکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەم دوو رەهەندەی خود، واتا تاک و کۆ، کەلێنێک درووستبکەن، ئەمەش لەڕاستیدا هەمان ئەو شتەیە کە مارکسی گەنج لە نامۆبوونی دەویست. بە گوزارشتێکی تر کەلێنێکی وەها بەردەوام بوونی هەیە، چونکە لە گەوهەری مرۆڤدایە کە دەتوانێت زاتی خۆی سەبجکەتیڤیەتی پێ ببەخشێت، لێی دوور بکەوێتەوە، ئەمەش سەرچاوەی ئازادی ئێمەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەی چینایەتی ئەو کەلوپەلانەی کە زۆربەی

ژنان و پیاوان بەرهەمی دەهێنن کەمینەیەک دەکاتە خاوەنی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی لەدەستدایە، لێرەوەیە ئەم خاڵە سەردەردێنێت کە پیاوان و ژنان ئیدی ناتوانن خۆیان لە جیهانێکدا دووبارە بناسێننەوە کە خۆیان ئافراندویانە. خۆبەرجەستەکردنیان ئیدی ئامانجێکی لە خۆیدا نییە، بەڵکو بۆ خۆپەروەردەکردن ئەوانی دیکە لایەنێکی ئامرازیی بە خۆیەوە دەگرێت:-

ئەم واقیعە بەو مانایەیە کە ئەو شتەی کار بەرهەمی دەهێنێت، واتە دەستکەوتی کار، لەبەرامبەر کار وەک شتێکی نامۆ، هاوشێوەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە بەرهەمهێنەر زانست بەرز دەکاتەوە. دەستکەوتی کار برینیە لەو کارەی کە لە شتێکی بەرجەستەکراو و بە شێوەی شتی ماددی دەرکەوتووە، ئەمە بە مانای دۆزینەوەی سەبجکەتیڤییەتی کارە. لە قەڵەمڕەوی ئابوری سیاسی ئەم واقیعەی کار لە دیدی کرێکاران بە شێوەی دەرنەکەوتووی واقیعەت، دۆزینەوەی سەبجکەتیڤییەت بە شێوەی نادیاری شت و بەندەیی لە بەرامبەری و خاوەنی (دەستکەوت) بە شێوەی نامۆبوون (لەگەڵ دەستکەوتی کار) دەردەکەوێت ... کاری نامۆبوو نەک تەنها سروشت لە مرۆڤ بێگانە دەکات و مرۆڤ لە خۆشی، لە ئەرکە چالاکەکەشی بگرە لە چالاکی ژیانیشی نامۆی دەکات، بەڵکو هەروەها بەم شێوەیە مرۆڤ لە جۆری خۆیشی نامۆ دەکات. کاری نامۆبوون ژیان بە ئامرازێک بۆ ژیان دەگۆڕێت (EW 324–328).

بە دیدی مارکس، کرێکار تەنها ئەو کاتە هەست بە هێمنی و ئارامی دەکات، کە کارناکات و ئەو کاتەی کە کار دەکات هەست بە هێمنی و ئارامی ناکات. بەم چەشنە، نامۆبوون پرۆسەیەکی چەند لایەنەیە: کرێکار لە سروشت، لە دەستکەوتی کارەکەی و لە خودی پرۆسەی کار و لە لاشەکەشی جیا دەکاتەوە، هەروەها لەو چالاکییە ژیانییە بە کۆمەڵەکەشی

جیا دەکاتەوە، کە ئەو بەڕاستی بە شێوەی بوونەوەرێکی مرۆیی دەردەخات. مارکس دەنووسێت: «بە شێوەیەکی گشتی مەبەست بەم گوزارەیەی کە مرۆڤ لە بوونی جۆری خۆی نامۆ دەبێت ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێک لەوانی تر نامۆ دەبێت و هەمویان لە زاتی مرۆیی نامۆ دەبن» (EW330)

بەرهەمهێنەران کە بەرگەی «لە دەستدانی واقیع» (Loss of reality) دەگرن لەگەڵ کاری خۆیان بە شێوەیەکی تەنزئامێز هەمان ئەو حکومەتە ئاڕاستە دەکەن، کە ئەم هەلومەرجەی هێناوەتە کایەوە:

هەرچی کرێکار لە کاردا لە خۆی زیاتر مایە بگرێت، جیهانی نامۆ و سەبجکەتیڤی کە دەیئافرێنێت، لە دژی خۆی بەهێزتر دەبێت و ژیانی خۆی و جیهانی ناوەکیشی بە تاڵتر دەبێت و شتەکان و کاڵاکان کەمتر لەوەی ئەو دەبن، ئەمەش لەمەڕ ئاینیش هەر ڕاستە. هەرچی مرۆڤ زیاتر خۆی بۆ خوا تەرخان بکات، کەمتر سەرقاڵ دەبێت بە خۆی. کرێکار ژیانی خۆی تەرخاندەکات بە شت و کاڵاکانەوە، بەڵام هەنووکە ئەم ژیانە ئیدی نەک بە ئەو، بەڵکو بە شتەوە بەستراوەتەوە. لەم ڕووەوە هەرچی چالاکی کرێکار بەربڵاوتر بکردرێت، دەبێتە خاوەنی شتگەلێکی کەمتر. دەستکەوتەکانی کاری ئەو هەرچی بێت، ئەو ئیدی خۆی نییە. لەم ڕووەوە هەرچەندە ئەم دەستکەوتانە زیاتر بێت، ئەو کەمتر خۆیەتی. نامۆبوونی کرێکار بە مانای ئەوەیە کە نەک تەنها کاری کرێکار بە شێوەی شتێک و بوونی دەرەکی دەردەکەوێت، بەڵکو ئەمکارە لە دەرەوەی ئەو، سەربەخۆ لەو نامۆ بە ئەو بوونی هەیە، هێدی هێدی بە شێوەی هێزێکی خۆفەرمان لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەو ژیانەی کە کرێکار بە شتەکانی دەدات بە شێوەی دوژمن و نامۆ لە بەرامبەر ئەو رادەوستێت(EW 324).

دەستکەوتەکانی کرێکار لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی ئەو دەچێتە دەرەوە و سەربەخۆییەکی تایبەتی خۆی بەدەست دێنێت، دەسەڵاتێکی جادووئامێز لەسەری بەکاردەهێنێت کە مارکس دواتر ئەوەی بە «بە بتبوونی کاڵاکان» ناودێر کرد. لە دیدی مارکس کاڵا بریتیە لەو دەستکەوتەی کە دەتوانێت بە شێوەی یەکسان لەگەڵ کاڵای دیکە سەودا بکرێت، چونکە بە هەمان ڕێژە شێوە و ناوەڕۆک بەکار دەبەخشێت، بەو چەشنەی کە لە کتێبی سەرمایەدا ڕوونی دەکاتەوە.

لێگەڕێن با دوو کاڵا وەک ئاسن و دانەوێڵەکان لەبەرچاو بگرین. پەیوەندیگەلێک کە لەناو ئەم دوو کاڵایەدا پێکەوە شایەنی سەودا پێکردنن، ئەم پەیوەندییانە هەرچی بێت، هەمیشە دەتوانرێت بە هاوکێشەیەک نیشان بدرێت کە تێیدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دانەوێڵە یەکسانە بە ڕێژەیەکی ئاسن. ئەم هاوکێشەیە چیمان پێدەڵێت؟ ئەم هاوکێشەیە پێماندەڵێت کە لە دوو شتی جیاواز (لەیەک چارەک دانەوێڵە و ڕێژەی ئاسن)، ڕێژەگەلێکی یەکسان لە شتی سێیەم هاوسەنگ بن، کە بۆ خودی خۆی نە ئەمەیە و نە ئەویان. هەریەک لەو دووانە، لەڕووی بەهای سەوداکردن دەبێت شایەنی کورتکردنەوە بن بۆ سێیەم. ئەم «شتە» هاوبەشە نە دەتوانێت ئەدگاری ئەندازەیی، کیمیایی، نە هەر ئەدگارێکی سروشتی کاڵاکانی دیکەی هەبێت. ئەدگارگەلێکی وەها تەنها تا ئەو شوێنە هەژمار دەکرێن کە کاریگەری لەسەر سوودمەندی ئەم کاڵایانە بەجێ دەهێڵن، ئەوانە بۆ بەهاکانی بەکارهێنان دەگۆڕدرێن، بەڵام سەوداکردنی کاڵاکان بە ئاشکرا ئەو جووڵەیەیە کە خۆی بە ئەبستراکتێکی ڕووت لە بەهای بەکارهێنان نیشاندەدات. کاڵاکان، وەک بەهاکانی بەکارهێنان، بە تایبەت هەڵگری چۆنایەتییە جیاوازەکانن، بەڵام وەک بەهاکانی سەوداپێکردن تەنها هەڵگری چۆنایەتیگەلێکی جیاوازن و لە

ئاکامدا هەڵگری ئۆزقاڵێک بەهای بەکارهێنان نیین. بەم چەشنە، ئەگەر ئێمە بەهای بەکارهێنانی کاڵاکان لەبەرچاو نەگرین، لەو شێوەیەدا تەنها ئەدگارێک بەجێدەمێنێت، ئەو ئەدگارەش ئەمەیە کە ئەم کاڵایانە دەستکەوتگەلێکی کارا و چالاکن (C vol 1 37).

بەم چەشنە لەلای مارکس کاڵاکان کەینونەگەلێکی دوانەیین کە ژیانی دوالیزمیان هەیە، چونکە ئەوەی بە ڕاستی ئەوانە بۆ کاڵاکان دەگۆڕێت بە شێوەیەکی سەیر سەربەخۆ لە ئەدگارە مادییەکانی ئەوانەیە. کاڵاکان بوونیان هەیە تەنها بۆ ئەوەی کە سەودا بکرێن و کاڵایەک بە هەبوونی هەموو دەرکەوتە هەستییەکان، رێک هاوسەنگە بە هەر کاڵایەکی دیکە کە هەمان رێژەی هێزی کار شێوە و ناوەڕۆکی پێ دەبەخشێت، بەڵام بەم شێوەیە کاڵا دیاردەیەکی تەواو ئەبستراکتە کە بە شێوەگەلێک لەگەڵ کاڵاکانی دیکە پەیوەندی درووستدەکات، کە ڕاستەوخۆ و یەکسەر سەربەخۆ لە ژیانی دیار و بەرچاوی بەرهەمهێنەرانیەتی.

لەم ڕووەوە کاڵا شتێکی ئاڵۆز و هێمایییە، بە تایبەت لەو روەی کە لە کاڵادا ئەدگارێکی کۆمەڵایەتی کاری مرۆڤەکان لەلای ئەوان وەک ئەدگارێکی سەبجکەتیڤی دەردەکەوێت، کە لەسەر دەستکەوتەکانی کار زاڵ و دەستباڵا بووە، لەو ڕووەوەی کە پەیوەندی بەرهەمهێنەران بە کۆی کارەکەیان، لە دیدی ئەوان، وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت پەیوەندیەک نەک لە نێوانیان، بەڵکو لەنێوان دەستکەوتەکانی کارەکانیان بوونی هەیە. بوونی شتەکان وەک کاڵاکان، پەیوەندی بەهای نێوان دەستکەوتەکانی کار کە رۆڵی کاڵایان لەسەر دەگێرن، پەیوەندی لەگەڵ ئەدگارە نامادییەکانیان و پەیوەندیە مادییەکان کە لێیەوە سەر دەردەکات نییە...پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە نێوان مرۆڤەکاندایە کە لە دیدی ئەوان شێوەیەکی

وەهماوی و خەیاڵی پەیوەندی نێوان شتەکان بە خۆیەوە دەگرێت. بۆ ئەوەی کە پێوەرێک بە دەستەوە بدەین دەبێت بە سنووره تەمومژاوییەکانی جیهانی ئاینی پەیوەست بین. لەو جیهانە دەستکەوتەکانی ئادەمیزاد بە شێوەی بوونگەلێکی سەربەخۆ دەردەکـەون کە لە ژیاندا سوودمەندن، پەیوەندیگەلێکی لەگەڵ یەکترو لەگەڵ جۆری مرۆڤ بەرقەرار دەکەن، دۆخی دەستکەوتەکانی دەستی مرۆڤ لە جیهانی کاڵاکان بەم چەشنەیە. من ئەم دۆخە بە «بتبوون» دادەنێم کە خۆی بە دەستکەوتەکانی کار گرێدەدات بەو چەشنەی کە وەک کاڵاکان بەرهەمبهێنرێت، بەمجۆرە لە بەرهەمهێنانی کاڵاکان جیا ناکرێتەوە (C vol.1 72).

پوختەی قسە، سەرمایەداری جیهانییە کە تێیدا زیهن و عەین، یاخود سوژە و ئۆبژە ئاوەژوو دەبنەوە. ئەو قەڵەمڕەویە کە تێیدا مرۆڤ شوێنکەوتووی بەرهەمهێنراوەکانی خۆیەتی و هەر ئەم بەرهەمهێنراوانە چارەنوسی ئەو دیاریدەکات و بە شێوەیەکی ئاڵۆز و توندئامێز دەگەڕێنەوە، تاوەکو کاریگەری لەسەر بوونی مرۆڤ بەجێبهێڵێت، زیهن یان سوژەی مرۆیی عەین، یاخود ئۆبژەیەک دەهێنێتە کایەوە کە لەوە بەدوا بە شێوەی زیهنئاسا یان سوژەیەک دەردەکەوێت کە دەتوانێت ئافرێنەری خۆی تا سنوری ئامێری دەستی کورتبکاتەوە. ئەو کاتەی کە سەرمایەی کار بەکاردەهێنرێت نەک بە پێچەوانەوە، فاکتی مردووی دەسەڵاتی خوێنمژ لەسەر هەمان فاکت زیندوو دەبێتەوە، چونکە خودی سەرمایەی «مردوو» یاخود کار کەڵەکراوە:

هەرچەند کەمتر بخۆیت، کەمتر بنۆشیت، کەمتر کتێب بکڕیت، کەمتر بۆ شانۆ بڕۆیت، کەمتر بۆ سەماخانە و میگسازی بڕۆیت، کەمتر بیر بکەیتەوە، کەمتر تیۆریە دابنێیت، کەمتر گۆرانی بڵێیت، کەمتر شێوەکاری بکەیت، کەمتر شمشێربازی بکەیت، و ... هتد زیاتر دەتوانیت پاشەکەوت

بکەیت و ئەو گەنجینەیەی کە نە ژەنگ لێیدەدات و نە کرم دەیخوات (واتا سەرمایەکەت) زیاتر دەبێت. هەرچی کەمتر بیت و کەمتر لە ژیانت سود وەربگریت، هەرچی زیاترت هەبێت ژیانی لە خۆ نامۆبوونت زیاتر دەبێت، پاشەکەوتکراوی ژیانی لەخۆ نامۆبوونت زیاتر دەبێت. هەر کارێک تۆ نەتتوانی ئەنجامی بدەیت، پارەی تۆ دەتوانێت بۆت ئەنجام بدات (EW 361).

ئەم پرۆسەی بەشتبوونەی کە تێیدا گیاندار و بێگیانەکان ئاوەژوو دەکەنەوە و مردو لەسەر زیندوو زاڵ و دەستباڵا دەکەن، بە تایبەت لە "کاڵا هەمووەکییەکان"، واتا پارە، ئاشکرایە:

هەرچەند دەسەڵاتی پارەی من بەهێزتر بێت ئەوا من بەهێزترم. ئەدگارەکانی پارە ئەدگارەکانی من و هێزەکانی منن، واتا من خاوەنی شت و دەسەڵاتدارم. بەم چەشنە، ئەوەی منم و ئەوەی من دەتوانم ئەنجامی بدەم، بە هیچ شێوەیەک تاکایەتی من دیاری ناکات ناشرینم، بەڵام دەتوانم جوانترین ژنەکان بکڕم و ئەمە بەم مانایەیە کە من ناشرین نیم، چونکە کاریگەری ناشرینی و دەسەڵاتە بێزارکەرەکەی، پارەی من لە نێوی دەبات. وەک تاکێک، من مرۆڤێکی چوارپێ و بێبەهام، بەڵام پارە بیست و چوار پێم بۆ دەست و پێ (زین) دەکات. بەم چەشنە، من کەرو بێ بەها نیم. من مرۆڤێکی رەزیل، بێ شەرەف، فێڵباز و بێئەقڵ و گەمژەم، بەڵام پارە بەرێزە و بەم چەشنە هەڵگرەکەشی بەرێزە. پارە سەرەتای هەموو باشییەکانە، لەم ڕووەوە هەڵگرەکەشی باشە (EW 377).

مارکس لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە پارە «سۆزانییەکی گەردوونی، دەکاتە خڕخاڵی گەردوونی پیاوان و خەڵکان»، پارە جۆرێک زمانی پەرێشان و شێواوە کە تێیدا هەموو چۆنایەتییە مرۆیی و سروشتییەکان بە یەکەوە

ریز دەکاتْ و ئاوەژوو دەبنەوە و هەموو شتێک دەتوانێتْ بە شێوەیەکی جادوویی بۆ شتێکی دیکە بگۆڕێتْ.

ئەوەی مارکس لە کۆمۆنیزم لەبەرچاوی دەگرێتْ ئەمەیە، کە پیاوان و ژنان جیهانی خۆیان، لاشە بەرهەستەکانی خۆیان، چالاکی ژیانی خۆیان هەبێتْ و بوونی هاوبەشیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. کۆمۆنیزم رێک ئەو جۆرەی بونیادی سیاسییە کە وامان لێدەکاتْ تاوەکو بوونی زەوتکراوی خۆمان، ئەو هێزانەی کە لە کۆمەڵگەی چینایەتی لێمان نامۆ بووە، سەرلەنوێ ببینە خاوەنی. ئەگەر ئامرازی بەرهەمهێنان بە هاوبەشی هەمووومان ببینە خاوەنی و بە شێوەیەکی دیموکراتیکی چاودێری لەسەر بکرێتْ، ئەو کاتْ ئەو جیهانەی کە پێکەوە دەیئافرێنین بە هاوبەشی بە هەموومانەوە پەیوەستْ دەبێتْ، خۆبەرهەمهێنەریی (Self–production) هەر کەسێک بە شێوەی شتێک لەخۆ واقیعەتبەخشی هەمووەکی دەردەکەوێتْ.

---

1/ 1770) William wordsworth–1850) شاعیری ئینگلیزی.

2 / 1790) John Keats–1821) شاعیری ئینگلیزی.

**سەرچاوە:**

– مارکس و ئازادی، تیری ئیگلتون.

# ئاشنابوون بە مارکس

ن: پیتێر سینگێر
واشنتۆن دی سی زۆئەنی (1979)
لە فارسییەوە: شۆڕش محەمەدی

سەبارەت بە مارکس زۆر لەبەردەستدایە، بەڵام هێشتاش دۆزینەوەی کتێبێکی سەرەتایی سەبارەت بە ئەوە کە کورت و بەکەڵک بێت، ئاسان نییە، مارکس بە ڕادەیەک زۆری نوسیوە و ئەوەندە باس لە بابەتی جۆراوجۆری کردووە، کە دژوارە بتوانرێت سەرجەم بیروئەندێشەی ئەو بزانرێت، بە بڕوای من هزرێکی بنەمایی، یان هێنانە پێشچاوی جیهان، سەرجەم لق و پۆپەکانی فکری مارکس بە یەکەمەوە دەلکێنێت و ڕەهەندە فکرییەکانی ئەو ڕووندەکاتەوە لەو کتێبەدا هەوڵدەدەم بە زمانێکی ساکار بۆ کەسانێک کە خوێندنەوەی پێشووتریان، سەبارەت بە نوسراوەکانی مارکس نەبووە، یان خوێندنەوەیەکی کەمیان بووە، بڵێم کە ئەو هزرو بنەماییە چییە، ئەگەر لەو کارەدا سەرکەوتوو بم، هەوڵدانم بۆ زیادکردنی کتێبێکی دیکە بەکۆی کتێبەکانی، کە تائێستا سەبارەت بە مارکس و مارکسیزم نوسراون، جێگای ڕەزامەندیە، بۆ وردەکارییەکانی ژیانی مارکس سودێکی زۆرم لە کتێبی بە نرخی (دەیوید مەک لان)، ژیان و هزری کارل مارکس وەرگرتووە، بۆچوونی من سەبارەت بە بیرۆکەی مارکس لە بابەت مێژوو کاریگەری لە کتێبی جی. ئەی.کۆهێن، بەرگرییەک لە خوێندنەوەی مارکس لە مێژوو وەرگرتووە، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کەلەگەڵ هەموو ئاکامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە دژوارو قووڵ نایەمەوە، جێرالد کوهێن بە وردی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە پێشنووسی ئەو کتێبە بۆ من نووسی و لە چارەسەرکردنی

چەندین هەڵە یارمەتیدام، رابێرت هایل برۆنتیر، رێنا تاسینگێر و مێری لین وێلزیش سەبارەت بە پێشنووسی کتێبەکە بۆچوونی باشیان هەبوو کە سوپاسی هەموویان دەکەم.

## ژیان و کاریگەری مارکس

کاریگەری مارکس تەنیا لەگەل کاریگەری کەسایەتیە دینییەکانی وەک عیسای مەسیح، یان محەمەد هەڵدەسەنگێندرێت، ئەمرۆکە لە(10) کەس ، (4) کەسیان لە وڵاتێکدا ژیان بەسەردەبەن، کە دەوڵەتەکانیان خۆیان بە مارکسیست دەزانن و ئیدیعای ئەوە دەکەن، هەرچەند بە ناڕاست کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا کەڵک لە بنەما مارکسیستییەکان وەردەگرن. مارکس لەو وڵاتانەدا هاوشانی عیسای ئەو جیهانەیە، نوسراوەکانی مارکس بە سەرچاوەی شاراوەی راستییەکان و ئیعتبار دەژمێردرێن و رەسمی ئەو لە هەموو شوێنێک بەرێزەوە نشیاندەدرێت، میراتی مارکس کاریگەریەکی یەکجار زۆری لەسەر ژیانی سەدان ملیۆن کەس داناوە.

کاریگەری مارکس تەنیا بەرتەسک نەکراوەتەوە بە کۆمەڵگا کۆمۆنیستیەکان. دەوڵەتانی موحافزەکار، چاکسازی کۆمەڵایەتیان بەڕێوەبرد، تا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی مارکسی سەرهەڵنەدات، کاردانەوەی موحافزەکاران (لە بەرامبەر مارکسیزم) هەمیشە خێرخوازانە و مرۆڤدۆستانە نەبووە، ئەوان یارمەتی هیتلەر و مۆسۆلۆنیان کرد، تا بە دەسەڵات بگەن، چۆن ناسیۆنالیزمی هەوسار پچڕاوی ئەوانیان بە وەڵامێک دەزانی بۆ مەترسی مارکسیزم، تەنانەت دەوڵەتەکان ئەو کاتانەی کە مەترسی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نییە، هەبوونی دوژمنی مارکسیستی دەرەکی دەکەنە بیانوو، بەناوی ئەمنیەتی نەتەوەیی، خەرج و مەخارجی سەربازی پەرەپێدەدەن و مافە تاکەکەسییەکان بەرتەسک دەکەنەوە.

ڕۆڵ و دەورونەقشی مارکس لەبواری هزری سیاسیشدا بە ڕادەی کردەوەی سیاسی، ئایا ئەمڕۆکە کەسێک دەتوانێت بیر لە کۆمەڵگا بکاتەوە، بەبێ ئەوەی کەڵک لە بیرو ئەندێشەی مارکس، سەبارەت بە ئاوێتەبوونی ژیانی عەقڵی و ئابووری وەربگرێت؟ بیرو هزری مارکس بوو بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵناسی نوێ بێتە ئاراوە، خوێندنەوەی مێژووی گۆڕی، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر فەلسەفە، ئەدەبیات و هونەر دانا، بەو مانایە کە هەڵبەت خوێندنەوەیەکی زۆر درووست نییە ئێمە ئەمڕۆکە هەموومان مارکسیستین.

ئەو هزرو ئەندێشانەی کە تا ئەو رادەیە کاریگەریەکی بەربڵاوییان بوو، چ بوون؟ بابەتی ئەو کتێبە ئەوەیە، بەڵام سەرەتا هەندێک باس لەو کەسە بکەین کە ئەو ئەندێشانە هی ئەون.

کارل مارکس لەساڵی (1818) لە تریەرا لە راین لەندی ئەڵمانیا لەدایکبوو، باوک و دایکی ، هایزیش و هێزینا لەراستیدا یەهودی بوون، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئیش و کاری هایزیش کە پارێزگار بوو ئاسان بکەنەوە، بەناو ببوون بە پرۆتستانت. بنەماڵەی مارکس زۆر دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام ژیانێکی ئاسودە و باشیان هەبوو، ئەوان سەبارەت بە دین و سیاسەت بۆچوونێکی ئازادیخوازانەیان بوو، بەڵام رادیکاڵ نەبوون.

ژیانی فکریی مارکس دەسپێکێکی باشی نەبوو، مارکس لە تەمەنی (17) ساڵیدا بۆ خوێندنی مافناسی چوو بۆ زانکۆی «بۆن» هێشتا ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ نەبوو، کە بەهۆی خواردنەوەی مەشروب زیندانیکراو لە دوئێلێکدا برینێکی کەمی هەڵگرت، بۆ عیشقی دەورانـی منداڵی خۆی شیعری عاشقانەی وت، باوکی کە بەدەست ئەو کارانەی «کارل»ەوە تەنگاو ببوو، بڕیاریدا ئەو رەوانەی زانکۆیەکی جدی تر لە بێرلین بکات.

لە بێرلین هۆگرییەکانی مارکس زیاتر لە رابردوو بەرەو بابەتی

فکری چوو، خوێندنەوەکانی لە مافناسیەوە بەرەو فەلسەفە چوو، باوکی بەم کارە دڵشاد نەبوو لە نامەیەکی رەخنە ئامێزدا بۆی نوسی: «کەوتنە ناو کۆڕی زانایان بە قژی ئاڵۆزکاوەوە جێگەی شوێنکەوتن بەدوای سەرخۆشی گرتۆتەوە»، بەڵام ئەوەی مارکسی هاندا بیر لە پیشەی داهاتووی خۆی بکاتەوە، مردنی باوکی بوو، نەوەک لۆمە و سەرکۆنەکانی چۆن بەبێ داهاتی باوک، بنەماڵە نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی نادیار خەرجی مارکس بکێشێ، کەوابوو مارکس بە هیوای وانەوتنەوە لە زانکۆ، ئیشکردن لەسەر ماستەرنامە و دوکتۆرای  خۆی دەستپێکرد، ماستەرنامەی مارکس سەبارەت بە بابەتێکی تۆزێ لینیشتوو و زانایانە بوو، هەڵسەنگاندنی ناکۆکییەکانی فەلسەفەی دیمۆکرتیوس و ئێپی کوروس، بەڵام مارکس لەنێوان ئەو گفتوگۆ کۆنانە و قسەوباسانە، سەبارەت بە شیکردنەوەی فەلسەفەی هێگڵ کە لەو کاتەدا سەرچاوەی بۆچوونی جیاجیای سیاسی لە هزری ئەڵمانی بوو، چەند جیاوازیەکی دەبینی.

ماستەرنامەکە لەساڵی (1841)دا پێشکەش بە زانکۆ کراو پەسەندکرا، بەڵام مارکس بانگهێشت نەکرا بۆ ئەوەی لە زانکۆ وانە بڵێتەوە. لە مارکسدا هۆگری بۆ رۆژنامەنووسی سەریهەڵدا، سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەلسەفییەکان وتاری بۆ بڵاوکراوەی لیبرالی تازە دامەزراو «رۆژنامەی راین» دەنوسی، نوسراوەکانی مارکس جێگەی سەرنجی گشتی پێکهێناو پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە بەڕادەیەک بەربڵاوبویەوە، کەکاتێک لەساڵی (1843)دا سەرنوسەری رۆژنامەکە دەستی لەکارکێشایەوە، مارکس یەکەم کەس بوو. کە لەلایەن هەمووانەوە بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانکرا.

قۆناغی سەرنوسەری مارکس زۆر کورت بوو، بەبێ ئەوەی کە خۆی لەم بارەیەدا تاوانبار بێت، پەرەسەندنی هۆگری خەڵک بۆ رۆژنامە،

سەرنجی سانسۆرچییەکانی دەوڵەتی پرۆسی بەرەو لای ئەو راکێشا، زۆر کەس زنجیرە وتارەکانی مارکس سەبارەت بە هەژاری خاوەن مێوەکانی موزل زۆر بە گوڕوتین و هەڵخرێنەر دەزانن، بە هەر شێوەیەک بێت، دەوڵەت بڕیاریدا ئەو رۆژنامەیە دابخات.

مارکس لە نامەیەکدا بۆ هاورێیەکی نووسی کە (دەوڵەتییەکان ئازادی منیان بۆ من گەڕاندوەتەوە–mcbb). ئەو بەداخ نەبوو بۆ ئەم کێشەیە، مارکس کە لەدەست ئەرکەکانی سەرنوسەری رزگاری ببوو. بڕیاریدا خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی فەلسەفەی سیاسی هیگڵ بکات، کارێکی دیکەشی هەبوو، دەیویست لەگەڵ (یەنی) زەماوەند بکات کە(7)ساڵ بەسەر مارەبڕینیاندا تێپەڕ دەبوو.

مارکس دەیویست ئاڵمانیا بەجێبهێڵێت، چونکە نەیدەتوانی رای خۆی بە ئازادی لەو وڵاتە دەرببرێت، گرفتێکی دیکەش ئەوەبوو، کە بۆ زەماوەند پێویستی بە پارە هەبوو، لەو کاتەدا سەرلەنوێ بێکار ببوو، بەڵام ناوبانگی مارکس سەبارەت بە ئەوەی کە نوسەرێکی لاوو بەتوانا بوو، یارمەتی دەری بوو، داوا لە مارکس کرا، ببێتە سەرنوسەری هاوبەشی «ساڵنامەی ئاڵمانی–فەرەنسی». ئەو ئیشە پارەی پێویستی زەماوەندی بۆ دابینکردو کێشەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوی چارەسەر کرد، چۆن هەروەک لەناوی بڵاوکراوەکەدا بەرچاو دەکەوێت، بڕیاربوو ئەو بڵاوکراوەیە بەیەک رادە نوسەر و خوێنەری فەرەنساوی و ئەڵمانی بەرەو خۆی رابکێشێت.

کارل و یەنی لە پایزی ساڵی (1842) گەیشتنە پاریس و ماوەیەکی پێنەچوو، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئەو رادیکاڵ و سۆسیالیست نەگرت، کە لەو کانگای هزری پێشکەوتنخوازانەدا کۆببونەوە. مارکس لە بابەتی بۆ ئەو ساڵنامەیە نووسی، بەڵام تەمەنی ئەو ساڵنامەیە لە تەمەنی رۆژنامەکەش

کورتتربووە، لە ژمارەی یەکەمدا بابەتی هیچ نوسەرێکی فەرەنسەوی تێدا نەبوو، هەر بەو بۆنەشەوە لە پاریس بایەخێکی زۆر بەو ژمارەیەی نەدرا، بەرپرسانی دەوڵەتی پرۆسیش دەستیان بەسەر ئەو ژمارەیە لە ساڵنامەکە داگرت کە رەوانەی پرۆس کرابوون، لە هەمانکاتدا دەوڵەتی پرۆس بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە لەو ژمارە راگیراوەدا، حوکمی دەستبەسەرکردنی سەرنوسەرەکانیشی دەرکرد، مارکس نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا، ئەو ئیتر پەنابەرێکی سیاسی بوو، بەختت یاوەری مارکس بوو، پارەیەکی زۆری لە خاوەن پشکەکانی پێشووی رۆژنامەی "راین" پێگەیشت کەوابوو ناچار نەبوو ئیتر بەشوێن کاردا بگەڕێت.

مارکس بەگشتی لە ساڵی (1844)دا سەرقاڵی پەروەردەکردن و رونکردنەوەی زیاتری بابەتە فەلسەفیەکەی بوو، فەلسەفە لێرەدا مانایەکی بەربڵاوی هەیەو سیاسەت و ئابووری و خوێندنەوەیەک لە پرۆسەکانی مێژوویی خولقێنەر لە جیهاندا دەگرێتەخۆ، مارکس لەو سەردەمەدا ئیتر هیچ باکێکی نەبوو، کە خۆی بە کومۆنیست ناوزەد بکات، هەڵبەت لە ئەو کاتەدا کەسوسیالیست و کۆمۆنیست جۆراوجۆر تێیدا دەدۆزرایەوە، نازناوێکی غەریب نەبوو.

دۆستایەتی مارکس و ئەنگلس لەو ساڵەدا دەستیپێکرد، باوکی فرێدرێک ئەنگلیس خاوەنی کارگەیەکی ئەڵمانیا بوو، کە کارگەیەکی رستن و چنییشی لە مانجستەر هەبوو، بەڵام ئەنگلس بەهۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کۆڕو کۆمەڵە روناکبیرە ئەڵمانیانەی کە دواتریش مارکس پەیوەست بوو بە ئەوانەوە، سوسیالیستێکی شۆڕشگێڕی لێ سازببوو، ئەنگلس بابەتێکی بو ساڵنامەکە نووسی، کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر بیروبۆچوونی مارکس سەبارەت بە ئابووری دانا، کەوا بۆ جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە کاتێک ئەنگلس چوو بۆ پاریس، مارکس

چاوی پێکەوت، ماوەیەک دواتر ئەوان کارێکی هاوبەشیان لەسەر نامیلکەیەک دەستپێکرد، یان راستتر وایە بڵێین، ئەنگلس پێوابوو ئەو بەرهەمە دەبێتە نامیلکەیەک، ئەنگلس لە کاتی بەجێهێشتنی پاریسدا نوسراویکی لای مارکس دانا کە (15) لاپەڕە دەبوو، نامیلکەکە لەساڵی (1845)دا بە ناوی "بنەماڵەی پیرۆز" بڵاوکرایەوە، ئەو کتێبە (300) لاپەڕەییە یەکەم کتێبی مارکس بوو کە بڵاوکرایەوە.

دەوڵەتی پرۆسیا هەر لەو کاتەدا گوشاری خستەسەر دەوڵەتی فەرەنسە، سەبارەت بەو کۆمۆنیستە ئەڵمانیەی کە دانیشتوی پاریس کارێک بکات، حوکمی دەرکردنی مارکس دەرکراو بنەماڵەی مارکس لەو کاتەدا ببوون بە خاوەنی مناڵێکیش بەرەو برۆکسل رۆیشتن، ناوی مناڵەکەی مارکس هەر بەناوی دایکیەوە ناونرا (یەنی).

مارکس بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە لە برۆکسل، ناچارکرا کە بەڵێن بدات خۆ لە سیاسەت وەرنەدات، بەڵام بەڵێنەکەی شکاندو بە ئامانجی پێکهێنانی پەیوەندی لەنێوان ئەو کۆمۆنیستانەی کە لە وڵاتانی جۆراوجۆر ژیانیان بەسەر دەبرد، لیژنەی پەیوەندیە کۆمۆنیستەکانی رێکخستن، سەرەڕای ئەوانە مارکس توانی بۆ ماوەی (3) ساڵ لەبروکسل بمێنێتەوە، مارکس گرێبەستێک لەگەڵ ناوەندێکی بڵاوکردنەوە مۆرکرد، تاکتێبێک بنوسێت و تێیدا لێکدانەوەیەکی رەخنەگرانەی ئابووری و سیاسی بکات، بەپێی گرێبەستەکە کتێبەکە دەبوایە تا هاوینی ساڵی (1845) ئامادە کرابا، ئەوە یەکێک لە چەندین رێکەوتێک بوو، کە بۆ تەواوبوونی کتێبەکە دیاریکراو مارکس کتێبەکەی تەواو نەکرد، ئەوە هەر ئەو کتێبە بوو کە دواتر لەژێر ناوی سەرمایە بڵاوکرایەوە، ئەو کەسەی کەبڕیاربوو کتێبەکە چاپو بڵاوبکاتەوە، بەڵێنی دابوو تا پێش لە تەواوبوونی کتێبەکە بڕە پارەیەک بدات بە مارکس و گومانێک لەوەدا نییە ،کە سەبارەت بەو مەسەلەیە تا کۆتایی تەمەنی گلەیی و گازەندەی لەخۆی کردووە.

(لەکۆتاییدا گرێبەستەکە هەڵوەشایەوە و ناوەندی بڵاوکردنەوەکە تاساڵی (1871) هەروا هەوڵیدەدا کە پارەکەی وەربگرێتەوە). ئەنگلس هەر لەو کاتەوە یارمەتیکردنی ماڵیی بو مارکس دەستپێکرد و بەو هۆیەوە بنەماڵەی مارکس ئەوەندەیان هەبوو کە خۆیانی پێی بژێنن.

مارکس و ئەنگلس یەکتریان زۆر دەدی، ئەنگلس هات بۆ برۆکسل و دواتر هەردووکیان بۆ ماوەی (6) حەفتە سەردانی ئینگلیسیان کرد، تا لەدڵی سەردەمی پیشەسازی نوێدا یانی شاری مانجێستەر، لێکۆڵینەوە لەسەر ئابووری بکەن، (لەو کاتەدا کچی دووهەمی مارکس، لۆرا لەدایکبوو)، مارکس پاش گەڕانەوەی بۆ بروکسل بڕیاریدا نووسینی کتێبەکەی دوابخات، ئەو دەیویست پێش پێشکەشکردنی بۆچوونە ئیجابیەکەی، سەرجەم ئەو بۆچوونە جێنشینانەی کە تا ئەو کاتە لەنێوان بازنە سۆسیالیستی و فەلسەفییەکانی ئەڵماندا برەویان هەبوو، لەناو ببات، ئاکامی هەوڵی ئەوان کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی بوو، کتێبکی گەورەو دژوار کە لانیکەم (7) ناوەندی بڵاوکردنەوە ئەویان رەتکردەوە، تا لە کۆتاییدا بە قەوڵی مارکس کەوتنە بەر رەخنەی ئەو کێشانەی هەر دەزانن شت بجون، مارکس لەو ساڵانەدا جگە لەنووسینی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، کاتێکی زۆری لەو کەسانە بەسەر دەبرد کەدەکرا هاوپەیمانی بن، کتێبکی گفتوگۆی دیکەی نووسی (بەناوی هەژار فەلسەفە)و تێیدا رەخنەی لەپرۆدۆن گەورە سۆسیالیستی فەرەنسی گرت، مارکس لەبواری تیۆریەوە نەیاری بەوتەی خۆی ”هەڵسوکەوتی دواکەوتوانە، لەگەڵا دەسەڵات (mc172)بوو، لەهەمانکاتدا وەها باشە باوەڕی بەگرنگی هزرو ئەندێشەی خۆی هەبوو، کەنەیدەتوانی بۆچوونی نەیاری بۆچوونەکانی خۆی قبوڵ بکات، ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی کەلە لێژنەی پەیوەندیە کۆمۆنیستیەکاندا، کەدواتر سازبوو، گفتوگۆی زۆر بکرێت، مارکس چوو بۆ لەندەن تالەو

دیسەمبەری ساڵی (1847)دا بەشداری لەکۆمەڵەی یەکێتی کۆمۆنیستەکاندا بکات، کەهەر لەو سەردەمەدا پێکهاتبوو، لەلەندەن مارکس هەلەکەی قۆستەوەو کۆمەڵەکەی رازیکرد، لەسەرئەوەی کە بیروبۆچوونەکانی ئەو، بکاتە بنەمای چالاکیە کۆمۆنیستیەکانی خۆی، مارکس لە پرۆسەی ئەو گفتوگۆ دوورودرێژانەدا، بەرگری لە بۆچوونی خۆی، سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم کرد، کۆمەڵەکە لە کۆتاییدا مارکس و ئەنگلیسی کردە بەرپرس تا بە زمانێکی سادە رێنوێنییەکانی یەکێتی بنوسن، ئاکامی هەوڵی ئەوان کتێبی «مانیفێستی کۆمۆنیست» بوو، کە لە مانگی فیۆریەی ساڵی(1848)دا بڵاوکرایەوە و دواتر بوو بە کورتکراوەی کلاسیکی بۆچوونەکانی مارکس.

بـەڵام سەرکەوتنی مانیفێست دەسـت بەجێ نەبوو، هێشتا مانێفێست بڵاونەکرابووەوە کە شۆڕشی (1848)ی فەرەنسا، بارودۆخی ئەوروپای گۆڕی و هاتنەئارای چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی لە سەرانسەری ئەوروپا لێکەوتەوە، رێک ئەو کاتەی کە دەوڵەتی هەراسانی بەلجیکا مۆڵەتێکی (24) کاتژمێری بۆ مارکس دیاریکرد، کە خاکی ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێت، دەوڵەتی فەرەنسا حوکمی دەرکردنی مارکسی هەڵوەشاندەوە.

بنەماڵەی مارکس سەرەتا چوون بۆ پاریس و کاتێک هەواڵی سەرهەڵدانی شۆڕشی «بێرلین» یان بیست، گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا، مارکس لە «کۆڵن» بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی توندڕەو بەناوی رۆژنامەی «راینی نوێ» دەستی بە پارە کۆکردنەوە کرد.

رۆژنامەکە بەرگری لەو بزووتنەوانە دەکرد، کە شۆڕشیان رێکخستبوو بە گشتی دیموکراتیک بوون، بازاڕی رۆژنامەکەی بۆ ماوەیەک گەرم بوو،

بەڵام بە کوژانەوەی بڵێسەی شۆڕش، دامودەزگای دەسەڵاتداری پرۆس سەرلەنوێ حکومەتیان بەدەستەوە گرت و مارکس دووبارە ناچارکرا کە ماڵەکەی بگوازێتەوە، مارکس سەرەتا چوو بۆ پاریس، بەڵام دووبـارە دەرکرا، ئەمجارە لە (24)ی مانگی ئوتی ساڵی (1884)دا چوو بۆ ئینگلیس، بەو هیوایەی کە شۆڕشێکی هەمەلایەنە بارودۆخێک بخولقێنێ تا بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا.

مارکس پاشماوەی تەمەنی خۆی لە لەندەن تێپەرکرد، سەرەتا بنەماڵەی مارکس زۆر هەژار بوون، ئەوان لە ماڵێکی (3) هۆبەییدا، لە گەڕەکی سوهودا ژیانیان بەسەر دەبرد، واتا بە منداڵی چوارەمیان دوگیان بوو(پێشتر لە برۆکسل کوڕەکەیان ئێدگار لەدایکبوو)، سـەڕەرای ئەوە مارکس شانبەشانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان چالاکی سیاسی دەکرد، مارکس سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسا و ئاکامەکانی، چەند بابەتێکی نووسی (کە دواتر ئەنگلیس ئەوانی لەژێر ناوی ئێکهەڵچوونە چینایەتییەکان لە فەرەنسا بڵاوکردەوە) و هەوڵیدا بۆ یارمەتیدانی ئەندامانی کۆمیتەی ”کۆڵن“ی یەکێتی کۆمۆنیستەکان، کە بەرپرسانی پرۆس سەرقاڵی دادگاییکردنی ئەوان بوون، پشتیوانی خەڵک بۆ ئەوان بەدەستبێنێت، مارکس تەزویر بوونی بەڵگەکانی پۆلیسی بە ڕوونی نیشاندا، سەرەڕای ئەوە گرووپی کۆڵن مەحکومکران، مارکس گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەردەوامبوونی کاری یەکێتییەکە، ئیتر باش نییە و یەکێتی خۆی هەڵوەشاندەوە.

مارکس لەو کاتەدا بۆ ماوەیەک گۆشەگیر بوو و لەگەڵ هیچ گرووپێکی سیاسی و ڕێکخراو پەیوەندی نەبوو، هەرچی بەردەستی دەکەوت دەیخوێندەوە و لەگەڵ باقی پەنابەر، چەپە ئەڵمانییەکان گفتوگۆی عەقیدەتی دەکرد، لە نامەکانیدا بەردەوام گلەیی ئەوەی دەکرد، کە جگە لە نان و

پەتاتە، ناتوانیت بکڕێت هیچ شتێک، ئەویش نەک بەڕادەی پێویستیش مارکس تەنانەت هەوڵیدا لە ڕێگای ئاسن دابمەزرێت، بەڵام بەهۆی دەستنووس خراپی وەرییان نەگرت. مارکس مشتەری هەمیشەیی دوکانەکانی مەرجکردن بوو، هاوڕێیانی مارکس بە تایبەت ئەنگلس بە شێوەیەکی زۆر باش یارمەتی ئەویان دەکرد، کەوابوو ڕەنگە هەژاری مارکس، زیاتر بەهۆی نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی درووستی خۆیەوە بوو، نەک کەمی داهات، هێڵێنە و دیموت هاوڕێیەنی، هێشتا لەلای ئەوان ژیانی بەسەر دەبردو تا کاتی مردنی مارکس ئەوانی بەجێ نەهێشت. هێڵێنەی دایکی فێردریک، زرکوڕی مارکس کە لە ساڵی (1851)دا لەدایکبوو لەخۆی گرت، بەڵام بۆ ئەوەی کە خەڵک جۆرێکی دیکە بیر نەکەنەوە، بەخێوکردنی ئەو کوڕەیان بە ماڵێکی دیکە سپارد).

ئەو ساڵانەی بۆ بنەماڵەی مارکس کارەسات باربوو، کوڕی چوارەمیان هێشتا زۆر بچووک بوو کەمرد، یەنی سەرلەنوێ ژنەکەی سکی پڕبوویەوەو ئەوجاریش مناڵەکەیان پێش گەیشتن بەتەمەنی یەک ساڵی مرد، مردنی کوڕە (8) ساڵەکەیان بەناوی ئێدگار بەهۆی نەخۆشی سیل (ئازار بارێکە) قورسترین زەربەی لەئەواندا. لە ساڵی (1853)وە داهاتی مارکس باشتربووە، سەرنوسەری «نیۆیۆرک تریبون» کە لە کۆڵن چاوی بە مارکس کەوتبوو، داوای لێکرد کە بابەت بۆ ڕۆژنامەکەی بنوسێت و لە (10) ساڵی دواییدا بەشێوەی مام ناوەندی حەفتەی بابەتێکی ئەو لە تریبوندا چاپدەکرا (هەڵبەت ئەنگلس بە نهێنی هەندێک لەو بابەتانەی بە جێگەی ئەو دەنوسی) لە ساڵی (1854)دا (3) میرات بە یەنی بڕا و بارودۆخی ماڵی ئەوان باشترین بوو، بنەماڵەی مارکس ئیتر دەیتوانی لەدەست ژووره خەفە و بچوکەکانی سوهۆ ڕزگارییان بێت و بچن بۆ ماڵێکی (8) هۆدەیی لە(هەم پستدهین)

که نوێنی هەمیشەیی ئیستراحەتی یەکشەممانەی بنەماڵە بوو، هەر لەو ساڵەدا "ئێلەنور"ە کچی سێهەمی مارکسیش لەدایکبوو، لە ماڵەوە ئەوییان بە «تاسێ» بانگدەکرد، یەنی جارێکی دیکەش دووگیان بوو، بەڵام منداڵەکەی بە مردویی لەدایکبوو، لە مەودوا مارکس (3) منداڵی هەبوو، یەنی و لۆرا و ئێلەنور، مارکس باوکێکی خوێن گەرم و میهرەبان بوو بۆیان.

مارکس لەو ماوەیەدا چاوەڕێی سەرهەڵدانی شۆڕش بوو، بە پیترینساڵەکانی ژیانی مارکس، واتا ساڵەکانی (1857–1858) لەو هەڵوێستەی مارکس سەرچاوەی گرت، کە پێیوابوو دابەزینی ئابووری ئەوکات، سەرەتایی قەیرانی کۆتایی سەرمایەداریە، مارکس لە ترسی ئـەوەی کە رووداوەکـان پێش بیری ئەو بکەون، بەو جـۆرەی کە بۆ ئەنگلسی نوسی «بە تەواوی شەو بەشێوەیەکی شێتانە ئیشی» کرد تا «پێش هاتنی سێللاو» گەلاڵەی گشتی کارەکەی تەواو بکات (mc290). ئەو لەماوەی (6) مانگدا زیاتر لە (80) لاپەڕە پێش نوسینی بۆ سەرمایە نوسی (کە دواتر بە ناوی گرۆندریسە بڵاوکرایەوە)، لە ڕاستی ئەو پێش نوسە بە بەراورد لەگەڵ سەرمایە هەڵگری بابەت و مەسەلەی زۆر زیاترە، مارکس لەساڵی (1859)دا بەشێکی بچوک لە ئیشەکەی لەسەر زانستی ئابوری لەژێر ناوی "رەخنەی ئابووری سیاسی" بڵاوکردەوە، ئەو کتێبە (جگە لە سەرەتاکەی کە کورتەیەک لە ڕەوتی گۆڕانکاری هزری مارکسی پێوە دیارە و ئەمڕۆکە زۆر بەناوبانگە)، شتێکی زۆری لە ئەندێشەی داهێنەرانەی مارکسی پێ نەبوو و بڵاوبوونەوەکەی بەرەورووی بێدەنگیەک بویەوە.

مارکس بە جێگەی ئـەوەی کە بەشەکانی پاشماوە و باشتری پێشنوسەکەی بۆ چاپکردن ئامادە بکات، لەگەڵ کارێل ڤوگت، سیاسەتمەدارو

سەرنوسەری چەپگەرای ئەڵمانی، گفتوگۆیەکی جیدی و سەختی دەستپێکرد، مارکس ئیدیعای ئەوەیکرد، کە ڤوگت بەکرێگیراوی دەوڵەتی فەرەنسایە، گفتوگۆکەیان برایە دادگا، ڤوگت مارکسی بە ساختەچی ناولێبرد، مارکسیش وەڵامێکی توندوتیژی (200) لاپەڕەیی لە دژی ئەو نوسی.

چەند ساڵ دواتر ئاشکرابوو، کە ئەو ئیدیعایەی مارکس بێ بنەما نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەو بابەتەوە، هەم پارەیەکی زۆری لەدەستداو هەم ئەوەی کە بۆ ماوەی (18) مانگ نەیتوانی شتێکی پڕ بایەخ و هەمیشەیی بنوسێت.

کەمتەرخەمی لە تەواوکردنی بەرهەمە ئابووریەکەی هۆکارێکی جیدی تریشی هەبوو، ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کرێکاران، کە دواتر بە ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم ناسرا، لەساڵی (1864)دا لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا لە لەندەن پێکهات، مارکس بانگهێشتی بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیەی قبووڵ کرد، هەڵبژاردنی ئەو بۆ شورای گشتی، کۆتایی بە جیایی ئەو لە سیاسەت هێنا، توانای فکری و کەسایەتی بەهێزی مارکس لە ئەنجومەندا ئەوی کرد بە کەسایەتیەکی کاریگەر، مارکس سوخەنرانی دامەزراندنی ئەنجومەنی نوسی و پێڕەوی ناوخۆی ئەوی دارشت. هەڵبەت مارکس لەگەڵ ئەندامانی یەکێتیە کرێکاریەکان کەبەشی گەورەی گروپی ئینگلیسیەکانی ئەنتەرناسیۆنالیان پێکدەهێنا، ناکۆکی زۆری هەبوو، بەڵام لێهاتوییەکی زۆری لەخۆی نیشانداو لەئەنجومەندا جێگەی بۆ ئەو ناکۆکیانە هێشتەوەو لەهەمانکاتدا بەردەوام هەوڵیدەدا، ئەندامانی کرێکاری ئەنجومەن لە ڕوانگە درێژماوەکانی خۆی نزیکتر بکاتەوە.

لە کۆتاییدا مارکس لە ساڵی (1867)دا بەرگی یەکەمی سەرمایەی تەواو کرد، ئەمجاریش کاردانەوەی سەرەتایی زۆر سارد بوو، هاوڕێیانی مارکس زۆر سەرسام ببوون و هەرچی لە توانایاندا بوو کردییان، بۆ ئەوەی کە ئەو کتێبە لە بڵاوکراوەکاندا بناسێندرێت.

تەنیا ئەنگلس بۆ حەوت رۆژنامەی ئەڵمانی حەوت رەخنەی جیاوازی نوسی، کە هەموویان هاوڕای بۆچونەکانی مارکس بوون، بەڵام وردە وردە کتێبەکە بەرەوروی پێشوازیەکی زیاتر بووەوە، لەراستیدا بڵاوکردنەوەی شەڕی ناوخۆ لەفەرەنسا لە ساڵی (1871)دا بوو کە مارکس بەناوبانگ کرد، نە بڵاوکردنەوەی سەرمایە، ئەو کتێبە دەقی قسانێک بوو کە مارکس سەبارەت بە کۆمۆنی پاریس بۆ ئەنترناسیۆنالی نوسیبوو، کۆمۆنی پاریس راپەڕینی کرێکاران بوو، پاش شکستی فەرەنسا لە پرۆسیا.

کرێکاران بۆ ماوەی (2) مانگ کۆنترۆڵی شاری پاریسیان بەدەستەوە گرت و شاریان کۆنترۆڵ دەکـرد، ئەو بابەتە هیچ پەیوەندیەکی بە ئەنترناسیۆنال نەبوو، بەڵام لە بیروڕای گشتیدا ئەو دوانە، پەیوەندیان بەیەکەوە هەبوو، وتەکانی مارکس دوودڵییەکانی پێشووی سەبارەت بە بوونی پیلانی ئەنترناسیۆنالی کۆمۆنیستی بەهێزتر دەکردو ناو زراندنێکیشی بۆ مارکس بەدواوە بوو، کە هەروەک بۆ هاوڕێیەک نوسی «پاش (20) ساڵ ئاسایش ماندۆیکەر لە سوچی ماڵەکەم، بەڕاستی مافی خۆم پێدرا».

سەرکوتی وەحشیانەی کۆمۆنی پاریس، ئەنتەرناسیۆنالی لاواز کرد، ئەو ناکۆکیانەی کەتا ئەو کاتە بە شاراوەیی مابوونەوە، بە جارێک سەریانهەڵدا، مارکس لە کۆبوونەوەی (1873)دا بۆی دەرکەوت کە بە تەواوی ئیدارەکردنی ئەنجومەنی لەدەست چووەتەدەر، پێشنیاری بەرتەسککردنەوەی هێزی شورای گشتی ئەنجومەن بوو.

سەرەڕای دژایەتی جیدی مارکس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، مارکس نەیدەویست ئەنجومەن بکەوێتە دەست نەیارانیەوە، کەوابوو پێشنیاری کرد کە شورای گشتی لەمەوبەدوا لە نیۆیۆرک سەقامگیر ببێت، ئەو پێشنیارەی مارکس بە جیاوازیەکی کەم پەسەندکرا، ئەو بەباشی دەیزانی

کەئەو مەسەلەیە، وەک هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی ئەنتەرناسیۆنال وایە، چۆن بەسەرنجدان بەبارودۆخی پەیوەندیەکان لەو سەردەمەدا ئیدارەکردنی رێکخراوێکی ناڕادەیەکی زۆر ئەوروپایی لەودیوی زەریای ئەتڵەسیەوە بە کردەوە ئیمکان نییە.

مارکس لەو کاتەدا (54) ساڵی تەمەنی بوو و بارودۆخی تەندروستیشی زۆر باش نەبوو، تاساڵی کۆتایی تەمەنی مارکس بەنسبەت هێمن تر بوو، پێگەیشتنی چەند میراتێکی دیکە، بۆ هەمیشە مەترسی هەژاری لەسەر بنەماڵەی مارکس لابرد، ئیتر ژیانی بنەماڵەی مارکس لە زۆر بوارەوە وەک ژیانی بنەماڵە تێروتەسەلەکانی لێهاتبوو، بنەماڵەی مارکس شوێنی خۆیان بۆ ماڵێکی گەورەتر گواستەوە، پارەیەکی زۆرییان سەرفی کەلوپەلی ناوماڵ کرد، منداڵەکانیان نارد بۆ دواناوەندی کچان و سەردانی کانیاوەکانی ئاوی گەرمی ئەوروپایان کرد، مارکس تەنانەت دەیوت بە وەبەرهێنان لە پشکدا، پارەیەکی دەستکەوتووە، هەڵبەت ئەمە رێگری لەوە نەدەکرد، کە داوای پارە لە ئەنگلس بکات و ئەنگلس داواکەی بەجێدەگەیاند، لە کۆتاییدا بیروبۆچوونی مارکس کەوتە بەر سەرنج و لە ساڵی (1872)دا سەرمایە بۆ دووهەم جار چاپکرا، لە ساڵی (1872)دا سەرمایە بە زمانی روسی وەرگێررا و چاپکرا. مارکس لەنێوان شۆڕشگێڕانی روسیدا زۆر خۆشەویست بوو، ماوەیەکی دواتر بە زمانی فەرەنسیش وەرگێردراوە، سەرمایە کە هەروەک باقی کتێبەکانی مارکس، بە زمانی ئەڵمانی نووسرابوو، تا ئەو کاتەی مارکس لە ژیاندا بوو، وەرنەگێڕرایە سەر زمانی ئینگلیزی، بەڵام تەرخانکردنی کتێبێکی بچوک لە کۆمەڵەی پێشڕەوانی بیری نوێ، مارکس باسی لە خۆشەویستی دەکرد و و ناوبانگی رۆژ بە رۆژ زیاتر باسی ئەو دەکرا، تەنانەت لەناو خەڵکی ئینگلیزدا کە هۆگری تیۆری نین.

مارکس و ئەنگلس پەیوەندییان دەکرد بەو شۆڕشگێرانەوە کە لە سەرانسەری ئەوروپا لەگەڵ ئەوان هاوڕابوون، مارکس لە کاتەکانی دیکەدا، کەم تا کورت لەسەر بەرگی دووهەم و سێهەمی سەرمایە ئیشی دەکرد، بەڵام هیچ کات ئەوانی بۆ چاپ ئامادە نەکرد، ئەنگلس پاش مردنی مارکس ئەو کارەی کرد، دوایین نووسراوی گرنگی مارکس، سەبارەت بە دانیشتنی کۆتایی ئەڵمانە کە لە ساڵی (1875)دا بەڕێوەچوو، ئامانجی دانیشتنەکە ئەوەبوو، کە یەکگرتووییەک لەناو حزبە سۆسیالستەکانی رکابەری ئەڵمانیا پێکبێنێت، هەر بەو بۆنەوە پرۆگرامێکی هاوبەش دارێژرا.

سەبارەت بەو پرۆگرامە کە بە پرۆگرامی کۆتایی دەرکرد، لەگەڵ مارکس و ئەنگلس راوێژنەکراو، مارکس سەبارەت بەو لادانانەی کە لە سوسیالیزمی زانستی جێگای سەرنجی خۆی لە پرۆگرامەکەدا دەیبینی، تووڕە بوو، مارکس کۆی رەخنەکانی خۆی سەبارەت بەو پرۆگرامە نووسی و بڕیاریدا، کە لەناو رێبەرانی سوسیالستدا بڵاویبکاتەوە، رەخنەی پرۆگرامی کۆتا مەرگی مارکس بڵاوکرایەوە و ناوبانگی دەرکرد، چۆن یەکێک لەو بابەتە کەم وێنانەیە، کە مارکس سەبارەت بە رێکخستنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی داهاتوو شتێکی نووسیبێت، بەڵام رەخنەی ئەو لەو سەردەمەدا کە نووسرا، کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، یەکێتی جێگای سەرنجی حزبە سۆسیالستەکان پێکنەهات.

خەم و پەژارەی تاکەکەسی مارکس لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا، ئەو رەزامەندیەی کە دەکرا، ناوبانگێکی زیاتری بۆ دەستەبەر بکات، تارک و رەشکرد، کچە گەورەکەش واتە یەنیو لۆرا زەماوەندیان کردو بوون بە خاوەنی منداڵ، بەڵام هیچکام لە (3) منداڵەکەی لۆرا، زیاتر لە (2) ساڵ

زیاتر نەژیان، منداڵی یەکەمی یەنی هێشتا شیرەخۆرە بوو کە مرد، بەڵام یەنی (5) منداڵی دیکەشی بوو، کە هەموویان جگە لە یەکیان گەیشتنە تەمەنی لاویەتی. لە ساڵی (1881)دا هاوسەری خۆشەویستی مارکس، یەنی کە چەند ساڵ لە ئەو گەورەتر بوو، پاش نەخۆشیەکی درێژماوە کۆچی دوایی کرد.

مارکس ئیتر نەخۆش و بە تەنیا مابوەوە، لە ساڵی (1882)دا کچەکەی "یەنی"ش تووشی نەخۆشیەکی سەخت بوو، لە مانگی ژانویەی ساڵی (1883) دا کۆچی دوایی کرد، مارکس پاش مردنی کچەکەی پشتی راست نەکردەوە و بەهۆی توشبوون بە نەخۆشی (ذات الرئە) لە (14)ی مارسی (1883)دا کۆچی دوایی کرد.

# ئاشنابوون بــە مارکس هیگڵیەکی لاو

ن: پیتێر سینگێر

لە فارسییەوە: شۆڕش محەمەدی

هێشتا ساڵێک بەسەر هاتنی مارکس بۆ بێرلین بە مەبەستی خوێندن تێپەڕنەبوو بوو، کە لە نامەیەکدا بۆ باوکی نووسیبوو «هەرچی زیاتر خۆی لەگەڵ فەلسەفەی باو نزیکدەکاتەوە».

فەلسەفەی باو فەلسەفەی ویلهێلم فرێدریش هێگل بوو، هیگڵ لە ساڵی (1818)وە تا ساڵی (1831) کە کۆتایی تەمەنی بوو لە زانکۆی بێرلین وانەی دەوتەوە، فریدرێک ئەنگلس چەند ساڵ دواتر کاریگەری و کارتێکردنی (هێگل)ی لەو ساڵانەدا، کە ئەو مارکس هزرو بیری خۆیان دادەرشت، بەو رستانە دەربڕی .

چوارچێوەی دەزگای هێگلی لەسەرجەم ئەو دەزگایانەی پێشوتر بەرزتربوون، خەزێنەی ئەو ئەندێشانەی کەلەم بارەیەدا لەئارادان، تەنانەت ئەمڕۆکەش سەرسوڕهێنەرن.

هێنانە پێش چاوی ئەوە زۆر دژوارنیە کەدەزگای هێگلی لەکەشوهەوای ئاوێتە بەفەلسەفەی ئالماندا، چ کاریگەریەکی گەورەی بووە، دەزگای هێگلی دەیان ساڵا پێشڕەوی سەرکەوتوانەی خۆی درێژەپێدا، پێشڕەوی دەزگای هێگلی، هیچ کات بەمردنی هێگل کۆتایی پێنەهات، بەپێچەوانەوە "بەرەو هێگل چوون" لەنێوان ساڵەکانی (1830 تا1840) دەسەڵاتی رەهای بۆ خۆی دەستەبەرکردبوو، تاڕادەیەک کاریگەری لەسەر نەیارەکانیشی دانابوو.

کاریگەری پەیوەندیەکی نەپساوەی کەمارکس لەساڵی (1837)دا لەگەڵا

ئەو فەلسەفەیە پێکیهێنا، تاکۆتایی تەمەنی لەمێشکیدا مابووەوە، مارکس لەساڵی (1844)دا کاتێک سەبارەت بەهێگل نووسی:(دیاردە ناسی"روح"ی بە"مەڵبەندی راستەقینەو تەلەسمی دەروازەی فەلسەفەی هێگل (Epm98) ناویلێنرا، هەر بۆیە ناچارین کە لێنێگەیشتنی مارکس لەو کتێبە گەورەو دژوارەوە دەستپێبکەین.

هاوپەرای ئالمانی «زەین» هەندێجار بە «رۆح» وەردەگێڕن، هێگل ئەو وشەیە بۆ ئاماژەکردن بە لایەنی مەعنەوی جیهان بەکاردەهێنێ، کە لە نوسراوەکانیدا بەشێوەی جۆرێک لە رۆحی گشتی، یان جیهانی بەکارهاتووە رۆحی من، رۆحی ئێوە و رۆحی هەر گیانلەبەرێکی خاوەن هەست، بەشێکی بەرتەسک و بچکۆلە لە رۆحی جیهانیە، سەبارەت بە ئەوەی کە مەبەستی هێگل لە رۆحی جیهانی خودایە، یان ئەوەی کە هێگلیش هەروەک یەکێتی بوونەکان، خودای لەگەڵ جیهان بەگشتی وەک یەک زانیوە، موناقشەی زۆر کراوە، ناتوانین وەڵامێکی لێبراوانە بەو پرسیارە بدەینەوە، بەڵام باشتروایە کە رۆحی جیهانی بخەینە ناو کەوانەیەکەوە، تا لەگەڵ زەمینە بچوکەکانی خۆمان بەهەڵە وەرنەگیرێ.

دیاردەناسی رۆح، مەسیری گەشەو پەروەردەبوونی "رۆح" لەپێکهاتنی سەرەتاییەوە لەچوارچێوەی رۆحی تاکەکاندا، کەهۆشیارە، بەڵام خۆ ئاگاو ئازادنییە، تا رۆح بەشێوەی کۆیەکی بێ هاوتای ئازادو بەتەواوی خۆئاگا دەپێوێ.

ئەو پرۆسەیە بەتەنیا مێژوویی، یان بەتەنیا عەقڵانی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی غەریبە لەهەردووکیان، دەتوانین کەهێگل دەیەوێ ئەوە دەربخات، کەمێژوو بەرەوپێشچوونی گیانە لەرێڕەوێکی عەقڵانی زەروروداو زەین بۆ گەیشتن بەئامانجی کۆتایی دەبێ ئەو رێڕەوە بپێوێت.

ڕێڕەوی گەشەو پەروەدەبوونی زەین دیالێکتیکیە، وشەی دیالێکتیک ناوی مارکسمان بیردەخاتەوە، لەبەرئەوەی کەفەلسەفەی مارکس بە "ماتریالیزمی دیالێکتیک" ناسراوە، خاڵی جەوهەری دیالێکتیکی ئەندیشەی مارکس لەهێگل وەرگیراوە، هەر بۆیە دەبێ بزانین "دیالێکتیک" چییە؟

لەوانەیەکە بەناوبانگترین بەشی دیاردەناسی لەوە دابێت کەباس لەپەیوەندی نێوان خوداو عەبد دەکات، ئەو بەشە بەڕوونی مەبەستی هێگل لەدیالێکتیک پیشاندەدات، لەهەمانکاتدا بیرۆکەیەک لەو بەشەدا گەڵاڵەکراوە، کەلەبۆچوونی مارکسدا سەبارەت بەپەیوەندی نێوان سەرمایەدارو کرێکار هەستیپێدەکرێ، مرۆڤی سەربەخۆ لەبەرچاوبگرن، کەلەبابەت سەربەخۆیی خۆیان هۆشیاریان هەیە، بەڵام سەبارەت بەخووخدەی هاوبەشیان، وەک چەند لایەنێک لەرۆحی جیهانی هیچ نازانن.

هەر کامیان ئەوی تریان بەرکابەری خۆیان دەزانن، هەرکامیان کەسی بەرامبەری بەرێگر دەزانێ بۆ زاڵبوونی خۆی بەسەر شتەکانی دیکەدا، شەڕێک دەستپێدەکات،یەکیان ئەویتریان شکستدەدات، ئەو دەکات بەعەبدی خۆی، بەڵام بابەتی "خواو عەبد"یش سەقامگیر نییە، ئەگەر چی لەیەکەم نیگادا واپێدەچێت خواوەند هەموو شتێکەو عەبدیش هیچ نییە، بەڵام عەبدەکە کاردەکاتو کاری ئەوە کە جیهانی سروشتی دەگۆڕێت، عەبد بە بەجێهشتنی شوێن پێی خووخدەو زانیاری خۆی لەسەر سروشت، رازی دەبێتو خۆئاگای خۆی پەروەردە دەکات، بەڵام خواوەند موحتاجی عەبدەکەی دەبێت، هەربۆیە دەرئەنجامەکەی بریتی دەبێت لە ئازادی عەبدو زاڵبوون بەسەر دەعمی سەرەتایی نێوان بوونەوەری سەربەخۆ.

خواوەند و عەبد تەنیا بەشێکی کەم لە کتێبی دیاردەناسی پێکدەهێنن، کتێبەکە بەگشتی پرۆسەی گەشە و پەروەردەبوونی «رۆح»، هەر بەو

شێوەیەی کە جیاوازی و نەیارەکان لەسەر ڕێگەی خۆی لادەباث، ثاوثۆی دەکاث «ڕۆح» لە بنەڕەثدا شثێکی جیهانییە، بەڵام لە شێوازی بەرثەسکی خۆیدا، واثە ڕۆحی کەسێکی ثایبەث، ئاگاداری خووخدەی جیهانی بە بەشێک لە «ڕۆح»ێکی جیهانی ئەژمار ناکەن، هێگل بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دۆخە وثی کە «ڕۆح» لەخۆی بێگانە بووە، یانی ئەوەی کە مرۆڤەکان (کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحن) باقی مرۆڤەکان کە (ئەوانیش ڕەنگدانەوەی ڕۆحن) بەشێوەی شثێکی بێگانە، بەرهەستکارو دوور لە خۆیان هەڵدەسەنگێنن، لە حاڵێکدا کە ئەوان هەموویان بەشێکن لەو کۆی مەزنە.

«ڕۆح» لە دۆخی لەخۆ بێگانەییدا ناثوانێث ئازاد بێث، لەبەر ئەوەی کە «ڕۆح» لەوەها بارودۆخێکدا لەرێگای ثەکمیلکردنی پرۆسەی گەشەو پەروەردەبوونیدا لەگەڵ دژایەثی و کەندو کۆسپی زۆر بەرەو ڕوودەبێثەوە، ”ڕۆح“ لەراستیدا بێکۆثایی و زاڵە بەسەر هەموو شثەکاندا، کەوابوو دژایەثی و کۆسپەکان ثەنیا شثێکی ڕواڵەثی و نادیارن، ئەو ڕواڵەثانە لێرەوە، سەرچاوە دەگرن کە «ڕۆح» ئاگای لە ڕاستەقینەبوونی خۆی نییە و ئەوەی کە لە ڕاستیدا بەشێک لە خۆیەثی، بە بێگانە و بەرهەڵستکار ناوزەد دەکاث. ئەو هێزە بە ڕواڵەث بێگانانە، ئازادی «ڕۆح» بەرثەسکدەکەنەوە لەبەرئەوەی کە ئەگەر «ڕۆح» ئاگاداریبوونی هێزە بێکۆثاییەکەی خۆی نەبێث، ناثوانێث بۆ ڕێکخستثی جیهانی بەپێی پلانەکانی، کەڵک لەو هێزانە وەربگرێث.

لەفەلسەفەی هێگلدا بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ثەکامولی دیالێکثیکی، بەردەوام پێشڕەویە بەرەو ئازادی، هێگل نووسی:(مێژووی جیهان شثێک نییە، جگە لەپێشکەوثنی هۆشیاری بەسەر ئازادیدا) هەربۆیە دیاردەناسی حەماسەثێکی فەلسەفی گەورەیە کەبەدواداچوونی مێژووی ”ڕۆح“ دەکاث، لەیەکەمین بزوثنەوەکانیدا لەجیهانێکی دڵڕەقدا ثا ئەو کاثەی بەوە دەگاث

کەسالاری جیهانەو لەئەنجامدا بەخۆناسینو ئازادی دەگات، فەلسەفەی هێگل زامنی ئاکامێکی سەیرە کەتەریق بوونەوەی هەر نووسەرێکی بێ فیزتری لێدەکەوێتەوە، ئەگەر مێژوو بەگشتی چیرۆکی تێکۆشانی "رۆح"ە بۆ گەیشتن بەزانیاری سەبارەت بەخووخدەی خۆی، کەوابوو لەراستیدا ئەو ئامانجە بەکامڵبوونی دیاردەناسی بەدیهاتووە، کاتێک رۆح لەجلی هێگلدا خووخدەی خۆی بناسێت، دوایین قۆناغی مێژوو هاتۆتە ئاراوە، ئیدعایەکی بەمجۆرە لەڕوانگەی ئێمەوە لەگاڵتەجارێک زیاتر نییە، ماوەیەکی زۆرە کەپێکهاتەی بۆچوونی هێگل لەمێژوو وفەلسەفە بـرەوی خۆی لەدەستداوە، بەڵام فەلسەفەی هێگل لەسەردەمی لاویەتی مارکسدا زۆر بەهەند وەردەگیرا سەرەڕای ئەوە، تەنانەت ئەگەر مانای "رۆح"ی جیهانی وەک راستیەکی حاشا هەڵنەگری هەموو ئەشیاکان قەبوڵ نەکەین، ئێستاش بەشێکی زۆر لەدیاردەناسی مانای هەیە بۆمان، دەتوانین "رۆح"ی جیهانی بەوشەیەکی هاوبەش بۆ "زەینی" سەرجەم مرۆڤەکان لەقەڵەمبدەین، ئەو کات دەتوانین دیاردەناسی بەرێگەیەک بۆ گەیشتنی مرۆڤ بەئازادی بزانین، لەو هەلومەرجەدا حەماسەتی "رۆح" دەبێ بەحەماسەتی "رۆح"ی مرۆڤ، ئەوە رێک هەر ئەو کارەیەکە (10) ساڵ پاش کۆچی دوایی هێگل، گروپێک لەفەیلەسوفەکان کەبەهێگلیە لاوەکان دەناسران، هەوڵیاندا ئەنجامبدەن، لێکدانەوەی سوننەتی سەبارەت بەهێگل ئەوەبوو، کەلەبەرئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی رەنگدانەوەی "رۆحە" لەجیهاندا هەر شتێک هەر ئەو جۆرەی کەهەیە دروستو عەقلانیە، بۆ پەسەندکردنی ئەو روانگەیە، دەتوانین ئاماژە بە چەند رەستەیەک لە بەرهەمەکانی هێگل بکەین.

هەندێجار وا پێدەچێت هێگل دەوڵەتی پرۆسیا بە هێمای باڵای «رۆح» ناوزەد دەکات، موچەی هیگل وەک مامۆستایەکی فەلسەفە لە

بێرلین لەلایەن دەوڵەتی پرۆسەوە دەدرا، کەوابوو جێی سەرسوڕمان نییە کە هیگڵیە لاوەکان، بە تایبەت توندرەوەکانیان بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیگل لەو رستانەدا خیانەتی بە فەلسەفەی خۆیکردووە، مارکسیش هەر لەسەر ئەو بڕوایە بوو لە ماستەرنامەکەیدا نووسی:(ئەگەر فەیلەسوفێک بەراستی سازشی کردبێت، لایەنگران و پەیڕەوانی ئەرکی سەرشانیانە کە کەڵک لە ناوەڕۆکی بیرۆکەی ئەو وەربگرن و لەژێر تیشکی ئەودا لێدوانە نزمەکانی پێ رۆشن بکەنەوە D13).

لە ڕوانگەی هێگلیە لاوەکانەوە «لێدوانە نزمەکان»ی فەلسەفەی هێگل بریتی بوون لەملکەچکردن بۆ بارودۆخی لەئارادابووی سیاسەت، دین‌و کۆمەڵگە لەپرۆس سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا «ناوەڕۆکیش» بریتی بوو لە لێکدانەوەی هیگل لە زاڵبوونی «رۆح» بەسەر لەخۆ بێگانەبووندا، کە هیگلیە لاوەکان ئەویان بە لێکدانەوەیەک دەزانی، کەخۆ ئاگای مرۆڤ خۆی لەدەست ئەو شک و دوودڵیانەی کە دەبنە رێگر لەسەر رێگای گەیشتن بە خۆناسین و ئازادی رزگار دەکات.

مارکس کاتێک کەخوێندکار بوو لە بێرلین و چەند ساڵ دواتریش هاورێی برۆنۆ باوئر بوو. باوئر مامۆستای ئیلاهیات و یەکێک لەناودارترین هیگلیە لاوەکان بوو، مارکس لەژێر کاریگەری باوئردا دینی سوننەتی بە گرنگترین وەهمێک ناوبرد کە کۆسپە لەسەر رێگای خۆناسینی مرۆڤ، فەلسەفە گرنگترین چەک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شک و دوودڵیانە، مارکس لە سەرەتای ماستەرنامەکەیدا نووسی:(فەلسەفە لەقاو دەدات، هاواری پرۆمتە لەیەک رستەدا، بێزارم لە هەموو خواوەندەکان، ئایین فەلسەفەیە، دروشمی فەلسەفەیە لەدژی تەواوی خواوەندە زەمینی و ئاسمانییەکان، کە خۆئاگای مرۆڤ بە بەرزترین پلەو ئاست نازانن، پلەو

پایەیەکی بەرزتر لەوەمان نییە(D12.13).

بائیرو مارکس، هـەروەک شێوازی هیگلیە لاوەکـان، کەڵکیان لە رەخنەی هیگل لە دین وەرگرت، تاوەکو بە ئاکامێکی بنچینەیی تر بگەن، هیگل لە دیاردەناسیدا مەسیحیەت لە یەکێک لە قۆناغەکانی گەشەی خۆیدا، بە شێوازێک لە بێگانەبوون دەزانێت، چون لە حاڵێکدا کە خواوەند لە ئاسمانەکان حوکمڕانی دەکرد، مرۆڤەکان دانیشتووی (خەم خانەی) بێ قابل و ئاڕادەیەک بێ بایەخی ئەو جیهانەن، خووخدەی مرۆڤ بۆتە (3) کەرت، خووخدەی زاتی کە نامرێت و ئاسمانییە، خووخدەی غەیری زاتی کە دەمرێت و دونیاییە، هەربۆیە مرۆڤەکان نیشتمان و مەنزڵگەی خووخدەی زاتی خۆیان لە جیهانێکی دیکەدا دەدۆزنـەوە مرۆڤ لە بوونی مردن و جیهانێک کە لە ڕاستیدا ژیانی تێدا بەسەر دەبات، بێگانە دەبێت.

هیگل ئەوەی تەنیا بە قۆناغێکی کاتی لە بێگانە بوونی «رۆح» دەزانی و بە هیچ ئاکامێکی بە کردەوە لەو باسە نەگەیشت. بائێر لێکدانەوەیەکی بەربڵاوتری بەدەستەوە داو ئەوەی بە هێمای لەخۆ بێگانەبوونی جۆری مرۆڤ ناولێبرد، بائێر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مرۆڤەکان خۆیان خوڵقێنەری خودایەک بوون، کە بەڕواڵەت بوونێکی سەربەخۆی هەبوو، هەر بەو بۆنەوە بوو کەمرۆڤەکان نەیاندەتوانی خۆیان بە «بەرزترین ئیلاهە» بزانن ئەو ئاکامە فەلسەفیە ئاماژەی بە ئەرکێکی عەمەلی دەکرد، رەخنەگرتن لە دین و تێگەیاندنی ئەو خاڵە بە مرۆڤ ، کە خودا دەستکردی ئەوانە و لەو رێگەیەوە کۆتاییهێنان بەبێ دەسەڵاتی مرۆڤ لەچاو خوداو پەیڕەویکردنی مرۆڤ لە ئەو و کۆتاییهێنان بە بێگانەبوونی مرۆڤ لە خووخدەی راستەقینەی خۆی.

هەربۆیە لە ڕوانگەی هیگلیە لاوەکانەوە، فەلسەفەی هیگل هەم کەموکورتی هەبوو، هەم جێگای تێڕامان و ڕەمـزاوی بوو، ئەگەر ئەو فەلسەفەیەمان بە جێگای جیهانی پڕ ڕەمزو رازی «رۆح» بە زمانی جیهانێکی راستەقینە سەرلەنوێ دەنوسیەوە، مانای دەبوو، کەوابوو ئەوان «رۆح»یان بە «خۆئاگایی مرۆڤ» ناوزەد دەکرد و ئامانجی مێژوو بوو بە ئازادی مرۆڤەکان، بەڵام ئەو ئامانجە بەدینەدەهات مەگەر ئەوەی کە بەهوی بوونی دین لەناو چووبایە.

# ئێمەو مارکسیزم

جەمال محەمەدی*

**له فارسییەوە: ڕێباز مستەفا**

گومانی تیا نییە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم لە کوردستاندا ئامادەیی و کاریگەرییێکی فراوانی هەبووە و چەمکگەلێکی وەک چین، ئایدۆلۆژیا، ژێرخان و سەرخان، لە خۆنامۆبوون و شۆڕشی هێنایە نێو ململانێیسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەو لە زۆر قۆناغی جیاجیادا گۆڕانی بەسەر لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی بەشێکی گەورەی گوتاری رۆشنبیریی ئێمەدا سەبارەت بە ناسینمان بۆ مێژوو، دەوڵەت، کۆمەڵی مەدەنی و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان داهێناوە. جۆری ئامادەیی و کارکردەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە لەسەر رۆشنبیریی و واقیعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە بابەتی شرۆڤە و باسکردنی ئەم وتارەیە. دەبێ ئەوە قبوڵبکرێ کە مارکسیزمیش وەک هەموو ڕێبازو قوتابخانەکانیتر کە دەچنە نێو ئەزموون و تاقیکردنەوە مێژووییەکان , لەسەر بنەمای ناسینی بوارەکانی کارتێکردن، لەخۆگری روو بەڕووبوونەوە و خوێندنەوەگەلی رەخنەگرانەیە. ئەم بڵاوکراوەیە ڕێز لە هەموو ئەو لێکدانەوە و هەڵێنجان و خوێندنەوانە دەگرێت.

بە دڵنیاییەوە مارکس بە دەسەڵاتترین رەخنەگری مۆدێرنیتەیە. ئەو بیرمەندە میراتگری (مێژووگەرایی Historlclsm))ی هیگڵ و(خوودگەرایی) ی ئەفلاتون بوو. مێژووگەرای ئەندێشەیەکە کە بە گوێرەیەوە مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتا و مەنزڵ و مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە، هەموو

گۆڕانکاری و قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو (واتادار)ن و هەر قۆناغێک لە مێژوو پێشکەوتووتر و پێگەیشتووترە لە قۆناغی پێش خۆی. هیگڵ پێی وابوو کە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەرخەرو ڕەنگدانەوەی (بابەتی بوونی ڕۆحی ڕەها)ن و ڕۆحی ڕەها لە کۆتایی مێژوودا بە تەواوی دەبێتە پرسێکی بابەتی. ئەو ڕۆحە  لە هەر قۆناغێک لە (دەوڵەت)دا دێتەدی. ( خودگەرایی) (Essentialism) بەو مانایەیە کە لە پشت دیاردە بابەتیەکاندا، جیهانێکیتر هەیە کە ئەو ڕاستەقینەیە. ئەفلاتون ئەو جیهانەی بە جیهانی ( ئایدیا) ئایدیالیزم ناودەبرد. بە تێڕوانینی ئەو، ئەو دنیا هەستپێکراو بابەتیە تەنها سێبەرێکی خەڵکە و هیچ چەشنە ماناو ڕاستیەک لەخۆ ناگرێت. بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەی بە گەوهەر و ماناو حەقیقەتی بوون ببەین دەبێت ئەوە نەک لەم دنیایەدا، بەڵکو لە جیهانی (ئایدیا)دا پەیگیری بکەین و بۆی بگەڕێین و ئەو کارە، بە کەسانی ئیلیت و فەیلەسوفەکان نەبێت بە کەسیتر ناکرێت و خەڵکی ئاسایی توانای دۆزینەوە و دەرکی حەقیقەتی نییە. مارکس میراتگرێکی گەورەی هەردوو تێگەیشتنەکە بوو، بەڵام بە توندیش هەردووکیانی خستە بەر ڕەخنەوە. بە بڕوای ئەو بە پێچەوانەی دیدی هیگڵ، مێژووی مرۆڤایەتی مەیدانێک نەبووە بۆ هاتنەدی ڕۆحی ڕەها، بەڵکو تا دەگاتە ئەمڕۆ برینی بووە لە شانۆی ململانێی چینەکان.

ململانێی چینایەتی داینەمۆی بزوێنەری گۆڕانکاری و ڕووداوە گرنگەکانی مێژوو و گەورەترین فاکتەری فۆرمەڵەبوونی ڕێبازەکان، بیروباوەڕەکان، ئەندێشەکان، ئایین و کلتورەکان بووە. لە درێژایی مێژوودا هەمیشە ئایدەو ئەندێیشەی چینی سەردەست , باڵادەست و حوکمڕان بووە. کلتوری مرۆڤایەتی هەمیشە لە سەر بنەمای (شێوازی بەرهەم) هاتۆتە ئاراوە. ئەو چینەی کە ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی لە ژێردەستدا بووە، ئامڕازەکانی

بیرکردنەوە و کلتورسازیشی لەژێر دەستدا بووە. پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بە درێژایی مێژوو لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و ئەندێشەکان نا، بەڵکو لەسەر بنەمای پێگەی کەسەکان لە بواری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا پێک هاتوون. چینی فەرمانڕەوا بۆ داکۆکی و ئاڕاستەکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدرێژایی مێژوو، بەردەوام پەنای بردۆتە بەر دروستکردنی کەش و هەوایەکی تایبەتی فکری، کلتوری و ئایینی. بەمپێیە سەرخان هەمیشە لە خزمەتی ژێرخاندا بووە. لە درێژایی مێژوودا، ململانێی چینایەتی هەمیشە لەنێوان چینە جیاوازەکاندا هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ لە دنیای مۆدێرنەدا گۆڕانێکی گرنگ هاتۆتە دی، ئەویش ئەوەیە کە ململانێی چینایەتی تەنها لەنێوان دوو چین دایە، کە ئەوانیش، بۆرژوازی و پرۆلیتاریایە.

بە بڕوای مارکس چەمکگەلی وەک مۆدێرنیتە، رۆشنگەری، زانستی نوێ، مافی مرۆڤ، پەیوەندیەکانی دراو و هەموو دەستەواژە تازەکان ,،دەستکردی بۆرژوازین. بۆرژوازی چینێکە کە دنیا بەپێی حەزو باڵای خۆی دروست دەکات. ئەو چینە، بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی وەک  بەرژەوەندیە گشتییەکان دەخاتە ڕوو. بە چەشنێک باس لە مافی مرۆڤ و زانستەکان دەکات کە گوایە زاراوە گەلێکی گشتی و هەمەگیرن. هەموو زانست و هونەرو ماف و پەیوەندیە تازەکان لەوە بترازێ کارکردنێکی تریان نییە کە بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی لەژێر دەمامکی خۆیاندا بشارنەوە. ئەو زاراوانە پاساو دەری بەرژەوەندییەکانی چینێکن کە چینی فەرمانڕەوای دنیای مۆدێرنە. سەرمایەداری بە برەودان و درووستکردنی بازاڕی ئازاد سەرجەم توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کردۆتە کرێکارانی هەقدەست وەرگرو چاو لە دەستی بۆرژوازی، بۆیە لەو رێگەیەوە هەموو کاروبارە پیرۆزو ناپیرۆزەکانی هاوئاستی یەکتر کردووە، زانستی مۆدێرن شتێک نییە جگە لە ئاڕاستەکەرو پاسادەری بازاڕی ئازاد. لەو بازاڕەدا هەموو شتێک

له کۆنترۆڵ نەهاتوو، پێشبینی نەکراو و نارێک و بێ سەروبەرە.

بۆیە لەو دنیایەی کە بۆرژوازی دروستی دەکات (هەرچی کە زۆر مکوم و پایەدارە هەڵدەوشێنەوە و دەبێتە دوکەڵ دەچێتە هەواو هەرچی کە پیرۆزە دەبێتە شتێکی ناپیرۆز). بە تێڕوانینی مارکس و و بەپێی ئەندێشەی مێژووگەرایی ئەو، دنیای سەرمایەداری بەهۆی کێشمەکێش و ناکۆکیە نێوخۆییەکانی، بتەوێت یان نا لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و بۆرژوازی و هەموو زانستە ئاڕاستەدار و پاساو دەرەکانی، بەدەستی پرۆلیتاریا لەنێو دەبرێن. پرۆلیتاریا تاکە چینێکە کە توانای دەرککردنی رەوشی بەردەست و دەرککردنی بەرژەوەندیە چینایەتییەکانی خۆی و بەوپێیەش دۆزینەوەی حەقیقەتی هەیە. پرۆلیتاریا دەتوانێت لەودیو پەردەی رواڵەتی دیاردەکاندا، شتە شاراوەکان ببینێ و بۆ هێنانەدی ئەو کایە شاراوانە و چەسپاندنی سۆسیالیزم و رەتکردنەوەی چەوساندنەوە، درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات لە پێناو لە نێوبردنی بۆرژاوازی وەک دوایین چینی فەرمانڕەوا لە مێژوودا. لەنێو چوونی بـۆرژوازی بە واتای کۆتایی هاتنی ناکۆکیە چینایەتییەکان و هێنانەکایەی کۆمەڵی بێ چینە. پرۆلیتاریا بۆ یەکەمین جارە دەتوانێ لایەنە خودی و بابەتیەکان ئاوێتەی یەکتر بکات و ئەو کارەش لەسەر بنچینەی کارو تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات. شۆڕشی پرۆلیتاریا و لەنێوبردنی بۆرژوازی واتا کۆتایی هاتنی مێژوو و هاتنە ئارای چاخێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

**سۆسیالیزم:**

ئەندیشەی مارکس و تێڕوانینەکانی ئەو سەبارەت مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵەکان، بە تایبەت رەخنەکانی لە سەرمایەداری، کاریگەری لەسەر دیدگای بەشێکی فراوانی بیریارانی دوای خۆیەوە داناوە. بە شێوەیەکی گشتی دوو ئاڕاستە لە پۆلێنکاریی ئەندێشەکانی مارکسدا هاتنە ئاراوە:1) مارکیسزمی رۆژئاوایی 2) مارکسیزمی ئەرتەدۆکس.

گەرچی ئاڕاستەی دووەم لە هەر رووێکەوە بیگری خۆی نزیکتر بە مارکس دەزانێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە شیکارییەکانی ئەم وتارە سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستان، سەرەتا بە شیکردنەوەی مارکسیزمی رۆژئاواییەوە دەستپێدەکەین.

1) گەورەترین دامەزرێنەرانی ئەو رەوتەی کە دواتر بە مارکسیزمی ئەوروپایی (رۆژئاوایی) ناوی دەرکرد، بریتی بوون لە (ئانتۆنیۆگرامشی) و (جۆرج لۆکاچ).

گرامشی کە دوو دەیەی تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی مۆسۆلینی بەسەر دەبرد، ژیانی نێو زیندانی بۆ بیرکردنەوە لە چەندو چۆنی گۆڕانکاریە قووڵە کۆمەڵایەتییەکان تەرخانکرد. بەری ئاخافتنەکانی ئەو لەو بارەیەوە بە کورتی بریتین لەوەی کە لە کۆمەڵگە پشتبەستووەکان بە دیموکراسی بـۆرژوازی، ئەگەرچی دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی

بنەرەتی لە کۆمەڵی مەدەنیدا جێی گرتووە. دەوڵەت لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات، بەڵام نە بەزەبر و زەنگ و نە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای ئایدیالیستیدا کە تەنها لە قەلەمڕەوی ئەندێشەدا کار دەکات، بەڵکو لە چوارچێوەی دام و دەزگا گەلی ئایدۆلۆژیکدا کە قەڵەمڕەوی کارییان بریتیە لە دامـەزراوە و ئۆرگانە مەدەنییەکان. دامـەزراوە و ئۆرگانگەلی وەک پەروەردە و فێرکردن، زانکۆکان، زیندانەکان، لە هەمووی گرنگتر توخمەکانی ژیانی رۆژانـە. لەو کۆمەڵگایانەدا کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەردێـک دەرمـان ناکات، چونکە کێشەو رووبەڕووبوونەوەی بنەڕەتی لەنێوان گروپەجیاجیا کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵی مەدەنیدا ئەنجام دەدری.

بۆ کردنەوەی دەوڵەت یەکەمجار دەبێت لە کۆمەڵی مەدەنیەوە دەست پێبکرێت. بە بڕوای گرامشی زۆر لە گرووپە جیاجیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ وەدەستهێنانی هەژموونێک پێشبڕکێ دەکەن و ئەو کەسەش سەرکەوتووە کە لە کۆمەڵی مەدەنیدا ئەو پێشبڕکێیەی بردبێتەوە.

(لویی ئالتوسێر) فەیلەسوفی فەرەنسی، بە ئیلهام وەرگرتن لە گرامیشی وتارێکی بەناوبانگی (ئایدۆلۆژیا و دەزگا ئایدۆلۆژیە دەوڵەتییەکان ئاڵتوسێر، 1977)ی نووسی. بە تێڕوانینی ئەو نەبەردی ئایدۆلۆژیا ئەبستراکتەکان بۆ گەیشتنە دەسەڵات کە بەلای مارکیستە سەرەتاییەکانەوە پێگەیەکی گەش و باڵای هەبوو، کارایی خۆی لەدەستداوە. ئێستا رووبەڕووبوونەوەی واقیعی خزاوەتە نێو ئەم یان ئەو بوارو قەڵەمڕەوی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیەوە کە بە قەولی ئەو (ماددی)ن. مەبەست لە مادیبوون ئەوەیە کە بوارەکان بە زیندوویی و ئامادەیی بوونیان هەیە و گرووپە جیاجیا کۆمەڵایەتییەکان بە بیرکردنەوە و تێڕوانینی جیاجیاوە سەبارەت بە بەڕێوەبردنیان لەگەڵ یەکتردا لە کاربەریدان.

باڵی دووەمی ڕەوتی مارکسیزمی ئەوروپایی پشتی بە ئەندێشە و تێڕوانینەکانی جۆرج لۆکاچ بەستووە. گرنگترین تێگەیشتنی لۆکاچ بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگەی مۆدێرن برێتیە لە ( شتبوون-Reification). لۆکاچ چەمکی شتبوونی لە ئاوێتەکردنی هـەردوو چەمکی فنیشیزمی کاڵایی (مارکس) و بە عەقڵانیبوونی (فیبەر) دروستکرد. شتبوون بەو مانایەیە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێت بۆ (سروشتی دووەم-nature second). هۆی گۆڕانی کۆمەڵگە بۆ سروشتی دووەم و دواجار نامۆبوونی تاکەکان ئەوەیە کە چینی بنیاتنەری کۆمەڵ یانی پرۆلیتاریا بەهۆی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیی بۆرژوازی ناتوانێت خۆی تیادا بدۆزێتەوە.

بە گوێرەی تێڕوانینی لۆکاچ، ئایدۆلۆژیای بـۆرژوازی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ (سروشتی دووەم). رێ لە پرۆلیتاریا بگرێت کە خۆی بە داهێنەری کۆمەڵ وێنا بکات. بەمپێیە گۆڕینی کۆمەڵ بۆ سروشت دەرەنجامێکی حەتمی کۆمەڵگەی بۆرژوازیە و کارکردنی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی ئەوەیە کە پەردەیەک بەسەر مێژوویی بوونی ئەو کۆمەڵگەیەدا بکێشێت و بنەماکانی بزاوت و هەنگاونانی وەکو بنەماکانی بزاوت و هەنگاونانی جەستە سروشتییەکان لەقەڵەم بدات. لە دیدگای لۆکاچدا تەنها بە گرتنەپێشی دیدگای واقیعییانەی پرۆلیتاریایە کە دەتوانین بەو حەتمیە تێبگەین و هەڵبەتە بە شۆڕشیش بیگۆڕین. دیدگای واقیعییانەی پرۆلیتاریا لەبەر ئەوە توانای بینینی دنیای شتبوونی هەیە کە بە پێچەوانەی هۆشیاریی پچڕاوی بۆرژوازی، توانای بینینی گشتێتی کۆمەڵگە و دواجار توانای گۆڕینی هەیە. بە کورتی، تەنها پرۆلیتاریا توانای بینینی گشتی هەیە و بۆیە دەتوانێت حەقیقەت دیاری بکات و بیدۆزێتەوە. دەربازبوون لە شتبوون مەیسەر نییە مەگەر بە شۆڕشێک کە پرۆلیتاریا ئەنجامی دەدات.

تێڕوانینەکانی لۆکاچ و تێکەڵکێشبوونی ئەندیشەکانی مارکس و ماکس فیبەر لەنێو بیروڕاکانی ئەودا، بووە گرنگترین پاساوی لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ چێبوونی دیدگا رەخنەییەکانیان. تیۆدۆر ئادۆرنۆ، هورکهایمەر و مارکوزە بە هەموو دەزگای فیکریی مارکسیزمدا چوونەوە. بەرهەم و نوسینەکانی ئەو بیرمەندانە گەواهیدەری ئەو بانگەشەیە کە پرۆلیتاریا خۆی چۆتە نێوسیستمی بۆرژوازی، بۆیە بیرکردنەوەی رەخنەییانە ناتوانێت بۆ دەرکی حەقیقەت پشت بە هەڵویستی ئەو چینە ببەستێت. دۆزینەوەی حەقیقەت و دەربازبوون و گەیشتن بە کۆمەڵگەی یەکسان لەو قوتابخانەیەدا چارەنوسێکی تر بەخۆوە دەگرێت. ئەگەر لە روانگەی لۆکاچەوە گرتنە پێشی تێڕوانینی بەعەقڵانیبوون بریتی بوو لە بینینی کۆمەڵگە وەک گشتێک، لە روانگەی ئەو قوتابخانەیە ئەوەی کە بۆتە گشت شتبوونی ئەو کۆمەڵگەیە (ئەبازەری2001).

بە دەربڕێکیتر گرتنەپێشی دیدگای بە عەقڵانیبوون، ئیدی پەیوەندی بە پشتبەستن بە هەڵوێستی چینی پرۆلیتاریاوە نییە. حەقیقەت تەنها لەسەر بنەمای رەخنەی نێوەڕۆکی هەمیشەیی لە شتبوونی گشتیدا دێتەدی. رەخنەی عەقڵانی، واتە رەخنەی ناکۆکییەکانی عەقڵ، عەقڵی رۆشنگەری بۆ خۆی گۆڕاوە بۆ فاکتەری دەسەڵات. ئەوەی کە لەو قوتابخانەیەدا دەگۆڕێ و دەبێتە پرسێکی بەرجەستەو دیار، وازهێنانە لە هەڵویستی پرۆلیتاریا.

یەکێکیتر لەو ئەندێشمەندانەی کە لە ژێر کارتێکردنی مارکسیزم دا بوون , (رۆلان بارت) بوو. لە سەردەمی بارتدا دەزگای تیۆری مارکسیستی چەمکێکی کاریگەری داهێنابوو بە ناوی رەخنەی ئایدۆلۆژی کە زۆرانێک لە نێویاندا، خودی بارت بۆ پەلامارکردنە سەر بۆرژوازی زۆر سوودیان لێوەرگرت. بارت زاراوەی رەخنەی ئایدۆلۆژی لەگەڵ دەزگای نیشانەناسانە

گرێدەداتْ. بە بڕوای ئەو بۆرژوازی بە ناچاری ئەفسانە درووستْ دەكاتْ، ئەو ئەفسانەیە تەنها هەر دەستكاریكردنی نیشانەكان نییە، بەڵكو جۆرە پەیامێكە كە ئامانجەكەی ئەوەیە دیاردە مێژوویيەكان وەک شتی سروشتی بخاتە رووەوە. بۆرژوازی لە رێگەی ئەفسانە سازییەوە لە خۆیەوە ناوگوزاری دەكاتْ و ئەفسانەناسی دەبێتْ رەوتەكە پێچەوانە بكاتەوە و نیشانی بداتْ كە دیاردە كۆمەڵایەتییەكان پرسی سروشتی نین، كە لە گۆڕان نەهاتوو بن، بەڵكو درووستكراوی دەستی بۆرژوازیین. ئەفسانە ناسیی بارتْ لە رەوتی گۆڕانی خۆیدا بوو بە دوو باڵا. رەوتێكیان پۆستْ مودێرنیستەكان و لایەنگرانی دریدا درێژەیان پێدا و رەوتەكەی تریش میشێل فۆكۆ و پەیڕەوكارەكانی.

دریدا بە درووستكردنی چەمكی (چاككردنەوە–Diconstruction) لەو باوەڕەوایە كە (مانا–meaming) هیچكاتْ ئامادەیی نییە و ئێمە دەبێتْ بەردەوام گیرۆدەی شوێنهەڵگرتنی هەمیشەیی نیشانەكان بین. بۆ شیكردنەوەی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی دیدگایەكی گشتگەرا و چینێكی حەقیقەتْ زانبوونی نییە. ماناكان و ئیشەكان یەكجار زۆرن و هیچ بنەمایەكی دیاریكراویان نییە. فۆكۆش لەو باوەڕەدایە كە هیچ بنەمایەک بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتْ بوونی نییە و حەقیقەتْ هەمیشە تێكەڵەی دەسەڵاتْ بووە.

بەگشتین ماركسیزمی رۆژئاوایی یا ئەوروپایی لەگەڵ ئەو هەموو دەستكەوتە پرشنگدارانەی كە لە بواری بیرو ئەندێشەدا بۆ رەخنەی كۆمەڵی مۆدێرن هەیبووە، ئەمڕۆكە لە رێڕەوی گۆڕانكاریی خۆی جێی بۆ سەرهەڵدانی بیركردنەوەی چاككردنەوەگەرایی پۆستْ مۆدێرن و رەخنەی نیشانەناسانەی بۆرژوازی كردۆتەوە و ئیدی هەواڵێک لە شۆڕش و سۆسیالیزم و پرۆلیتاریا و ژێرخان و سەرخانەكەی بەدی ناكرێتْ.

2) مارکسیزمی ئەرتەدۆکس: ئەو رەوتەی کە بە مارکسیزمی ئەرتەدۆکیس ناوبانگی دەرکــرد، گرنگترینی هەوڵی بریتی بوو لەوەی کە ئەندێشە و تێڕوانینەکانی مارکس بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی بخاتە گەڕو بەکارییان بێنێت. لینین بەرجەستەترین کەسایەتی ئەو رەوتە بوو. ئەو تێورێکی بەناوبانگی سەبارەت بە دەوڵەت هەیە کە بە ماوەیەکی کەم بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە کتێبی (دەوڵەت و شۆڕش)دا خستوویەتیە روو ئەوەشی شیکردۆتەوە و لەو باوەڕەدایە کە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و بێدادی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەبێت دەزگای دەوڵەت وردوخاش بکرێت و لەنێو ببرێت و دەوڵەتێکی تازە بونیات بنرێت کە بنچینەکانی بە شێوەیەکی رەها لەسەر بنەمای تر جێگیر کرابێت. تەنها بەو شێوەیە دەکرێت پرس و کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکرێن. ئەگەر دەزگای دەوڵەتی کۆن وردوخاش نەکرێت و لە نێو نەبرێت، لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی هەرکێشەیەک بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەگەلی ترەوە، هەتا ئەگەر لە شوێنێکیش توانرا کێشەیەک تا رادەیەک چارەسەریش بکرێت، ئەوا ئەو چارەسەرە کە بەندە بە تێکدانی دەزگای دەوڵەت، چارەسەری پرسەکان دوادەخات.

بەمپێیە وا چاکترە کە بێهوودە کاتی خۆمان بە وەدەستهێنان و چارەسەری لاوەکییانەی ئەم یا ئەو کێشە بەفیرۆ نەدەین و راستەوخۆ بچینەسەر لە نێوبردنی دەزگای دەوڵەت (ئەبازەری 2003). بە بڕوای لینین بۆ بەرپاکردنی شۆڕش پێویستمان بە حزبێکی رۆشنگەر هەیە، حزبێک کە پێشەنگە و پرۆلیتاریا کە دیلی دەستی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازیە هۆشیار دەکاتەوە و لە خەوی غەفڵەت و بێئاگایی دەری دێنێت. ئەو

حزبە بەهۆی بەرپاکردنی شۆڕش دەسەڵاتْ دەگرێتە دەستْ و کێشەکان یەک دوای ئەویتر چارەسەر دەکاتْ. بەمپێیە هەموو کێشەکانی ئێمە بەندن بە چارەسەری پرس وکێشە سیاسیەکان.

بە شێوەیەکی گشتی مارکسیزمی ئەرتەدۆکس رەوتێکە، کە بەپێی لێکدانەوەی (جەبرگەرایانە) جەبرگەرایی ئابووری لە ئەندێشە و تێڕوانینەکانی مارکس و زیاتر لەلایەن ئینگڵس و شۆڕشگێڕە بەلشەفییەکان لە نێویاندا خودی لنیین، هاتەکایە. هەموو ئەو بزووتنەوە و حزبە مارکسیستیانەی کە لە رۆژهەڵاتدا دروستبوون بەرهەمی دەنگدانەوە و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕ و تێڕوانینە لنینییستی و ستالینیستیەکان بوون. بزووتنەوەکانی جیهانی سێیەم کەمتر بایەخیان بە میراتی مارکسیزمی ئەوروپاییدا و زیاتر بە ئیلهام وەرگرتن لە لنیین و ستالین، روویان کردە ئەو رێبازە کە نابووتکردنی دەوڵەتْ و وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی تاکە رێگاو شێوازی بەرقەرارکردنی کۆمەڵگەیەکی دادگەرانە و یەکسانە. شێوەی پەیوەندیی ئەو حزبانە بە سۆڤیەتی جاران و رادەی ملکەچیان بەرێبەرانی بەلشەڤیک باسێکیترە، بەڵام تەرزی بیرکرندنەوەیان سەبارەتْ بە چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان , سەبارەتْ بە ئازادی، دەسەڵاتْ، کۆمەڵی مەدەنی و مافە تاکەکەسیەکان بەگشتی دروستکراوی دەستی شۆڕشگێڕە بەلشەفیکەکانی رووسیا بوون.

ئێستا لەسەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە کورتەی کە لەمەڕ دەزگای فکریی مارکسیستی لەلایەنی جیاجیاوە خستمانە روو لەسەر هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی رەوشتی بزاوتْ و رەوتی حزبە مارکسیستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، شێوازی تێڕوانینیان بۆ چارەسەری کێشەکان، شێوەی رووبەڕووبوونەوەو مامەڵەکردنیان لەگەڵ دنیای مۆدێرنە و بە کورتی میراتْ و بەرهەمیان بۆ ئەم کۆمەڵگەیەی خۆمان، رادەوەستین.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حزبە مارکسیستییەکان لە وڵاتی ئێمەدا هەموویان یەکجۆر نەبوونە و لە ئامانج و شێوە و ڕێبازەکانیاندا لەگەڵ یەکتردا جیاوازیان ئەگەرچی جیاوازیەکە کەمیش بێت، هەبووە، بەڵام ئـەوەی کە گومانی تیادا نییە ئەوەیە هەموویان لە یەک سەرچاوەوە ئاویان خواردۆتەوە و شێوازی هەڵسوکەوت و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشەکاندا کەم تا زۆر یەکسان بووە. لێرەدا ئێمە زیاتر لەسەر شیکردنەوەی دوو خاڵدا هەڵوەستە دەکەین:

1) بزوتنەوەکان، حزبەکان و بیریارانی مارکسیست لە دەیەکانی دوایی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان، تا چ ڕادەیـەک ڕۆڵیان لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتگەری، هێنانەدی ئازادیە مەدەنییەکان و ڕێنوێنی ڕای گشتیدا هەبووە؟

2) دەزگای فکریی تیۆرەی ئەندێشمەندانی مارکسیست و حزبە چەپەکانی ئێمە تا چ ڕادەیەک هاوهەنگاو بوونە لەگەڵ گۆڕانە فیکرییەکان لەبوارە جیاجیاکانی زانست و پێشکەوتندا؟

ڕێگەبدەن سەرەتا لەسەر شیکردنەوەی پرسیاری دووەمدا ڕابوەستین. بە دڵنیاییەوە مارکسیستەکانی ئێمە درووست وەکو لینین بیرییان دەکردەوە کە بە گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانرێت سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتی، کلتوری و ئابورییەکان لە چاو هەڵێنانێکدا حەل و فەسڵ بکرێن. بۆیە هەموو بایەخدان و هەوڵەکانی خۆیان تەرخانی خەباتی سیاسی (چەکدارانە و هیتر) و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە بوارە جیاجیاکاندا کرد.

مارکسیزم لە کوردستاندا بزووتنەوەیەکی دژی بــۆرژوازی و ڕەتکەرەوەی دەسەڵاتی ئەو چینە یانی (ئاغا و شێخ) بوو. باشترین چەکیش بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەمان ئەندێشە و تێڕوانینەکانی لینین و ستالین

بوو، دەزگـای فکریی مارکسیزم لە کوردستاندا هەرگیز ئێبینی بوونی ئەندێشمەندانی وەک گرامشی، ئادۆرنۆ و مارکوزەی نەکرد. ئەو دەزگا فکرییە وەک هەموو مارکسیستە ئەرتەدۆکسەکان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تاکە رێگای رزگاربوون، بریتیە لە پەنابردنەبەر پرۆلیتاریا و بەس. بۆرژوازی و سەرمایەداری دوژمنی هەموو گەلان لە نێویاندا گەلی کوردیشە. زاراوە گەلی وەک چەوسانەوە، نا یەکسانی، چینی کرێکار، شۆڕش، وەرزێروپاخیبوون گرنگترین و دیارترینی چەمک و زاراوەکانی ئەدەبیاتی مارکسیستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بوون. بەم تەرزە وەک دەبینین زیاتر لە چەندین دەیەیە کە کەشوهەوای فکریی کۆمەڵگەی کوردستان، کەشوهەوایەکی دژی سەرمایەداری و دژی بۆرژوازیە. یانی باسکردنی زاراوەگەلی ئازادی ( ئازادیی تاکەکەسی، فکری، سێکسی و..هتد). سامان، پیشەسازی، رەخنەیفکری، کۆمەڵگەی کراوە، فرە کلتوری و هیتر، بە مانای داکۆکیکرد لە باڵادەستی و دەسەڵاتی سەرمایەداری و رەتکردنەوەی گەوهەری مرۆڤایەتی بووە. مارکسیزم بە دڵنیاییەوە، مەزنترین ئایدۆلۆژیای زاڵبووە لە زەمینەی فکریی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەیەکانی ئەم سەردەمەدا. هەموو ئەو چەمک و زاراوانەی کە ئەو ئایدۆلۆژیایە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادگەرانە و رزگاربوونی کرێکاران دایهێناون چەمکگەلێکی دژی مۆدێرنە بوونە. ئایدۆلۆژیای مارکسیزم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە کاتێکدا کە هیچ بایەخ و گرنگییێک بۆ گۆڕانکاریە فکریە جیهانییەکان تەنانەت لەناو خودی مارکسیزمیش دانانێت، توانیویە باڵادەستیی ئایدۆلۆژیی خۆی بەسەر کەشوهەوای فکریی کوردستاندا بپارێزێت.

ئەو ئایدۆلۆژیایە حزب و بیریارە مارکسیستیەکانی ئێمە خوازیاری کۆمەڵگەیەکن کە تیایدا گشت تاکەکانی کۆمەڵ وەکو کۆمەڵەی بچوک بچوکی

کۆن لە حاڵەتی دۆستایەتی، ئاشنایی و دڵسۆزیدا بژین. ئاگگەرایی مۆدێرن و ئازادیە تایبەتی و مەدەنییەکانی، ئایدۆلۆژیای ژەهراوی بۆرژوازین. ئێمە دەبێت لەسەر بنەمای پەیوەندیی نزیک و دڵسۆزانە و دەست لەناو دەستی یەکتر بۆ پێکەوەنانی کوردستانێکی سۆسیالیستی خەبات بکەین.

جیاکردنەوەی نێوان بواری تایبەتی و بواری گشتی ژەهری بۆرژوازیە.

بۆ بەرپاکردنی شۆڕش و گەیشتن بە رزگاربوون دەبێت واز لە داخوازیە تاکەکەسی و تایبەتییەکانی خۆمان بێنین. جگە لەوە، ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خۆمان، لە بێگانە دوور بکەوینەوەو دوژمنی هەمیشەیی خۆمان بناسین، ئەو دوژمنە هەمیشە لە کەمیندایە بۆمان. نابووتکردنی دوژمن بەندە بە هاودڵی و یەکبوون و هاوشێوەیی خۆمان.

ئێمە هەموومان هاوڕێی یەکترین کە دەبــێت چـاودێـری لە کاروچالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی یەکتر بکەین و رێگای چەوت و راست بە هاوڕێکانی خۆمان نیشانبدەین. ئەو پرسیارە هاتۆتە پێش کە ئایا دەزگای فکریی مارکسیزم و حزبە مارکسییەکان لە کوردستان بە کردەوە بۆتە رەتکەوەوەی دەسەڵاتگەری لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵ. ( یا لە دامەزراندنی دەوڵەت بگەڕێین) یان نا؟ بە بڕوای من وەڵامەکە (نە)یە، چونکە ئەو حزبانە بەشی هەرە گەورەی خەبات و هەوڵەکانی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی تەرخان کردووە، بۆیە بەکردەوە کۆمەڵگەی کوردستانیان بە دەستی هەمان هێزەکانی وردە- بۆرژوایی سپاردووە کە ئێستا لەژێر بەرگێکی تردا دامەزراوە نیمچە مەدەنییەکانیان لەژێر دەستدایە.

راستیەکەی ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی کراوە، ئازاد و جێگیر لەسەر بنەمای رەخنەکاریمان لەسەر ئاستە جیاجیاکان هەبێت، یەکێک لە رێگا چارەکان هەمان سوود وەرگرتنە لە دەزگای تیۆری فکریی مارکسیزمی

ئەوروپایی، بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتگەرێتی لەسەر ئاستی کۆمەڵ و ئینجا لەسەر ئاستی سیاسەتدا، بەڵام ئەوەش ڕاستێیکە کە ڕێگاچارەی دواتری ئێمە دابڕان لە ئایدۆلۆژیای ژەهراوی لینینیزمە کەوا ئێستا بنچینەیەکی گەورەی تێڕوانینەکانی حزبەکانی کوردستان پێک دێنێت. ئەو حزبانە کە پێیان وایە هەموو تێڕوانین و باوەڕەکانیتر لە کوردستان تێڕوانین و باوەڕگەلی کۆنەپەرستانەن خۆی لە خۆیدا بە باشترین گەواهیدەری دواکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەکی دەژمێردرێت. هەڵوەشانەوەی پارادیمی فکریی لینینیزم و دەربازبوونی بژاردە پلە یەکەکانی ئێمە لە ژێر هەژموونی گوتاری ئایدۆلۆژیی چەپ، یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی دەربازبوونی ئێمەیە لە ڕەوشتی ئانومیکی فکریی ئەمڕۆکە. گەڕانەوە بۆ خێڵ و زیندووکردنەوەی پەیوەندیە جێگیرەکان لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی لە دنیای تاکگەرایی مۆدێرن، شتێکی نامەیسەرە. حزبە مارکسیستی و ئیلیتەکانی ئێمە کە ئەو ڕەوشە فکریەی سەرەوەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە، کۆسپی سەرەکیی بەردەم بەدیهاتنی ئازادیە تاکەکەسییەکان و سەربەخۆیی بوارە تایبەتی و گشتییەکانی ژیانن و ئەگەر دەست بە ڕەخنەی نێوخۆیی خۆیان نەکەن، تا ئەو کاتەی کە بیانەوێت یان نا بە تەواوی لەبەریەک هەڵدەوشێنەوە، کۆسپی سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئێمە دەبن.

**سەرچاوە:**

هەفتەنامەی (ڕۆژهەڵات)

ژمارە دووەم 2003

*نوسەرێکی کوردە خوێندکاری دکتۆرای کۆمەڵناسیی نەزەری ,فەرهەنگی.

# ژیان وبەرهەمەکانی
# کارل مارکس

بابک ئەحمەد

لەفارسییەوە: خالید محەمەد زادە

بەرگی یەکەم

**کارو نوسینەکانی مارکس**

کارل هینریش مارکس ڕۆژی پێنجەمی مانگی مای ساڵی 1818ی زایینی لە شاری تریری سەربە ناوچەی موسل لەڕاین لندی پڕۆس لەدایکبوو. مارکس دوهەم منداڵە لە هەشت منداڵی هینریش مارکس و هنریت پسبۆرگ بوو. ئەوان بە ئایین جولەکە بوون، بنەچەیان دەگەڕایەوە سەر بنەماڵەی باوەڕداران و حاخامە بەناوبانگەکان. باوکی مارکس یاساناس بوو. کەسێک پێش لە دایکبوونی مارکس و بەهۆی پیشەکەیەوە مەزهەبی پرۆتستانی مەسیحی هەڵبژاردبوو. مارکس لەبنەماڵەیەکی مام ناوەندی و بە پەروەردەیەکی لیبڕاڵ گەورە ببوو. شاری تریرتا سێ ساڵ پێش لە دایکبوونی مارکس بەدەست فەرەنسییەکانەوە بوو (ئەوان ئێستاش بەم شارە دەڵێن (Treves) کە ئەندێشەی کۆماریخوازی و نوێگەرایی شوێن هەڵگربوو لە سەردەمی ڕۆشنگەرایی و تەنانەت باوەڕگەلی رادیکاڵیزمی سیاسی لەوێدا خوازیاری هەبووە باوکی مارکسیش لەگەڵ لیبڕاڵیزم هاوڕا بوو. ئەو نیشتمان پەروەرێکی لایەنگری ڤۆڵتربوو. هەرچەندە لە نامەکانیدا بۆچوونی موحافیزکاری دەبینرا. ئەو بەئاوات بوو کە کوڕەکەی وانەی ماف بخوێنێ و درێژە بەپیشەکەی ئەو بدا، بەڵام مارکسی گەنج خوازیاری فەلسەفە بوو. مارکس لە فەزایەکی فەرهەنگی کە بەرهەمەکانی: کانت، گوتە، رۆسۆو ئەدەبیاتی رۆمانتیک خوێنەریان هەبوو، درێژەی بە خوێندن دا.

دۆستی بنەماڵەکەیان واتە (بارون فون و ستفالن) وەک لایەنگری سۆسیالیستە ئارمانخوازەکان کاریگەری زۆری لەسەر مارکس هەبوو، دواتر لە ساڵی 1835 مارکس بەنهێنی حەلقەی دەزگیرانداری لەگەڵ کچەکەی بارون گۆڕیەوەو هەشت ساڵ دواتر واتە ساڵی 1843 زەماوەندیان کرد، تا دواساڵەکانی تەمەنیان بەڕێزو خۆشەویستیەوە پێکەوە ژیان. هەرچەندە لەدەیەی 1970 هەندێک لە لێکۆڵەرەوان نوسیبوویان کە (هیلنە دموث) بەخێوکەری منداڵەکانی مارکس لەساڵی 1851 بەهۆی مارکسەوە دووگیان بووەو کوڕێکی بەناوی فردریک لێی بووە، بەڵام ئەمڕۆ لێکۆڵەرەوان لەو بڕوایەدان کەئەم قسەیە ڕاست نییە، بەهەرحاڵ بەپێی ئەو بەڵگە زۆرانەی سەبارەت بەژیانی بنەماڵەیی مارکس بەقەڵەمی نزیکترین دۆست و ئاشناکانی مارکس و ژنەکەی لەبەر دەستدان جیا لەنەخۆشی رەوانی ژنەکەی مارکس و هاوسەرەکەی ژیانێکی عاشقانەیان بەسەربردوە. ئەوان خاوەنی 6 منداڵبوون کەتەنیا سێ کچیان بۆ مایەوە.

مارکس ساڵی 1835 دوای تێپەڕکردنی قۆناغی دواناوەندی لەزانکۆی بۆن وەرگیرا، بەڵام ساڵێک دواتر چووە بەرلین تا درێژە بەخوێندنی ماف بدا. ئەو لەوێدا سەرەڕای نارەزایەتی باوکی (باوکی 1838 کۆچی دوایی کرد) خوێندنی فەلسەفەی هەڵبژاردو زانکۆی تا وەرگرتنی پلەی دکتۆرا لە ساڵی 1841 درێژە پێدا. تێزی خوێندنەکەی تەرخانکردبوو بۆ «قەیرانی ئەندێشەی فەلسەفەی ئەرستۆ، بەشێوەیەکی تایبەت جیاوازی دیدی ماتریالیستی دمکریتوس، لەگەڵ دیدی ماتریالیستی ئبیکۆر سەبارەت بەسروشت» ئەم تێزە لەیەکەم بەرگی کۆمەڵە بەرهەمەکانی مارکسدا بڵاوکرایەوە مارکس لەساڵی 1837و لەسەردەمی خوێندکاریدا سەردانی(باشگای دکتۆرەکان) ی بەرلینی دەکردو لەوێ لەگەڵ لایەنگرانی هیگڵا ئاشنابوو، بەتایبەت لەگەڵ

برونو بوئیر، موس هس و ئارنوڵد روگه دۆستایەتی گرێدا، هیگڵییه لاوەکان لیبڕالیزمێکی نوێگەرابوون کە بەدیدێکی ڕەخنەگەرانەوە دەیان روانییه مەسیحیەت و مارکسیش ئەم ڕەخنانەی قبوڵ بوو. مارکس لەو ساڵانەدا بوو دەستی بە خوێندنەوەی ڕەخنە گەرانە لە فەلسەفەی هیگڵ بەتایبەت ئەندێشە سیاسیەکانی (سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی فەلسەفەی هیگڵ) گرنگترین نوسینی بوو کە سەرەڕای ئەو بایەخەی کە هەیبوو، بڵاوی نەکردەوەو سەد ساڵ دوای نوسینی لەچاپدرا، سـەرەڕای ڕەخنەی توندی مارکس لە هیگڵ، بەڵام لەسەرانسەری ژیانیدا هیچ بیرمەندێک هێندەی هیگڵ کارتێکەری لەسەر مارکسنەبوو. دیالەکتیکی هیگڵ و تەنانەت زۆر لەجەوهەری (دیاردە ناسی ڕۆح)ی هیگڵ، هەمیشە لەنوسینەکانی مارکسدا بەکاربراوە.

(ساڵی 1858 مارکس لێکۆڵینەوە ئابورییەکانی خۆی ڕاگرت تا بۆ جارێکی دیکە دەست بکات، بە خوێندنەوەی زانسی مەنتەقی هیگڵ) ڕەخنەکانی مارکسی لاو لە ناوبراو زۆرتر لەژێر کارتێکەری خوێندنەوەی بەرهەمەکانی فویرباخدا بوو. هەرچەندە دوو ساڵ دواتریش ئەندێشەو شێوازی کاری خودی فویرباخیشی زۆر بەتوندی دایە بەر ڕەخنە. مارکس بەر لە ئاشنابوونی بە فویرباخ، خۆی بەماتریالیست دەزانـێ دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ناوبراو باوەڕێکی تەواوی بەدیدگاو بۆچوونەکانی خۆی هێنا، لە دەرەنجامدا بەو ئاکامە گەیشت کە ماتریالیسی تاک ڕەهەندو تەسک بینی فویرباخ بەهۆی قەتیس مانەوەی لەناو ئورالسیم و لانە کردنەوەی لە مرۆڤی واقیعی و هەڵسوڕاو کۆمەڵایەتی لەبەرەو پێشچوونی بیرۆکەو کارکردی رادیکاڵدا بێ سوودە.

مارکس بەهۆی دیدگا ئازادو دژە دینیەکانی و بەتایبەتی بۆچوونە لیبراڵ رادیکاڵەکانی نێوبانگی پەیدا کرد. هەر بەم هۆیەوەبوو کە ئیزنی وانەوتنەوەی لەزانکۆدا پێنەدرا. ئەویش لەم کێشەیە زۆر نیگەران و پەشیمان نەبوو، چونکە ڕۆژنامەنوسی لە هەر کارێکی دیکەی لە جیهاندا پێ باشتر بوو، ساڵی 1843 لەشاری کۆڵن رۆژنامەی (Rneinische Zieitung) ی بەئاراستەیەکی توندی لیبراڵی و دژی پاشایەتی سەرەڕۆ بڵاوکردەوە. نوسینە توندەکانی ئەو هاوڕێیانەی بوو بەهۆی داخستنی رۆژنامەکە لەلایەن حوکمەتەوە، مارکسیش لەئۆکتۆبەری ساڵی 1843 وڵاتی بەجێهێشت و ڕووی لە پاریس کرد. پاریس لەو سەردەمەدا ببوو بەناوەندی سەرهەڵدانی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستیەکان. مارکس لە پاریسدا لەگەڵ ڕێکخراو گەلێ سیاسی و هەڵسوڕای تاراوگەنشینی ئەڵمانیدا هاوکاری دەکرد، لە هەمووی گرنگتر لەگەڵ بزوتنەوەی رادیکاڵی کرێکارانی فەرەنسە لەنزیکەوە ئاشنابوو. بۆ ماوەیەکیش رۆژنامەیDeutsch – Franzosischejahrbucher بەهاوکاری ئارنولد روگەو بەئومێدی بەستنی پەیوەندیەک لەنێوان سۆسیالیزمی رادیکاڵی فەرانسەیی بەتەئویلێکی نوێ لەهیگڵ گەرایی بڵاوکردەوە لەم رۆژنامەیەدا بوو کە (کێشەی جولەکەی لەوەڵامدانەوە بەبردنۆبوئیر بڵاوکردەوە وتارێک کەتێیدا هۆکانی بێ متمانەیی مارکس بە یەکسانی سیاسی و پێداگرتنی لەسەر نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە سیستمی سەرمایەداریدا هاتۆتەگۆڕێ. لە مانگی مای ساڵی 1844 یەکەم منداڵی کچ) لەدایک دەبێ کەناوی هاوسەرەکەی خۆی (یەنی) لێنا.

سێپتەمبەری هەمان ساڵ لەشاری پاریس مارکس لەگەڵ ئەنگڵسدا ئاشنا دەبێ: پیاوێکی گەنجی ئەڵمانی کە دوو ساڵ لە مارکس بچوکتربوو. ئەنگڵس لە 28 ی نواڤمبەری 1830 لەبارمەن چاوی بەدنیا هەڵهێنابوو.

کوڕی سەرمایەدارێکی بوو کە لەشاری مەنچەستێری ئەنگڵستاندا کارگەی بەرهەمهێنانی قوماشی هەبوو. ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە ئەنگڵس لەگەڵ بارودۆخی پرۆلتیاری ئەنگڵستاندا ئاشنایەتی پەیدا بکات، لەو پەیوەندیەدا دژە کردەوە پیشانبدات، یەک ساڵ دواتر ئەنگڵس کتێبێکی بەناوی (بارودۆخی چینی کرێکاری ئەنگڵستان) سەبارەت بەپرولیتاریای ئەنگڵست لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بڵاوکردەوە کە بەگرنگترین بەڵگە لەو پێوەندیەدا دەژمێردرێ. دۆستایەتی مارکس و ئەنگڵس کە لە ساڵی 1844 دەستی پێکردبوو تاکۆچی دوای مارکس درێژەی هەبوو، هەروەها بەهۆی هاندانەکانی ئەنگڵسەوە بوو، کە مارکس دەستی دایە خوێندنەوەی جیدی ئابوری سیاسی. ئەوان پێکەوە چەند بەرهەمێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە هەموویان بوون بەکۆمەڵێک بەرهەمی دانسقە لەکارنامەی مارکسدا، بەڵام یەک لەم بەرهەمانە زیاتر لەهەموویان دەنگی دایەوە ئەویش (مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)بوو. نامیلکەیەکی کورت کە بەگرنگترین تێزی سیاسی و بەرنامەی مێژوویی سۆسیالیزم نێودەبردرێ.

مارکس لەمانگەکانی نیشتەجێبوونی لەفەرەنسادا بەرهەمێکی بەناوی (دەروازەیەک بۆ خوێندنەوەی فەلسەفەی هیگڵ) نوسی کە تەرخانکرابوو، بۆ ڕەخنە لە هیگڵ و لەوکاتەشدا بڵاوکرایەوە. ئەم تێکستە کە لەبواری سەبک و شێوازی داڕشتنەوە زۆر جوان نوسرا بوو، بەیەکێک لەگرنگترین نوسینە سیاسیەکانی ناوبراو دەژمێردرێ کەلەودا بۆ یەکەمجار پرۆلیتاریاو شۆڕشی کرێکاری درا بوو. هەر ئەوکات دەستی دایە نوسینەوەی یادداشتەکانی تا لەژیاندا مابوو بڵاوینەکردەوە. ئەم نوسینانە بۆ یەکەمجار و پاش مردنی لەساڵی 1932 لە مۆسکۆ و بەرلین لە چاپدران کە ئەمڕۆ ئێمە ئەم یاداشتانە بەناوی: Okonomisch-Philosophic hemqnuskripte

واته (یاداشته ئابوری و فەلسەفیەکان)، یان (یادداشتەکانی 1844)و هەندێ جاریش بەناوی(یادداشتەکانی پاریس)دەیخوێنێتەوە. لەم نوسینانەدا تێگەیشتنێکی هیومانیسینی پاش کۆمۆنیست هاتۆتە گـۆڕێ و تێیدا کاریگەری فویرباخشی پێوە دیارەو کاکڵی یاداشتەکانیش دەرخەری ناکۆکی نێوان سروشتی نامۆی کار لەسەرمایەداریدا لەگەڵ کاری بەرهەمهێنەر لە کۆمۆنیستیدایە. لەم بەرهەمانەدا بۆ یەکەمجار یەکێتیەک لەنێوان سۆسیالیزم و ئەندێشەی سیاسی رادیکاڵی فەرەنسەیی و ئابوری سیاسی ئەنگڵس و فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی دەبینرێ کەدواتر ئەنگڵس وەک سێ بنەمای ئەندێشەی مارکسیم ناوی لێنا. لەچاپدانی (یادداشتەکانی1844)و بەتایبەت وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە ئەورپاییەکان لەدەیەییەکان لەدەیەی 1960 رەوتێکی نوێی لەتێگەیشتنی و تەئویلی ئەندێشەکانی مارکسدا پێکهێنا. مارکسێکی هیومانیستگەراو هزرڤانێک کە بەبوونی مرۆڤ و لەخۆ نامۆبوونی لەکۆمەڵگای مۆدێرندا سەرقاڵ بوو. جێگای مارکسێکی بیرمەند بەو شێوەیە کەلایەنگرانی دەیانناسی گرتەوە.

مارکس و ئەنگڵس کۆتاییەکانی ساڵی1844 کتێبێکیان دژی هیگڵییە لاوەکان بەناوی: Dieheilige Femilie یا(بنەماڵەی پیرۆز)نوسی. هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ پرودون و باکونین ئاشنا دەبێ. رێککەوتننامەیەکیشی لەگەڵ ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی، ئیمزاکردنی کتێبێک لە دوو بەرگدا بەناوی (هەڵسەنگاندنی سیاسەت و ئابوری سیاسی) بنوسێ، کە هیچ کاتێک نەنوسرا لەسەرەتای ساڵی 1845 مارکس بەهۆی جموجوڵی سیاسییەکانی لە فەرەنسا وەدەرنرا، فیوریەی هەمان ساڵ چووە برۆکسێل و بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوشارەدا مایەوە. ساڵی 1845 کتێبی (بنەمایەک بۆ رەخنە لە فویرباخ)نوسی کە بەسەرەتایەک لە گۆڕان لەئەندێشە فەلسەفی و

تیۆرییەکانی ئەو دەهاتە بەرچاو. ئەو لەو نوسینەدا نەتەنیا لەگەڵ سەبکی دیاریکەری ئەندێشەی فەلسەفی، بەڵکو لەگەڵ عەقڵی گشنگیری سیاسی کە پێیوابوو لایەنگری کێشەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەبێ ماڵئاوایی کرد. لەڕاستیدا ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆری کۆمەڵایەتی و رەخنەیی مارکس دەبێ. مارکس لە ژوئەنی هەمان ساڵدا لەگەڵ ئەنگڵسدا سەردانێکی کورت خایەنی بۆ ئەنگڵستان کرد کە لەوسەردەمەدا ئەنگڵستان پێشکەوتوترین وڵاتی سەرمایەداری بوو. ئەو لەو وڵاتەدا لەگەڵ جورج هانی و چارتیستەکان و هەڵسوڕاوانی (یەکێتی دادپەروەری) ئاشنا دەبێ کە گەڕایەوە برۆکسێل(لوڕا) کچی دوهەمی لەدایکببوو. هەرلەم شارەدا مارکس لێکۆڵینەوە بەربڵاوە مێژووییەکانی درێژە پێدا، بەهۆی هەوڵەکانی روانگەیەکی ماتریالیستی بۆ مێژوو پێشنیارکرد، لەگەڵ ئەنگڵس ئەم پێشنیارەی بەشێوەی رەخنەی زۆر توند رووبەرووی هیگڵییە لاوەکان و فویرباخی کردەوە. ئەم نوسینە کتێبێکی قەوارە گەورەی لێکەوتەوە، بەڵام بەهۆی شۆڕشی 1848 نەیانتوانی لەچاپی بدەن. دوای شۆڕش مارکس هاتە سەر ئەو بڕوایە کەدەبێ موتالا ئابورییەکانی تەواو بکاتْ، باشتر بتوانێ لەپێشنیارەکانی کتێب و لەو واقیعەدا لەڕوانگەی ماتریالیستی بۆ مێژوو داکۆکی بکاتْ، هەربۆیە لەبڵاوکردنەوەی کتێبەکە پەشیمان بۆوەو هەرچەندە ئەم کتێبە دواتر لە ساڵی 1933 لەمۆسکۆو بەرلینی بەناوی (Deutscheh Ideoiogie)یان (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)لەچاپ درا بەشییەکەمی کتێب بەدەلاقەیەکی باش بۆ تێگەیشتن لەزۆر دیدگای ناڕوونی ئەندێشەی مارکس دەزانرێ. هاوکاتْ لەگەڵ ئەم بەرهەمە تیۆرییە، مارکس دەمەقاڵە سیاسی و تیۆریەکانی لەگەڵ سۆسیالیستەکان درێژەی پێدەدا. گرنگترین ئەم موناقەشەو باسانە باڵێک بوو بەسەبکی هەمیشەیی مارکس پڕ لە توانج و کنایە دژی یەکێک لە هەڵکەوتوترین بیروزانی سۆسیالیستی

سەدەی نۆزدەیەم وانە پیرژوزف برودون بوو. کەدواتر بەزمانی فەرەنسی و لە کتێبێکدا بەناوی (Miseredelaphilosophie)یـان (هەژاری فەلسەفە) لەساڵی 1847 چاپکرا.

لەفیوریەی 1847 مارکس و ئەنگڵس بوون بەئەندامی گروپێکی چوار کەسی سۆسیالیستی بەناوی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان)و دواتر هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی مەرکەزی. ئەم گروپە کە لەکرێکاران و بیرمەندانی ئەڵمانی پێکهاتبوو دەفتەری ناوەندییان لەشاری لەندەن بوو بنەمای بەرنامەو ئامانجەکانیان کۆمۆنیستی بوو. مارکس و ئەنگڵس لەدواهەمین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەدا لە لەندەن بەشداربوون. لە کۆنفرانسێکدا کەپاییزی 1847 بەسترا یەکێتی کۆمۆنیستەکان مارکس و ئەنگڵسیان ڕاسپارد کە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی یەکێتیەکە بنووسن. ئەوان دەقەکەیان لەژێرناوی (Manifestder Kommunistischeh) یان (مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست) تاکۆتایی ساڵ ئامادەکردو چەند مانگ دواتر بەشێوەی نامیلکەیەک بەنرخێکی هەرزان بڵاوکردەوە ئەوە ئەو کاتە بوو کەبڵێسەکانی شۆڕشی 1848 تازە هەڵیسابوو. ئەم نامیلکەیە کەنوسەرەکانیان یەکیان 39 ساڵ و ئەوی دیان 37ساڵ تەمەنیان هەبوو بەگرنگترین بەڵگەی مێژوویی تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەژمێردرێ. لەبواری سەبکەوە شاکارێک بوو لەکورت بێژی شێوەی داڕشتنی بزوێنەرو لەهەمانکاتدا لەبواری تیۆریدا پڕ ناوەڕۆک و تازە. ئەم نامیلکەیە بەدواداچونێکی کورتە لەسەر هەڵدانی سەرمایەداری و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ چینی کرێکارو سەرهەڵدانی باوەڕ گەلی سیاسی لە نێو کرێکاران و داخوازیەکانیان، هەروەها بۆچی ناتوانن چوارچێوەی کۆمەڵگای بورژوازی قبوڵ بکەن یاریفۆرمی تێداپێک بێنن و بەچ هۆیەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕێگایاندایەو بۆچی و چۆن و لەچ ڕێگایەکەوە

ئەم شۆڕشە بناغەکانی کۆگایەکی کۆمۆنیستی دادەمەزرێنێ فەزای شۆڕشی 1848 ئارادەیەک ببوو بە لەمپەڕێک بۆ تێگەیشتن لەبایەخی مانیفێست. ئەم بەرنامەیە چەند دەیە دواتر بۆ سۆسیالیستەکان بایەخ و گرنگی خۆی هەبوو. بەبوونی ئەم رێزە ناوبانگێکی بۆ مارکس لەنێو پێشڕوانی بزوتنەوەی کرێکاری و ناوەندە ڕادیکاڵیەکانی ئەوروپا پێکهێناو زۆر لایەنگری لەوڵاتانی ئەوروپایی بۆ پەیدابوو. هەر لە سۆڤیەتەوە بگرە، تا ئیتاڵیا و فەرەنساو لەلهستانەوە تاشوێنی لە دایکبوونی ئەڵمانیا.

مارکس لەسەرەتای شۆڕش و لە مارسی1848 چووە پاریس و دواتر بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ کەوت. دیسان لەشاری کۆڵن رۆژنامەیەکی توندڕەوی شۆڕشگێڕی بەناوی (Nevekheinische Zeitung) بڵاوکردەوە. وتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر لەبڵاوکراوەکانی پێشوی مارکس دەخوێندرایەوەو لەناو توندوڕەوەکان ڕێزی لێ دەگیردرا. مارکس بەنوسینی نزیکەی 80 وتار لەم ڕۆژنامەیە هەنگاو بەهەنگاو شۆڕشی ئەوروپایی (1848)چاودێری دەکرد. هەر لە سەرکەوتنی خەڵکەوەو خیانەتی بورژواکان و پاشەکشەو سەرئەنجام شکست. ئەو لەئاپریلی 1849دا ئاخاوتنەکان 1848ی خۆ بەناوی(حەقی دەست،کار، سەرمایە) بڵاوکردەوە لە مای (1848)بـەرەو پاریس بەڕێ کەوت و سێ مانگ دواتر لە لەندەن نیشتە جێبوو. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە موحاکەمەی غیابی ناوبراو لەلایەن کۆنەپەرستی بەدەسەڵات گەیشتوو دەستی پێکردبوو. ئەو ژیانەی کە خودی مارکس ناوی نابوو (شەوی درێژو تاریکی کۆچ) بۆ مارکس دەستی پێکرد. ئەو تادوا ساتەکانی ژیانی لەئەنگڵستاندا مایەوە، جگەلە هەندێ سەفەری کورت خایەن لەو وڵاتە نەچووە دەرێ. مارکس دوا ساتەکانی تەمەنی و بەتایبەت یەکەم دەیەی نیشتەجێبوونی لە لەندەن بەهەژاری دەژیا، هەندێک لە نامەکانی مارکس

و ژنەکەی چیرۆکی خەمهێنەری برسێتی منداڵەکانیان و نەخۆشی و مەرگی فەرەنسییەکانی کچ یان دوو کوڕەکەی هاتووە. مارکس تەنانەت چەند حەوتوویەک لەماڵ نەچووەدەر، چونکە نەی دەویست بەجلوبەرگی دڕاوەوە سەردانی ئەو کتێبخانەیەی کە ڕۆژانە تێیدا کاری دەکرد بکات. بابەتی کارەکەشی لێکۆڵینەوەی بەبڵاوی ئابوری سیاسی مێژووی تیۆرییەکانی ئابوری و شیکاری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوو.

مارکس چەند ژمارەی تایبەت بە ئابوری سیاسی بۆ ڕۆژنامەی (Neue Rheiniscne Zeitung) لەهامبۆرگ بڵاوکردەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئابوریشی بۆ ئەم ڕۆژنامەیە نوسی. بەشێکی زۆری کاری فیکری مارکس تەرخان دەکرا، بۆ خوێندنەوەی ئابوری سیاسی، جگەلەوەش هەندێ جار بۆ ڕۆژنامەکان و ناوی تەحلیلی بارودۆخی سیاسی بۆ دەنوسی. یەکێک لەو ڕۆژنامانە ڕۆژنامەی (نیویۆرگ دیلی تربیون)بوو کە لە ئەمەریکادا بڵاودەکرایەوە. مارکس جارێکیش هاتە سەر ئەو باوەڕەی کەلەگەڵ بنەماڵەکەیدابەرەو ئەمەریکا کۆچ بکەن، دواتر تێگەیشت کە بارودۆخی کۆچبەرانی ئەڵمانی لەئەمەریکا تەنانەت شپرزەترە لە بارودۆخی ئەوان لە لەندەن. ساڵی 1851 کۆمەڵێک لەوتارەکانی مارکس لەئەڵمانیا بەهاوکاری هیرمان بکر چاپکرا. ئەنگلیش (شۆڕش و دژی شۆڕش)ی، لە ئەڵمانیا نوسی کە بە ناو مارکسەوە بڵاوکرایەوە. مارکس لە لەندەنەوە لەگەڵ هاوبیرە سیاسیەکانی لەئەوروپادا لە پەیوەندیدا بوو، نامە گۆڕینەوەیان لە نێوانیان هەبوو، لەگەڵ پارتیسەکان کە لەژێر گوشاری حکومەتدا بوون، لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئەنگلستان لەپێوەندی دابوو. زۆر کتێب وتاری سیاسی و مێژوویی سەبارەت بەشۆڕشی 1848ی فەرەنسا نوسی کە دوو کتێبیان ناوبانگی بەربڵاوی بەدەستهێنا کەبریتی بوون لە (1850تا1848 Dieklasseh

Kampfeih Frankreich.)یـان (خەباتی چینایەتی لەفەرەنسا) هەروەها کتێبی(Derachzehnte Brumairedes Louisbohaport)، یان(هەژدەهەمی بروسرلویی بنیاث 1852). مارکس سەرەتای ساڵی 1851 بەو ئاکامە گەیشث کەشۆڕشی 1848 کۆتایی پێهاتووە شۆڕشی نوێ تەنیا بەهۆی قەیرانی ئابوری نوێیەوە سەرهەڵدەدا. بنەماڵەی مارکس بەدرێژایی نیوەی یەکەمی دەیەی 1850 لەشوقەیەکی بچوکی دین ئینریث لەگەڕەکی سوهو ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەبرد. کە زۆر نەخۆشی مەترسی هێنەری تێدا تەشەنەی کردبوو. ئەمەش سەرەتای دژوارترین ساڵەکانی ژیانی بوو. هەرسێ منداڵەکەی مارکس لەو ساڵانەدا مردن. ئەو بڕە پارەیەی کە بەهۆی وتارەکانیەوە وەری دەگرث سەرچاوەی بژێوی بوو. تەنانەث هاوکاریە داراییەکانی ئەنگلسیش نە یدەتوانی بە بنەماڵەی منداڵداری ئەودا رابگاث. بۆیە هەمیشە قەرزداربوو ساڵی 1851(یەکێتی کۆمۆنیستەکان) هەڵوەشایەوەو مارکس لە ژیانی بەردەوامی سیاسی خۆی بۆ ماوەی 13ساڵی داهاتوو دابڕا، ساڵی1853 وتارێکی پڕنێوەڕۆکی بۆ پشتیوانی لە ئەندامانی یەکێتیەیەکە کەلە شاری کۆڵن موحاکمە دەکران نوسی.

لەژانویەی1855(ئەلئونور) کوڕی بچووکی مارکس لەدایکبوو. مارکس لەم پەیوەندییەدا نوسی: (ئەو وەک فریشتەیەک لەژیانی تاریکی مندا سەری هەڵدا). تەنانەث بۆ کۆچی دایکی ژنەکەشی میراتێکی ئەوتۆی پێنەبڕا. دواتر ماڵەکەیان لەدین ئیستریث بۆ شوقەیەکی باشتر لە (گرافتون تریس) گواسترایەوە. ساڵی 1869 ئەنگڵس دوای کۆچی باوکی هەموو مانگێک بڕە پارەیەکی بۆ مارکس دەناردو ئەویش ساڵی 1870بەرەو لەندەن کۆچی کرد. لەو ساڵە دژوارانـەدا کە ئەنگڵس کاری مارکسی لەگەڵ کاری کۆیلەکانی میسری باستان دەشوبهان، مارکس توانی لێکۆڵینەوە ئابوریەکانی درێژە

پێبدا. مارکس لەزستانی 1857تا 1858 نزیکەی( 800) لاپەڕەی نوسی ئەمە ئەو شاکارەی بوو کە لەماوەی ژیانیدا چاپ نەکراو مایەوە تا ساڵی 1941 کە ئێستا ئێمە ئەم کتێبە بەناوی (Grundrisse)، یان (بنەماکانی ڕەخنەی ئابوری سیاسی) دەناسین. ساڵی 1859 مارکس کتێبی دیکەی بەناوی (Zurkritihdr Politische Okonomie)، یان (سەرتایەک بۆ خوێندنەوەی ئابوری سیاسی) لەچاپدا. هەر لەو ساڵانەدا جۆن ئیستوراث میلناملیکەی (لەبارەی ئازادی) و چارلز داروین-ش (اصل انواع بنەمای چەشنەکان)ی بڵاوکردەوە. واتە هەر لەو ساڵەدا سێ کتێبی هەڵکەوتەی ئەندێشەی سەدەی نۆزدەیەم لەچاپدران. پێشەکی (سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی ئابوری سیاسی) مارکس گرنگترین کتێبی شێواز ناسی بوو. سەرەتای دەیەی 1860 مارکس سێ بەرگی گەورەی سەبارەث بە مێژووی تیۆرییەکانی ئابوری و ڕەخنە لە تیۆرییە جیاوازەکان نوسی. ئەمڕۆ ئێمە ئەم بەرهەمانەی بەناوی (Tneorienuber denmehrwert)، یان (تیۆرییە بایەخ هێنەرەکان 1863 1861)دەناسین.ئەمە ئەو ناوەی بوو کەکارل ئوتسکی لە سەر ئەم بەرهەمەی دانابوو. هەر ئەویش بوو کەبۆ یەکەم جار لەساڵی 1905 بڵاویکردەوە. هەرلەو ماوەیەدا مارکس 400 لاپەڕەی سەبارەث بەڕەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایە نوسی کە بەناوی (یاداشتەکانی 1863-1861)بڵاوکرانەوە، ئاپریلی1861 مارکس بەرەو هۆڵەندا بەڕێکەوث، پاشان بەناوی خوازیار خۆی گەیاندە ئەڵمانیا و لەوێدا لەگەڵ فردینانو لاسال ئاشنا بوو . لاساڵیش ساڵی دواتر خۆی گەیاندە لەندەن و دۆستایەتی کورث خایەنی دوو ڕێبەری کۆمۆنیستی دەستی پێکرد. نۆڤەمبری 1865 دایکی مارکس کۆچی دوایی کرد، مارکسیش بە پاسپۆڕتێکی ساختە خۆی گەیاندە تریرو چەند ڕۆژێک لەشاری لەدایکبوونی مایەوە. لەساڵی 1863 بەدواوە مارکس بەشی یەکەمی یاداشتە ئابورییەکانی بۆ

چاپ ئامادەکرد. ساڵی 1867 لە هامبۆرگ و لە ژێرناوی (Daskapital)، یان(سەرمایە)بەشی یەکەمی بڵاوکرایەوە. ناوی دووهەمی ئەم بەرهەمە (خوێندنەوەی ئابووری سیاسی)بوو کە لەسەر بەرگەکەیدا نوسرابوو بەرگی یەکەم. هەرچەند نوسینەکانی بەرگی دووەم و سێهەمیش لەساڵەکانی 1865و 1864 ئامادەی چاپکران، بەڵام پێی باشبوو پێدا چوونەوەیەکی بە سەردا بکاٹ، بۆیە لە چاپ دانیان هەمیشە دوادەکەوٹ، تا سەر ئەنجام پاش مەرگی مارکس و بە هاوکاری ئەنگڵس و ئەلئونوری کوڕی بڵاوکرانەوە. مارکس بۆ لەچاپدانی (سەرمایە) بەنهێنی خۆی گەیاندە هامبۆرگ لەماڵی دکتۆر کوگلمانی هاوڕێی مایەوە 16 ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی (سەرمایە)، کاتێک کە مارکس کۆچی دوایی کردبوو ئەم کتێبە لەناوەندە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوروپا دەنگی دایەوە بۆ چەندین زمانیش وەرگێڕدرا.(سەرمایە)هەمیشە وەک گرنگترین بەرهەمی مارکس ناسێندراوە. کاتێک کەئەم کتێبە بڵاوکرایەوە سەرمایەداری تەنیا لە چەند وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژئاوادا پێی گرتبوو لەجیهاندا، هێشتا شێوەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری لەجەرەیاندا بوو. مارکس ئەوکاٹ بەدڵنیاییەوە لەبەرەو پێشچوونی سەرمایەداری لەجیهاندا نوسی بووی، لەهەمانکاتدا مەترسیەکانی قازانج خۆری بەهۆی سەریەککەوتنی سەرمایەداری پێشاندابوو لەقەیرانی ڕوو لەزیادی بەرهەمی کۆیلایەتی دوابوو، کەدەڵێی ئەمڕۆیەو کەسێک ئەم خاڵانە لەکتێبێکدا باس دەکاٹ. جیا لە ناوەڕۆکی روون و ئاشکرای کتێب کە هاوکاٹ لەگەڵ تەئویلی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لێکدانەوەکانی مارکسیش گرنگن. بەتایبەٹ لەم ساڵانەی دوایدا سەرنجی فەیلەسوفانی شیکاری بۆلای خۆی ڕاکێشابوو.

مارکس لەدەیەی 1860دا سەرقاڵی یەکی دیکەی بۆ پەیدابوو. ئەو سێپتەمبەری 1864 لە دامەزراندنی ناسیۆنالیزمی یەکەم رۆڵێکی گرنگی

گێڕاو قورسایی زۆر کاری تیۆری و سیاسی ئەم ڕێکخراوەیە لەئەستۆی ئەودا بوو. ئەو بەڵگەنامەی کۆنگرەکان و بەرنامەی شورای گشتی ڕێکخراوەکەی دەنوسی، لە ئاخاوتنە تیۆری و سیاسییە ناوخۆییەکان و بەتایبەت دژی ئانارشیتەکان زۆر هەڵسوڕا بوو، بۆ نمونە یەکێک لە لێدوانەکانی کە ساڵی 1865 ئامادەی کردبوو گۆڕێ بەناوی (بایەخی نرخ و قازانج) کەنوسراوەیەکی کورت بوو، بەڵام دەقیق بوو کە کورتکراوەی ڕوانگەی مارکس بوو سەبارەت بنەماکانی ئابوری بۆرژوازی. نوسینێکی دیکەی ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل بوو سەبارەت بەکارکردنی یەکێتییە کرێکارییەکان. ساڵی 1873 کە کۆنەپەرستی ئەوروپایی پاش شکستی کۆمۆنەی پاریس هێرشێکی بەردەوامی دژ بەڕێکخراوە کرێکارییەکان دەستپێکرد دەفتەری مەرکەزی ناسیۆنالی یەکەم گواسترایەوە بۆ نیۆرک کە ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ دارمانی گرنگترین ڕووداوی سیاسی لە ماوەی تێکۆشانی ناسیۆنالی یەکەمدا، کۆمۆنەی پاریس بوو کە مارکس پشتیوانی لێکرد مارکس سێ ڕاپۆرتی جیاواز لەیەکی بۆ ناسیۆنالی یەکەم لەپەیوەندی لەگەڵ کۆمۆنەی پاریس نوسی کە سێیەمین ڕاپۆرتی بەناوی ڕاپۆرت سەبارەت بەشەڕی ناوخۆیی فەڕەنسا (1871)بڵاوکرایەوە، ئەم ڕاپۆرتە پشتیوانییەکی شۆڕشگێڕانە بوو لەئامانج و تێکۆشانەکانی کۆمۆنەی پاریس.

**سەرچاوە**

مارکس وسیاسەتی مۆدێرن

بابک: ئەحمەدی لاپەڕە(13–21)

# کارل مارکس

رامین جهانبگلو

لەفارسییەوە: خێڵان هەورامی

مارکس بیرمەندێکی مێژووییە، بەمانایەکی تری ژیان و بەرهەمەکانی مارکس پەیوەستە بەمێژووی جیهانەوە، بۆ تێگەیشتن لەمارکس پێویستە تێگەیشتنێکی دروستمان بۆ هەلومەرجی سەدەی نۆزدەهەم، هەلومەرجی سەرمایەداری، ئیستعمارو وەرگۆڕانە ئایدۆلۆژییەکانی ئەو سەردەمە هەبێت. مارکس هێشتا ڕۆڵێکی بەرجەستەی هەیە.

ئەو لایەنی کەم لەم سـەردەمـەدا، رۆحـی ڕووداوە مەزنەکانی وەک بەرزبوونەوەو شکستی سۆشیالیزم، جەنگی ساردو بزوتنەوە دژ بە ئیستعمارییەکانە لەجیهانی سێیەمدا.

پیاوە مێژووییەکانی وەک لینین، ستالین، ترۆتسکی، گرامشی، ماو، کاسترۆ و زۆرێکیتر، پشتیان بە ئەو بەستووە. بەشێکی گرنگی مێژووی رۆشنگەری سەدەی بیستەم، لە بارەی مارکسەوە فۆرمەڵەبووە. بیرمەندانی وەک ژان پۆڵ سارتەر، لۆکاچ و ئەندامانی خوێندنگەی فرانکفۆرت لەژێرکاریگەری مارکسدا بوون. هونەرمەندە مەزنەکانی وەک پیکاسۆ، نوسەرە بەناوبانگەکانی وەک گۆرکی، نمایشنامەنوسەکانی وەک برتۆڵت برێخت و شاعیرانی وەک لوسی ئەراگۆن، پۆڵ ئالوار، پابلۆ نیرۆدا لە کەنار هزرەکانی ئەودا پەروەردەبوون. مارکس بیرمەندێکی فرە بواریی بوو.،بەڵام زۆرترین بواری هزرەکانی ئەو بریتییە لە تیۆرە سۆسیۆلۆجی، تیۆرە ئابوریی‌و فەلسەفەو مێژووییەکان.

مارکس نوسەرێکی پڕکاربوو و بەرهەمگەلێکی تەواوی لەدوای خۆی جێهێشتو وتارگەلێکی فراوانی لەرۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بەچاپ گەیاند. سەرەڕای فرەچەشنی بابەتەکان لەبەرهەمەکانی ئەودا، ناوبراو سەردەمە جیاوازەکانی مێژووشی خستبووە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

لە دابەشبەندی ژیان و بەرهەمەکانی مارکس ڕێککەوتنێکی گشتیانە هەیە، کە ئەو بە دوو سەردەم دابنێن: سەردەمی یەکەم، بەسەردەمی لاوێتی مارکس ناسراوە و پێکهاتووە لە بەرهەمەکانی ئەو لە ساڵانی (1841 و 1848). لەم سەردەمەدا، وتارگەلێکی کورتو یاخود کۆمەڵە توێژینەوەیەکی وەک «پێشەکییەک بۆ ڕەخنەی فەلسەفەی هیگڵا» و «مەسەلەی جولەکە» بەرچاودەکەوێت. بەرهەمە گرنگترەکانی ئەو سەردەمەی، لەڕیزیاندا «خێزانی پیرۆز» و «هەژاری فەلسەفە» و «دەستنوسە ئابوریو فەلسەفییەکان»، هەروەها بەرهەمێکی زۆر گرنگی وەک «ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی» و گرنگترین بەرهەمە کورتەکانی مارکس واتا «مانفێستی پارتی کۆمۆنیست»ن.

مارکس لەسەردەمی دووەمی ژیانی خۆیدا، دوو بەرهەمی زۆر گرنگ، واتا «سەرنجێک بۆ ڕەخنەی ئابوری سیاسی» و شاکارێکی وەک «سەرمایە»ی بەرهەمهێناوە.

مارکس، بەر لەهەرشتێک کۆمەڵناس و ئابوریزانی سیستەمی سەرمایەدارییە. ئەو هیچ پرۆژەیەکی ڕۆشنی لەبارەی ئەوەی کە سیستەمی سۆشیالیستی دەبێ چلۆن بێت، پێشکەش نەکرد و لەگەڵا ئەوەشدا دووپاتی دەکردەوە کە مرۆڤ ناتوانێت ئاگای لەئاینده بێت. بەڵام دروست یا نادروست، هزرەکانی مارکس کۆبەند و بەڵگەیەکی گرنگە لەبواری فەلسەفە، ئابوریو سۆسیۆلۆجیو مێژوودا.

واقیعیەتێکی سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە لەسەدەی بیستەمدا، زیاتر لەیەک ملیارد کەس لە دانیشتوانی جیهان ڕوویانکردە دەستورێکی بیرکردنەوە، کە بە مارکسیزم ناودەبرا. دوای شۆرشی ڕوسیا لەساڵی 1917، جەمسەربەندی بیروباوەڕەکان بەجۆرێک بوو کە بەکردەوە هەرکەسێک مارکسیانە بیری نەکردایەتەوە، بەدژە مارکس دەژمێردرا، لە کۆتایی جەنگی سارد بوو لێکدانەوەی نوێ بۆ مارکسیزم خرایەڕوو، کە تێ دەکۆشان هەم هەڵەکان و هەم دەستکەوتەکانی ئەو ڕۆشن بکەنەوە، بەبێ ئەوەی بتێکیان لە مارکس داتاشیبێت.

مارکس لە نۆزدە ساڵیدا، لەنامەیەکدا کە بەمێژووی «10ی نۆڤەمبەری 1837» بۆ باوکی نوسیوە، ئەوی خستەبەردەم یەکەمین لێکدانەوەی فەلسەفی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵدا.

لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیەدا وادێتە بەرچاو کە تەنانەت ئەو لەم تەمەنە کەمەدا، گەیشتۆتە پەی بردن بە فەلسەفەی هیگڵ. مارکس لەفەلسەفەی هیگڵدا ئامرازێکی بەهێزی بۆ گۆڕینی واقیعیەتە بەردەوامەکان دەبینی، ئارەزومەندی مارکس بۆ فیورباخیش بەهەمان شێوەبوو.

هزرەکانی فیورباخ زەمینەسازی تێگەیشتنو وەدیهێنانی فەلسەفەن. بەگوتەی فیۆرباخ لەفەلسەفەی تیۆریدا، لە سپینۆزاوە تا هیگڵ، هەوڵ دەدرێت کە مرۆڤ لەو نامۆبوونە ئاشکرایەی ئایین ئازادبکەن. ئەم خاڵە لەگەڵ دیدگای گشتی ئەو بۆ ئایین وەک پرۆژەیەکی خواستە مرۆییەکان کە لە ڕووخسارێکی وەک خوداوەندا ڕەنگدەداتەوە و وێنادەبێت، گونجاوە. بەپێی تێڕوانینی فیۆرباخ، مرۆڤی ئایینی مرۆڤێکی لەخود نامۆیە. فیۆرباخ لەم خاڵەوە دەست بەگەشەی فەلسەفەی ماتریالیستی خۆی دەکات، کە هەڵگێڕانەوەی فەلسەفەی هیگڵە. ئەو (بابەت)ی نەرێتی لە فەلسەفەی

ئایدیالیستی‌و داسەپێنراوی نەریتیدا، واتا مرۆڤی جێگۆڕکێ‌و ئەم داسەپاوییەی بۆ (بابەت) گۆڕیوە. ئەم ڕێبازی جێگۆڕکێیە لەڕێبازی فەلسەفی فیۆرباخ، بۆتەمایەی خستنەڕووی پرۆژەی خاڵی دەستپێکی تەواو نوێ لە فەلسەفەدا، لەسەر بنەمای هەڵگێڕانەوەی فەلسەفەی هیگڵییە. مارکس لەژێر کاریگەری ئەم ڕێبازی هەڵگێڕانەوەیەدا، لەبازنەی فەلسەفەی سیاسیدا بەکاریدەهێنێت و لەدیدی فیۆرباخیەوە، دەست بەتەواوکردنی ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ دەکات، ئەم ڕەخنەیە شیکردنەوە گەلێکە لەبارەی خواستەکانی هیگڵ لە لاپەرەکانی (261 تا 313) ی کتێبی «پرەنسیپی مافی هیگڵ».

مارکس هەم چەمکەکان‌و سیستەمی گشتی فەلسەفەی هیگڵ قبوڵ دەکات و هەم ڕەخنە و ڕێبازی جێگۆڕکێی فیورباخ قبوڵ دەکات، مارکس چەمگ گەلێکی وەک کۆمەڵگای مەدەنی و یا هەژار قبوڵ دەکات، ئەوانە بەهەمان شێوەی کە لەسیستەمی فەلسەفی هیگڵدا خراونەتەڕوو: بەکاردەهێنێت، بەڵام ئەوان دەخاتە پەیوەندیی‌و بۆنە شۆڕشگێڕییەکانەوە لەگەڵ دەوڵەتدا، لە تیۆری هیگڵ دەوڵەت واخراوەتەڕوو کە دەکرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕۆڵەکەیان ڕێکخستووە؛ لێی بدوێین. لەئەنجامدا، تاکەکەس لە فەلسەفەی هیگڵیدا تەنها دوای فۆرمەڵەبوونی دەوڵەت بوونی دەبێت، بەوشێوەیەی کە دەکرێ دەوڵەت‌و تاکەکەس بەشێوەیەکی جیاواز بخرێنە بەرباسەوە.

مارکس دەیخاتەڕوو کە تاکەکەس ناتوانێت لەڕووی چەمکەوە لەبوارە کۆمەڵایەتییەکەی جیابکرێتەوە. بەپێی تێڕوانینی مارکس، هیگڵ تەنها تایبەتمەندییە زەینییەکانی لە تاکە کەسدا دۆزیوەتەوەو ماناکان‌و ڕەهەندەکانی تری ئەوی نەدۆزیوەتەوە. لەم ڕووەوە دەوڵەتی سیاسی بەوردی یەکێکە لەجۆر، یاخود شێوەکانی بوونی تاکی مرۆیی.

لەدیدی مارکسەوە، هیگڵ کۆمەڵگای مەدەنی وەک فەزایەکی ماتریالیستی ئابوری و مەعنەوییەتی دەوڵەت بینیوە. نامۆبوونی مرۆڤ، پەیامی ئەم جۆرە دوو دەستەکردنەی ژیانی نێوان دوو فەزا ناوبراوەکەیە. لەدیدگای مارکسەوە، ناوەندە سیاسییەکان سەرەڕای بانگەشەکانی خۆیان لەسەر بنەمای بەجیهانی بوونو گشتی بوون، تەنها داپۆشەری بەرژەوەندییە تایبەتیو تاکڕەوییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە. مارکس لەم خاڵی تێڕوانینەوە، دوو ئەنجامی لێ هەڵدەهێنجێت:

1-جیاکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنیو دەوڵەت لەلای هیگڵ، دەرکەوتەیەکی مێژووییە کە لەساتێکی دەستنیشانکراودا ڕووی داوە.

2- لەبەرئەوەی هیگڵ لەفاکتەرە مێژووییەکان بێ ئاگایە ئاگای لەم کارە نییە، کە هەنوکە دژیەکی لەنێوان فەزای سیاسی و فەزای تایبەتی کەسەکاندا، جێگاکەی ئەوی گرتۆتەوە.

دادوەریکردنی مارکس دەربارەی هزری هیگڵ، لەڕاستیدا کۆبەندی تێڕوانینەکانی ئەوە دەربارەی ئەزموونە مێژووییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە. لەوێدا کە لەدیدگای مارکسدا چەمکی هیگڵ بۆ دەوڵەتی مۆدێرن بەشێوەی واقیعییەتێکی سەرەو ژێرکراو خراوەتەڕوو، جارێکی تر پێویستە ئەم چەمکە بەڕێبازی جێگۆڕکێی فیورباخی سەرەو ژێربکرێت.

ناواخنی کۆمەڵایەتی ئەم شۆڕشە جێگۆڕکێییە، لەم گریمانەیەدا حەشاردراوە کە کۆمەڵگای مرۆیی گوزارەیەکی دەستنیشانکراو نییە، بەڵکو ئەنجامو دەرئەنجامی کاری مرۆییە، چونکە کۆمەڵگا ڕۆڵی هەڵگری هەیە، پاشان بوونی بابەتێکی مرۆیی کارا پێویست دەکات. ئەوەی کە پێشتر لەقەڵەمڕەوی زەڕوورەتدا بوو، ئێستا بۆتە ناوەندێکی ئازادی. ئەم شۆڕشە دەریدەخات کە مرۆڤ وچالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو هاوتان. بەپێی

تێڕوانینی مارکس، مرۆڤ گشتییەتو کۆبەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەتی. لەم ڕووەوە کۆمەڵگای ئازادکراو بەوردی هەمان خودی ئازادکراوە.

مارکس ئەم (خود)ە بە (جەوهەری کۆمۆنیستی) ناودەبات. لە دیدگای ئەوەوە، کۆمەڵگای مەدەنی مۆدێرن لەسەربنەمای تاکگەراییە، بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

کۆمەڵگای مەدەنی هاوچەرخ لەدیدی بەرزونزمی مۆدێلە بە کۆمەڵایەتی کراوەکەی مرۆڤەوە دەیخاتەڕوو. بەم پێیە ئێمە پێویستە بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا زاڵ بین. کۆمەڵگایەک کە بتوانێت بەسەر ئەم جیاوازیانەدا زاڵ بێت، لە تێڕوانینی مارکسەوە (دیموکراسییەکی ڕاستەقینە) یە. بەتێڕوانینی مارکس، دیموکراسی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی کۆمەڵگادا پێکدێنەوە کە تیایدا ئیتر تاکەکەس لەبەرامبەر کۆمەڵگادا دانانرێت. دیموکراسی ڕاستەقینە لەوێدایە کە لەنێوان مرۆڤو ستراکتوری سیاسیدا جیاوازی و نامۆبوونی تیادا نییە، دیموکراسی ڕاستەقینە بەمانای لەناوچوونی جیاوازییە چینایەتیو هەژارییەکانە. ئامانجی دەوڵەت پێویستە وابێت. ئامانجی کۆمەڵگای مەدەنی وەک فەزایەکی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیش بەهەمان شێوەیە. مارکس لەم بوارەدا جەخت دەکاتەوە کە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا، مرۆڤ بۆ دوو کەسی جیاکراوە دابەشدەکرێت. یەکێکیان هاوڵاتی و ئەویتریان بۆرژواز. لە چوارچێوەی دەوڵەتدا مرۆڤ لەسەر بنەمای پێوەرە گشتییەکان دەژیو لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا گریمانەکە ئەمەیە کە ئەو لەسەرپایەی پێداویستییەکانو بەرژەوەندییە تاکڕەوییەکانی خۆی ڕەفتاردەکات.

لەم ڕووەوە مارکس دەپرسێت: لە چ هەلومەرجێکدا ئەم دژیەکییە دێنەئارا؟ تاکەکان پێویستە بتوانن لەکاردا، بەهەمان شێوەی کە وەک

هاوڵاتییەک کاردەکەن، لەسەرئاستی گشتی کۆمەڵگاشدا بەشداربن. بەم شێوەیە بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی ڕاستەقینە، ئازادییە بە سیستەمە سیاسییە سنوردارکراوەکان لە کۆمەڵگاکانی مۆدێرندا پێویستە بگۆڕدرێ، بۆ ژیانی بەرجەستەی ئابوری مرۆڤەکان. لەم مانایەوە ڕۆڵی کار زۆر بنچینەییە. مرۆڤ لەبنەڕەتدا بوونەوەرێکە کە کاردەکات، ئەگەر لەهەلومەرجی نامرۆیدا کاربکات، لەمرۆڤایەتی بەدوورەو لەخود نامۆدەبێت.

لە تێڕوانینی مارکسەوە، مرۆڤ لەسیستەمی سەرمایەداریدا، لەخود نامۆیەو ڕەگی هەموو لەخود نامۆبوونەکان، لە خود نامۆبوونی ئابورییە، بەڵام لە خود نامۆبوونی ئابوری بەچ مانایەکە؟

1- یەکەمین شێوەی لەخود نامۆبوون، پەیوەندیدارە بەخاوەندارێتی تایبەتییەوە.

2- شێوەی دووەمی لەخود نامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕ.

3- ڕەخنەی مارکس لە ئابوریی سەرمایەداری، لەهەمانکاتدا ڕەخنەیەکی ئاکاری و فەلسەفییە لە هەلومەرجێکی داسەپێنراو بەسەر مرۆڤدا لەلایەن سەرمایەدارییەوە.

لە تێڕوانینی مارکسەوە، شیکردنەوەی ڕەوتی پێگەیشتنی سەرمایەداری، شیکردنەوەی پرۆسەی پێگەیشتنی مرۆڤ و کرۆکی مرۆڤە لەڕەوتی مێژوودا. دەکرێ هەموو هزرە بنچینەییەکانی مارکس لە بواری لێکدانەوەی مێژوودا، لە حەوت بابەتدا پوختەبکرێنەوە:

1- یەکەمین هزری بنەڕەتی مارکس ئەوەیە کە مرۆڤەکان لەو بۆنە دیاریکراوانەوە دێنە ئاراوە کە سەربەخۆیە لەئیرادەی ئەوان. لەم ڕووەوە، بەتێڕوانینی مارکس دەتوانرێ لە ڕێگەی شیکردنەوەی وزە بەرهەم هاتووەکانی وەرگۆڕانە مێژووییەکانی مرۆڤەوە، ڕەتبکرێنەوە.

2- لەهەر کۆمەڵگایەدا دەتوانرێ ژێرخان و سەرخانیش لێک جیابکرێنەوە. ژێرخان بریتییە لەوزە بەرهەم هاتوو بۆ نەبەرهەمهاتووەکان، سەرخان بریتییە لەناوەندە سیاسی، کلتوری و مافییەکان.

3- سازوکاری وەرگۆڕانی مێژوویی گوزارشتە لە دژیەکی نێوان وزە بەرهەمهاتووەکانو پەیوەندییە بەرهەمهاتووەکان.

4- مارکس لەم دژیەکییەدا ناوی تێکۆشانی چینایەتیش دەهێنێت. تێکۆشانی چینایەتی لەنێوان ئەو فۆرم گەلانەی کە مرۆڤەکان لە دژایەتی نێوان وزەکانو پەیوەندییە بەرهەم هاتووەکانەوە دەیان ناسێت، ڕۆڵێکی زۆری هەیە. تێکۆشانی چینایەتی بابەتی سەرەکی(مانفێستی کۆمۆنیستی) ی مارکسە. بەپێی تێڕوانینی ئەو سەرتاپای مێژوو، مێژووی تێکۆشانی چینایەتییە. هەموو کۆمەڵگاکان بۆ ئەو چینانە دابەشدەکرێن کە لەگەڵ یەکتردا لەدژایەتیدان. لەم ڕوووە کۆمەڵگای سەرمایەداری مۆدێرن شتێکی جیانییە، لە کۆمەڵگاکانی پێش خۆی و لەم بارەیەوە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەواندا نییە، بەڵام چینی دەسەڵاتدارو سودکێش لە کۆمەڵگای مۆدێرن واتا بۆرژوازی، خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە بەند نییە بەڕابردووەوە. بۆرژوازی بەبێ گۆڕانی بنچینەیی پایەدارو هەمیشەیی لەئامرازی بەرهەمهێناندا، ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێتو پیادەی بکات. سیستەمی سەرمایەداری دەتوانێ ڕێکخراو و زیاتر لەپێشوو بەرهەم بهێنێت، بەڵام سەرەرای ئەم زیادبوونە زیادەیە لە ساماندا، هەژاریی بۆ بەشە زۆرینەکەی جەماوەر دەهێڵێتەوە. ئەم دژیەکییە لەکۆتایدا دەبێتەمایەی قەیرانێکی شۆڕشیو پرۆلیتاریا کە زۆرینەی خەڵک لەخۆدەگرێت، بۆ چینێک دەگۆڕدرێنو بەشێوەیەی گشتییەتێکی کۆمەڵایەتی، هەلی دەستگەیشتن بەدەسەڵاتو گۆڕانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات، شۆڕشی پرۆلیتاریا بەپشیتوانیو بەشداریی

زۆرینە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هەمواندا پێکدێت. لەم ڕووەوە، شۆڕشی پڕۆلیتاریایی نیشانەی لەناوچوونی چینەکانو نیاچوونی تایبەتمەندی دوژمنایەتی باری کۆمەڵگای سەرمایەدارییە. مارکس لە گرنگی پڕۆلیتاریادا، تایبەتمەندی بەدیهاتنی کۆتایی بەجیهانیبوون دەبینێو گرنگییەکی تایبەتیو پەیامێکی مێژوویی بۆ پرۆلیتاریا دادەنێت. بەپێی تێڕوانینی مارکس، تێکۆشانی چینایەتی ڕووی لەسادەبوونە. لەم ڕووەوە گروپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕووەو بەجەمسەربوون دەڕۆن. هەندێ لەدەوری بۆرژوازی و هەندێکیش لەدەوروبەری پرۆلیتاریا کۆدەبنەوەو وەرگۆڕانی وزەی بەرهەم هاتوو، سازوکاری بزوتنەوەو وەرگۆڕانی مێژوویی دروست دەکات.

5- لە تێڕوانینی مارکسەوە، دیالەکتیکی وزە بەرهەمهاتووەکان نیشاندرەی تیۆری شۆڕشە. لەم گۆشەنیگا مێژووییەوە، شۆڕشەکان تەنها ڕووداوگەلێکی سیاسی نین، بەڵکو نیشاندەری زەڕووڕەتێکی مێژوویشن.

6- مارکس لە لێکدانەوە مێژووییەکەی خۆیدا، هۆشمەندی بەواقیعییەتێکی کۆمەڵایەتی دانانێت. ئەمە هۆشمەندیی مرۆڤەکان نییە کە واقیعییەت رۆشندەکاتەوە، بەڵکو واقیعییەتێکی کۆمەڵایەتییە کە هۆشمەندی ئەوان دەستنیشان دەکات.

7- مارکس لەسەربنەمای سیستەمە ئابورییەکان، قۆناغە جۆربەجۆرەکان لەمێژوویی مرۆییدا ناودەبات. ئەو شێوە بەرهەمهێنانە جۆر بە جۆرەکانیش لێک جیادەکاتەوە: وەک شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، شێوەی بەرهەمهێنانی کۆن، فیوداڵیزمو بۆرژوازی. شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، فیوداڵیو بۆرژوازی لەمێژووی خۆرئاوادا ڕوویانداوە. تایبەتمەندی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆن سیستەمی کۆیلایەتیو تایبەتمەندی شێوەی بەرهەمهێنانی فیوداڵی سیستەمی ئاغاو نۆکەرایەتیو تایبەتمەندی شێوەی

بەرهەمهێنانی بۆرژوازی سیستەمی زێدەباییە. هەرشێوەی بەرهەم هێنانێک خاوەنی ستراکتوری چینایەتی دیاریکراو و تایبەت بەخۆیەتی. بۆ نمونە، فیودالیزم خاوەنی ستراکتورێکی پێکهاتوو لە شا، کڵێساو جوتیارانە. سەرمایەداری پێکهاتووە لە خاوەن زەوییە گەورەکان، بـۆرژوازی، وردە بۆرژوازی، پرۆلیتاریاو لیمپن پرۆلیتاریایە. دیدگای گشتی مارکس ئەوەیە کە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، قۆناغێکی زەرووریيە بۆ شارێی وەرگـۆڕان بـەرەو سۆشیالیزم. مارکس لەنێوان دیدگای خۆیو دیدگای هاوچەرخەکانی بۆ سۆشیالیزم، جیاوازییەکی زۆری پێ پەسەندە. سۆشیالیزمی مارکس بەپێچەوانەی سۆشیالیزمە یۆتۆپیاییەکانەوە، لەسەرپایەی واقیعییەتە کردەییەکانی مێژوو و تێکۆشانی چینی کرێکار بنیاتنراوە. بەپێچەوانەی تیۆری پرۆدۆن، لەدیدگای مارکسەوە شۆڕش تەنها ئۆرگانیزەکردنی کرێکاران نییە، لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەپێچەوانەی تێڕوانینی لوبی جوڵانەوەیە کە ڕوودانی شۆڕش بەبوونی دەستەیەکی بچوک لەشۆڕشگێڕەکان بەوەدی هاتوو دادەنێت. مارکس ئەگەری ڕوودانی شۆڕش تەنها لەڕێگەی ئۆرگانیزەکردنی چینی کرێکارەوەی دادەنێت. لەم ڕووەوە هەنگاوی یەکەم لەلای مارکس بۆ بەدیهێنانی شۆڕش، دەسەڵاتدانە بەپرۆلیتاریا لەپلەی چینی دەسەڵاتداردا. دەوڵەت لەڕۆڵی ئامرازی دەستی چینی سەرمایەدار ڕزگاری دەبێت، دەبێتە ڕێکخراوی چینی پرۆلیتاریا.

ئەم دیدگایە، مارکس بەرەو باس دەربارەی کۆمۆنیزم کێش دەکات. مارکس دەڵێت: (کۆمۆنیزم شایستەی بیناکردنەوەی مێژووە و خۆی دەزانێت کە کلیلی کردنەوەی ئەوە). لەتێڕوانینی مارکسەوە، کۆمۆنیزم ڕێگاچارەی دژایەتی نێوان مرۆڤو سروشت و مرۆڤ ومرۆڤە. مارکس کۆمۆنیزم دەخاتە بەرامبەر گوزارشتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵەوە.

هەروەها، لەتێڕوانینی ئەوەوە کۆمۆنیزم فاکتەری بەمیللی کردنی زەوییەکانو چڕکردنەوەیەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. ئەم پرۆسەیە دەبێتەهۆکاری هاوبەشی کۆششەکانی مرۆڤە ئازادەکانو بۆنەکانی نێوانیان سادەو شەفاف دەبێت. مرۆڤ لەتەنگانە پشکایەتییەکانو تاکایەتییەکاندا ڕزگاری دەبێت. پێویستی بەپارەش نابێت، بەڵام مارکس بەشەکانی ڕوون نەکردۆتەوەو دیاری نەکردووە کە کێ بەرپرسیار دەبێتو چ مەسەلەیەک لەپەیکەری هێزدا دەردەکەوێتو ...هتد. ئەوەی مارکس بەشێوەی گشتی دەیڵێت، لەڕاستیدا ئەوەیە کە لەنێوان کۆمەڵگای سەرمایەداریو کۆمۆنیستیدا، سەردەمێک بۆ تێپەڕبوونی شۆڕشێک لەسەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم هەیە.

هەماهەنگ لەگەڵ ئەم قۆناغەدا، سەردەمێکی تێپەڕبوونی سیاسی هەیە کە تیایدا، دەوڵەت ڕۆڵی دیکتاتۆری شۆڕشی پرۆلیتاریا دەگێڕێت.

مارکس لەتیۆری یانزدەهەمی خۆیدا دەربارەی فیۆرباخ ڕایدەگەیەنێت کە:(فەیلەسوفان تەنها جیهانیان لەدیدگای جیاوازەوە لێکداتەوە، بەڵام ئێستا کاتی گۆڕینییەتی). مارکس نکۆڵی لەفەلسەفە ناکات، بەڵکو دەیەوێت فەلسەفەیەکی پراکتیکی پێشکەش بکات، کە بۆ دروستکردنی گۆڕان لە جیهاندا کاریگەرو سودمەند بێت. گۆڕانە فکریو کۆمەڵایەتییەکان هاوکاتی یەکترن. مارکس دەڵێت: (فەلسەفە ناتوانێت بەبێ ڕەچاوکردنی پرۆلیتاریا، خۆی بەدیبهێنێت. پرۆلیتاریاش ناتوانێ بەدیهێنەر بێت مەگەر ئەوەی کە فەلسەفە پەیو بەدیبهێنێت). لەم ڕووەوە یانزدەهەمین تیۆری مارکس دەربارەی تیۆری فیورباخ تەنها گۆشەنیگایەک نییە، بۆ گۆڕینی کارێکی تیۆریی ڕووت بۆ (جیهانی واقیعی). مارکس فەیلەسوفەو زۆر بەباشی دەزانێت کە بەبێ چەمکە ڕووتەکان، لە بنەڕەتدا جیهانی واقیعی بوونی نابێت، بەڵام ئەو لە فەلسەفەدا گومانی هەیە، چونکە بەپێچەوانەی

ئایدیالیستە ئەڵمانییەکان بەو جۆرە بیرناکاتەوە کە هۆشمەندی، بونیادی واقیعییەتە. لەتێڕوانینی مارکسەوە هرزو هۆشمەندی لەسەرەتادا، ئاوێتەن لەگەڵ چالاکییە ماددییەکاندا. (هۆشمەندی هیچ شتێک نییە، مەگەر ژیانی هۆشمەندانە). لە تێڕوانینی مارکسەوە ئێمە کاتێک مرۆیین کە ئازادانەو هۆشمەندانە بەرهەم بهێنین. ئەو ئازادی بەجۆرە زیادبوونێکی داهێنەرانەی ئەو شتگەلانەدا دەزانێت کە لەتێڕوانینی ماتریالەوە بنچینەیی‌و زەڕووڕین. مارکس لەنوسینەکانی خۆیدا وا دەریدەخات کە: (ئەگەر مەسەلە تیۆرییە گرنگەکان ڕەگیان لە دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت، دواتر چارەسەریان تەنها لە ڕێگەی سیاسییەوە بەدیدێت‌و نەک فەلسەفی).

مارکس وەک بیرمەندێکی مێژوویی، هەوڵدەدات ناوەندە مرۆییەکان لە دەستی نەمریی پوچی میتافیزیک ڕزگاربکات. لە تێڕوانینی ئەوەوە ئەوەی بەشێوەی مێژوویی داهێنراوە، دەتوانرێ بەشێوەی مێژوویش بگۆڕدرێت و بگۆڕدرێن، بەڵام ئەو خۆی جۆرە خودگەرایەکی ئەرستۆییشە، چونکە لەوبڕوایەدایە کە گەوهەری مرۆڤ بوونی هەیەو کۆمەڵگایەکی دروست پێویستە بەوشێوەیەبێت کە ئەم گەوهەرە، بتوانێت تیایدا سەرهەڵبدات‌و دەربکەوێت. لەتێڕوانینی مارکسەوە، ئێمە کاتێک مرۆیین کە بتوانین لە تایبەتمەندییە جۆرییەکانی خۆمان لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا هاوبەشی بکەین. تاکی مرۆیی‌و ژیانی جۆریی مرۆیی دوو شتی جیاوجیاکراوە نین لەیەکتر. هەنوکە لەکۆمەڵگای چینایەتی، تاکەکەس ناچارە لایەنی کەمی تاراستەکانی خۆی کە بریتییە لەدۆزینەوەی بوونییەتی جۆریی ئەوە، بگۆڕدرێ بۆ ئامرازێک لەپێناو مانەوەی ماتریالدا. مارکس کۆمەڵگایەک کە بەکردەوە دەبێتەمایەی ئـەوەی مرۆڤەکان بگۆڕدرێن بۆ یەکەگەلێکی بێ ریشەو مامەڵەپێکراو ڕەتدەکاتەوە، بەواتایەکی تر مارکس دەیەوێت بەربە گۆڕانی

مرۆڤەکان بۆ بەهایەکی ئاڵوێرکراو بگرێت، چونکە لەسەرمایەداریدا، هەموو شتەکان بۆ ئاستی کاڵا دادەبەزن.

ئامانجی سۆشیالیزم باشترکردنەوەی ئەم لێکدابڕانەی نێوان فۆرمی سیاسیو ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییە. مارکس خوازیاری لەناوچوونی ئاڵوێری کاڵاییە لە بواری ئابوریدا. لەم ڕووەوە ئەو لەبیری (لەناوبردنی کاڵیی)دایە لە کەسێتی مرۆڤدا.

ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیی مارکسی ڕیشەکەی لەچەمکێکی زۆر فراوانتر لەچەمکی کاردا هەیەو دەکرێ بڵێین، کە لەپەیوەندی لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا، سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئاڵۆزتر دەبێت، کاریش بەناچاریی تایبەتمەندتر دەبێت. مارکس ئەم دەرکەوتەیە بەدابەشکردنی کار ناودەبات. دابەشکردنی کار لەڕاستیدا نمونەیەکی تری جیاکردنەوەیە لە چینی کۆمەڵایەتی نێوان تاک و گشتدا.

لەدیدگای مارکسەوە، لە کۆمەڵگای چینایەتیدا شتگەلە بەرهەم هاتووەکان لەلایەن ئەو کەمینەیەی کە ئامرازی بەرهەمهێنانیان لەبەردەستدایە یا چاودێری دەکەن دەستنیشان دەکرێت.

مارکس دەڵێت بەهۆی هەمان هۆکارەوەیە کرێکار لەکاتێکدا کە کار ناکات، خۆی لەماڵەوە دەدۆزێتەوەو کاتێک کە کاردەکات ئەو هەستەی نییە، لەخود نامۆبوونی کرێکار نەک تەنها بەو مانایەیە کە کاری ئەو گۆڕدراوە بۆ شتێک، بەڵکو جیادەبێتەوەو لەو و نامۆیە بەئەویش. لەم ڕووەوە، سەرمایەداریی دنیایەکە کە بابەتو خود وەرگۆڕدراوە. جێگایەکە کە تاکەکەس دیلی بەرهەمەکەیەتیو چارەنوسەکەی وابەستەیە بە دروستکراوەکەی خودی ئەوەوە. ئەم پرۆسەیە، کە تیایدا، جێگەی زیندووەکانو مردووەکان لەگەڵ یەکتردا جێگۆڕکێ کراوە، بەتایبەتی لەشێوەی کاڵای جیهانی واتە دراو،

ڕووییەکی ئاشکراو بەرجەستە بە خۆوەدەگرێت. (هەتا دراوی من هێزی زیاتری هەبێت، من بەهێزترو دەوڵەمەند ترم). مارکس دەڵێت: (دراو ئابرووچوونێکی جیهانییە)، کە لەپێناو ئەودا هەموو مرۆڤەکانو هەموو ئاستە سروشتییەکان لەگەڵ یەکتردا دەستەویەخەی یەکتردەبن، لە تێڕوانینی مارکسەوە هێزی دراو دەکەوێتە دەستی ئەو چینەی سەرمایەدار، چونکە ئەوە ئەوانن کە ئامڕازی بەرهەمهێنانیان لەژێر دەسەڵاتو کۆنتڕۆڵدایە.

لەم ڕووەوە، ئەگەر ئامرازی بەرهەمهێنان ببێتە خاوەندارییەتێکی سۆشیالیستی و هەموویان بخاتەژێر دەسەڵاتو کۆنتڕۆڵەوە چینەکان خۆیان لەناودەچن، ئەگەر پڕۆلیتاریا دواچینی مێژوویی بێت، لەو ڕووەوە دوای شۆڕش دژبە سەرمایەداری، ئیتر چینێکی تر بوونی نابێت. لەکۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، ئێمە لەسەهۆڵبەندانی چینی کۆمەڵایەتی ڕزگاردەبین و. فرسەتمان هەیە کە کەسێتییەکانمان پەروەردەبکەین، بەڵام بەهەرحاڵ شۆڕشی سۆشیالیستی نوێنەرێکی دەوێتو ئەم نوێنەرە پرۆلیتارییایە.

سەرنج: ئەم بابەتە یەکێکە لەو وانەگوتارانەی رامین جەهانبەگلو، کە لە نێوان ساڵانی (1999–2001) لەزانکۆی تۆرنتۆ پێشکەشی کردووە.

***سەرچاوە:**

– حاکمیتو ازادی، نوسینده رامین جهانبگلو , چاپ اول 1383

فصل دهم، ص (179–191).

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە كریشنا مۆرتی | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سكیۆلاریزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەكری ئیسلامییەكانی كوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | كتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێكانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |